www.pertwk.com

حکومەتی هەرێمی کوردستان

**وەزارەتی رۆشنبیری**

**بەڕێوەبەرێتی خانەی وەرگێڕان**

زنجیرە : ( 1 )

# شا ئیسماعیلی یەکەم

# و

# جەنگی چاڵدێران

**لێکۆڵینەوەی : هاشم حیجازی فەر**

**وەرگێڕانی : کەمال رەشید شەریف**

www.pertwk.com




- ناوی کتێب : شائیسماعیلی یەکەم و جەنگی چاڵدێران
- سەرچاوەکەی: شاه اسماعیل اول وجنگ چالدران
- نوسەرەکەی : هاشم حیجازی فەر
- وەرگێڕلە فارسیەوە : کەمال رەشید شەریف
- کۆمپیوتەر : ژیڤان محمد یاسین
- لەچاپدانی : وەزارەتی رۆشنبیری/ خانەی وەرگێران
- ژمارەی سپاردنی وەزارەتی ڕۆشنبیری: (          )
- چاپکردنی: چاپخانەو ئۆفسێتی تیشك
- چاپـــی : یەکەم /2002 سلێمانی
- تـــیراژ : 3000 دانە

www.pertwk.com

# نـــــــاوەرۆك

ناونیشان
لاپەڕە
پێشەكی وەرگێڕ
پێشەكی نوسەر
بەشی یەكەم: زەمینەو هەلومەرجی سیاسیەكانی پێش هاتنەسەركاری شائیسماعیل.
بەشی دووەم: هاتنەسەركاری شائیســــــماعیل
بەشی سێهەم: جەنگی چاڵدێران و شائیسماعیل
سەرچاوەكان:

www.pertwk.com



# پێشەکی وەرگێڕ

جەنگی چالّدێران وەك روداوێكی جیهانی بایەخی خۆی هەیە ، چونكە لەوكاتەدا زۆر فاكتەر رۆڵی كاریگەریان لەهەڵگیرساندنیدا بینی ، لەوانە :

1. زلهێزەكانی ئەوكاتەی ئەوروپا ، ئیسپانیا ، پورتوگال و فەڕەنسا نیگەران بوون بەرامبەر بە هێزی رولەزیادی دەوڵەتی عوسمانی و بەهەڕەشە بۆسەر رەوتی بازرگانی خۆیان لەگەڵ رۆژهەلاّت دادەنا ، لەو سۆنگەیەوە هەوڵی بەهێزكردنی ئێرانیان دەدا تا ببێتە سوپەرێك بەرامبەر ئەومەترسی یە .

2. جیاوازیی بۆچوونی مەزهەبی ، ناكۆكی نێوان جیهانبینی سوننـــەو جیهانبینی شیـــعە، لەو رووەوە عوسمانی سوننـــەو سەفەویی شیـــعە هەریەكەو خۆی بەخەلیفـــەی رەوای موسڵمانان دادەنا و دژایەتی رەوتەكەی تری دەكرد. .

3. ســـیاســـەتی فراوانخـــوازی عوســـمانی یەكان لەئاكامی پتەوتربوونی پایەوبەهێزبوونیان لەرووی ئابووری وسەربازی یەوە .

4. بەڵام گرنگی جەنگەکە بۆ کوردستان لەوەوەیە کە چاڵدێران بەدەسپێکی قۆناغی دابەشکردنی کوردستان دادەنرێ و پاش داگیرکردنی باکووری کوردستان و پاشتر باشووری کوردستان لەلایەن عوسمانییەکانەوە وایکرد دابەشکردنی کوردستان لەنێوان ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ودەوڵەتیئێراندا ببێتە ئەمری واقع و بسەپێ ، تا سەرەنجام لەمیانەی جەنگی یەکەمی جیهاندا بۆ چەندبەشێك دابەشکرا ، کەتائەمڕۆش پێوەیدیارە.

ئەگەرچی ناوەرۆکی ئەم کتێبە زیاتر پیاهەڵدانە بەکەسایەتی شائیسماعیل و رۆڵی شا لە پەرەپێدانی مەزهەبی شیعەدا ، بەڵام دیسانەوە چەندین لایەنی نادیاری لەسەربارودۆخی کوردستان و جەنگەکەش خستۆتەروو، کەدەکرێ لەئایندەدا توێژینەوەیان لەسەربکرێ . هەروەها لەبەرئەوەی تائیستا لەکتێبخانەی کوردیدا کتێبێکی سەربەخۆ لەبارەی جەنگی چاڵدێرانەوە بەرچاو ناکەوێ ، وەرگێڕانی ئەم سەرچاوەیەم بە پێویست زانی و هیوادارم کەلێنێك لە کتێبخانەی کوردیدا پڕبکاتەوە .

وةرطيَر
سليَمانى
2001/9/1

www.pertwk.com



# پێشەکی نوسەر

ئیسماعیلی سەفەوی قارەمانی مێژوومان ، پاش بەسەربردنی رۆژانی منداڵی لەزیندان ، دورخستنەوە ، راکردن وبەدی کردنی دەسەڵاتی بیانی لەوڵات وناکۆکییە نەژادی ونەتەوەییەکان ، لەتەمەنی 13 ساڵیدا توانی بناغەی حکومەتێکی سەربەخۆو بەهێز داڕێژێ. رەوتەکە هێندە خێرا بەرەو پێشەوەدەچوو ، تاوایلێهات شائیسماعیل بووبەیەکێ لەبەهێزترین فەرمانڕەواکانی رۆژگاری خۆی و ، پاش هێنانەدی یەکێتی سیاسی و نەتەوەیی ومەزهەبی لەئێرانی بەتاڵان براودا ، خۆیگەیاندە ریزی هاوچەرخەکانی خۆی وتوانی لەسەرجەم جەنگە ناوخۆیی ودەرەکییەکاندا سەرکەوتن بەدەست بهێنێ .

لەدرێژەی هەنگاوە سیاسی و سەربازییەکانیدا، شائیسماعیل چەندین کاری نەمری لەبوارە مەزهەبییەکانیشدا ئەنجام دا، کەیەکێکیان بریتیبوو لەئاشکراکردن و دانانی رستەی: " أشهد أن علياً ولي الله" لەبانگدان داوئەوهەنگاوە لەوکاتەوە تائەمڕۆ درێژەی هەیەو لەوڵات دا دەنگ دەداتەوە .

سەرباری هەنگاوە کاریگەرو سەرکەوتووەکانی لەبوارە جیاجیاکاندا ، کەچی شکست لەجەنگی چاڵدێراندا ، شائیسماعیل ئەوقارەمانە کەم وێنەیەی دوچاری گۆشەگیریکرد . لەوجەنگەدا دەوڵەتی عوسمانی بە 200 هەزار چەکدارو کەلوپەلیجەنگی تەواو وبەکارهێنانی پێشکەوتوترین چەکی ئەورۆژە ، واتە تۆپ وتفەنگ و ...... دزەی کردە ناوخاکی ئێران و دیاربەکری داگیرکردو لەدەشتی چاڵدێران دا هێزەکانی خۆی بۆ پەلاماردانی ئێران سازدا .

www.pertwk.com



**لەکاتێکدا شائیسماعیل ئاگای لەبەرپابوونی جەنگ نەبوو وخۆی بۆ سەردان چووبووە سنە ، بەبیستنی هەواڵی پەلامارەکەی دوژمن ، دەستی لەوسەردانە هەڵگرت و پاش ئامادەکردنی هێزێکی 27هەزارکەسی ، خۆیگەیاندە مەیدانەکانی جەنگ ، لەبەرئەوەی هاوسەنگی هێزوکەلوپەلی جەنگی لەئارادا نەبوو ، شائیسماعیل پاش گەیاندنی زەبری گورچکبڕ بەهێزەکانی دوژمن و پەلاماری بروسك ئاسا بۆسەر تۆپخانەیدوژمن و تێکشکاندنیسەرجەم تۆپ و شەمخالەکان[1] و سوتاندنی باروت وتارومارکردنی هێزی پشتیوانی ، هەروەها پاش لەدەستدانیبەشێکی گەورەی هێزەکانی بەناچاری بەنزیکەی (1500 ) سەربازەوە پاشەکشەیکرد .**

**سەیرلەوەدایە حکومەتی روسیا لوولەتۆپێك کەبەتەورزینی شائیسماعیل دوولەت کرابوو ، بۆچەندین ساڵ لەمەیدانی تەفلیس دا نمایشی کرد، کەخۆی لەخۆیدا نیشانەی ورەوئیرادەی میللەتێکی بەتواناو قارەمانێکی بەهێزە .**

**پاش تێکشکانی هێزەکەی لەجەنگی چاڵدێران دا ، کەیەکەمین شکستی سەفەوییەکان بوو ، شائیسماعیل هەم لەرووی سیاسییەوەو هەم لەرووی کەسایەتییەوە گۆشەگیری هەڵبژارد ، جەنگی چاڵدێران بەخاڵێکی وەرچەرخان لەمێژووی سەربازی و سیاسی ئێران دا دادەنرێ ، چونکە جەنگەکە یەکەمین روبەڕوبوونەوەی راستەوخۆی سوپای ئێران بوو بەرامبەر بەچەکی گەرمی ئاگردار. لەراستیدا شکستی ئێرانییەکان و شائیسماعیلییەکەم ، سەرباری هەمووئەوگیان فیداکارییەی کردیان ، دەبێ وەك روبەڕوبوونەوەی دووشێواز وهەڵکەوت وتوانای سەربازی وچەکسازی لێیبکۆڵرێتەوە .**

**بێگومان نەبەردی چاڵدێران حەماسەیەکە لەرەوتی جەنگەکانی ئێران دژبە هێزی بیانی ولەوجەنگەدا بەداخەوە دلاوەری ولەخۆبردوویی ئێرانییەکان وەك پێویست باس**



[1]: شەمخال : چەکێکی ئاگرینە ، لەکۆندا باوبووە ." وەرگێڕ " .

**نەکراوە . لەراستیدا ئامانجی بنەڕەتی نوسین لەسەر ئەو رووداوە ،نیشاندانی بەشێکی مێژووی ئێرانە ، کەکەمتربایەخی پێدراوە .**

**جەنگی چاڵدێران بەڵگەیەکی تری ئەوقسەیەیە کەتێکەڵاوی مەزهەبی شیعە ونەتەوە پەرستیئێرانییەکان هەمیشە رووداو وپێشهاتی سەیری لەمێژووی ئێراندا هێناوەتەدی . پێکهێنانی دەوڵەتی سەفەوی و هاتنەدی یەکپارچەیی سیاسی و مەزهەبی بەرخۆدان بەرامبەر دووهێزی عوسمانییەکان لەرۆژاواو رۆژهەڵاتەوە ئۆزبەکەکان لە رۆژهەڵاتەوە ( کەسونەمەزهەب بوون ) هەروەها هێنانەدی دەسکەوتی گەورەی مەزهەبیوهونەریوئابووریو .....هتد ئەوبۆچوونانە دەسەلمێنن .**

**زۆربەی مێژونووسان پێکهێنانی دەوڵەتی سەفەوی بەخاڵێکی وەرچەرخانی بزاڤەسیاسی مەزهەبییەکانیشیعە لەقەڵەم دەدەن و نووسەر لەوباوەڕەدایە کەیەکێ لە هەستیارترین برگەکانی ئەو رەوتە[2] ، بزاڤیبەربڵاویخەڵکی ئێرانە لەچوارچێوەیشۆڕشیئیسلامیدا .**

**لەکۆتاییدا ، لەدڵەوە سوپاسی لوتف وخۆشەویستیی لێکۆڵیاری پایەبەرزو زانای داناو مامۆستای مێژوویئێران بەرێز دکتور رەزوانی دەکەم کەتەمەنی پڕبەرەکەتیخۆی بۆ لێکۆڵینەوەونووسینەوەی لایەنەتاریکەکانی مێژووی ئێران خەرج کردووە، بێ لەوە لەرووی خۆشەویستی وستاییشەوە پێشەکییان بۆئەم کتێبە نووسیوە[3] .**

نووسەر

[2]: نووسەر رێزوپایەی سەرجەم ئەوشەهیدە ئازیزانە ، کەلەوبزاڤەداو لەپێناوبەرزراگرتنی وشەیحەقدا عاشقانە چوونەژوانیخودا، بەرزرادەگرێو لاوەکان رادەسپێرێ تائەوجۆرە شانازییە میللی ونەتەوەییانەیان هەمیشەلەبەرچاوبێ .

[3]: بە پێویست نەزانرا پێشەکییەکەی محەمەد ئیسماعیل رەزوانی وەربگێردرێ . (وەرگێڕ) .

www.pertwk.com



# فەسڵی یەکەم

## زەمینە و هەلومەرجەسیاسیەکانی پێش هاتنەسەرکاری شائیسماعیل

www.pertwk.com



# قەرەقۆینلو

حکومەتی تەیموری لەرۆژاوای ئێران بەهۆی شەڕی براکوژیو ململانێی ناوخۆیی بنەماڵەی تەیموری، واتە ململانێی نێوان کوڕان وکوڕەزاکانیەوە هێندەدرێژەی نەکێشا . هەروەها پەرەسەندن ودەسەڵات پەیداکردنیتورکمانەکان هێندە ئەوحکومەتەیلاوازکرد ، تاوایلێهات مل بۆجێنشینانی تەیمور نەدەن. بەناوبانگترین هۆزی تورکمانەکان بریتیبوو لە قەرەقۆینلویەکان کەقەرەیوسفی کوڕیقەرەمحەمەدی نەوەی بیرەمخواجە، کەباوك و دایکی لەدەرباری پاشاکانی جەلایری (ئیلکانی) داژیابوون ، سەرۆکایەتی دەکردن. ساڵی 809یھ.ق قەرەیوسف پەلاماریئازەربێجانیداو داگیریکردو ژمارەیەك لەشارەکانی عیراقی عەجەمیشی خستەسەرناوچەکانیخۆی .

پاش کوژرانی سوڵتانی جەلایری لەساڵی 813 ی ھ.ق دا قەرەیوسف زۆرجەنگی سەرکەوتووی ئەنجام داو عیراقی عەرەبیشی خستەژێردەسەڵاتی خۆیەوە .

قەرەیوسف سەرەتا چاویبڕیە ناوچەی بنەماڵەی ئاق قۆینلو ودیاربەکری داگیرکردو کچی سەعیدمەلك شەمسەدینی فەرمانڕەوای ئەخلاتی لەخۆ مارەکرد .میرزا ئەبوبەکری کوڕیمیرانشای دەسەڵاتداری تەورێزو نەوەیتەیمور هەرکەبیستی قەرەیوسف دیاربەکری داگیرکردووە، یەکسەر تەورێزی چۆڵ کردو قەرەیوسف بیٚجەنگ و خوێن رشتن چووەناوشارەکەوەو کردیە پایتەختی خۆی



، بەڵام لەنزیك تەورێز تووشی شەڕێکی سەخت بوو لەگەڵ جەمالەدین میرانشای کوڕیتەیمورومیرزا ئەبوبەکری کوڕیدا ، لەوشەڕەدا میرانشا کوژراو ئەبوبەکر بەرەو گورگان رایکردو بەوجۆرە تەواویئازەربێجان کەوتە ژێردەسەڵاتی قەرەقۆینلۆوە . هەروەها قەرەیوسف دژی تایفەی جەلایری جەنگی بەرپاکردو کوڕەکەی ئەحمەدیجەلایری دەسگیرکردو باوکیشی ساڵی 813 ی ھ.ق جارێکیتر لەشکریکردە سەرهەمەدان و تەورێز ، بەڵام تێکشکاوکوژرا .

www.pertwk.com

پـــــاش ئەوســــــەركەوتنانە قەرەیوســــــف محەمەدشـــــــای‌كوڕی‌خۆی كردەفەرمانڕەوای‌بەغـــــــــداو ســـــــــاوەو قەزوینیشـــــــی خستەســـــــەر موڵكەكانی‌قەرەیوسف خـــــۆی.

قەرەیوسف 6 كوڕی‌هەبوو : پیربـــــداق، ئەسكەندەر ، جیهانشا ، شامحەمەد، ئەسـپان وئەبوســەعید . سـاڵی 823 ی ھ.ق قەرەیوسـف خۆی‌بۆجـەنگ لـەدژی شاروخی تەیموری لەخوراسان ئامادەكرد بەڵام ئەجەل مۆڵەتی نـەداو مـرد .پاش مردنـی قەرەیوسـف ، یەكسـەر پیربـوداقیش مـردو ئەسـكەندەر جێگـای بـاوكی گرتـەوەو چـەندین جـار دژی شـاروخ جـەنگا ، بـەڵام لەبەرئـەوەی شـاروخ بەشـەڕ هیچـی‌بەهیچ نـەكرد، وای‌بـەباش زانـی[1] جیهانشـای كوڕەكـەی‌تری قەرەیوسـف، كەحەزی لەئەسكەندەر نەدەكرد ، دژی هان بدا .

ئەوپیلانـە سـەری‌گرت و سـاڵی841 ی ھ.ق ئەسـكەندەر بەدەستی قوبادی‌كوڕی كوژرا وجیهانشا كەشیعەیەكی توندڕۆ بوو ، بووبەفەرمانڕەوا .

ساڵی 850 ی ھ.ق شاروخی كوڕی تەیمـور مردو جیهانشا توانی سنووری حكومەتەكەی فراوان بكاو پاش كوژرانی محەمەد بەهاد لەساڵی 855



ی ھ.ق دا، جیهانشـا ناوچـەكانی ئەویشـی لـەفارس وكرمـان و عیراقی‌عەجـەم وشـــوێنەكانی‌تری ئێـــران تادەگاتـــە سەرســـنووری خوراســـان خستەســـەر فەرمانڕەوایی خۆی . ساڵی 862 ی ك.م جیهانشا پـەلاماری هیراتـی‌داو لـەهیرات تـەختی تـەیموری‌داگیركرد . لەوكاتـەدا حەسـەنعەلی‌ی كـوڕی ، لـەماوەی نـەبوونی بـاوكی‌دا لەتـەورێز لەسـەرتەخت دانیشـت، بـەڵام بـاوكی پـاش ماوەیـەكی كـورت

[1]:حسین مدرسی‌طباطبایي، فرمانهای‌تركمانان قراقوینلو وآق قوینلو، حكمت، دی‌ماه 1352 ل23 .

هیراتی بەجێهێشت و هاتـەوە تـەورێز وپـاش پێكـدادانێك كوڕەكـەی خۆی‌دەسـگیر كردو خستییە زیندانەوە .

بەبۆچوونی مێژونووسان حەسەنعەلی ماوەی 25 ساڵ لەزیندان دا مایەوە .ساڵی 871 ی ھ.ق جیهانشا هێرشی كردەسەر ناوەندی لەشكرەكەی ئۆزۆن حەسەن و تا ئەرمەنستان پێشڕەوی كرد بەڵام ساڵی 872 ی ھ.ق گرفتاری دەستی ئۆزۆن حەسەن بوو وكوژرا[2] . پاش كوژرانی باوكی ، حەسەنعەلی لەزیندان هاتە دەرەوە و لەسەر ڕەزامەندی ئەبوسەعید تەیموری چووەسەر تەخت ، بەڵام پاش ماوەیەكی كەم بەدەست ئۆزۆن حەسەن شكستی خواردو دەستی‌كردە ئاژاوەگێڕان لەشارەكانی ئێران دا تا سەرەنجام حەسەنعەلی بەدەستی ئاغورلو محەمەدی كوڕی ئۆزۆن حەسەن كوژرا .

پاش ئـەو ڕووداوانـە قـەرەقوینلوكان نـەیانتوانی چیتر ڕۆڵێكـی سیاسـی گـرنگ لەسەدەی نۆیەمی هیجری‌دا لەئێران بگێڕن و كۆتایی بەدەسەڵاتیان هات .



## ئاق قۆینـــــــــلو

[2]: هەر ئەوسەرچاوەیەی پێشوو ، ل24

www.pertwk.com

ئاق قۆینلو وقەرەقۆینلو ، کەدوو هۆزی تورکمان بوون لەناوچەی تورکستانەوە بۆ ئازەربێجان کۆچیان کردبوو .قەرەقۆینلوەکان لەدەوروبەری ئەرزنجـان و سیـــواس نیشتەجێ بوون ، بەلاّم ئاق قۆینلوەکان ناوچەی دیاربەکریان داگیرکرد . لەسەرکردە بەناوبانگەکانی ئاق قۆینلو، دەکرێ ئاماژە بۆ ئەبونەســر ئەمین حەســەن بەگ بایندەری

( ئۆزۆن حەسەن ) بکرێ کە ساڵی 826 ی هـ.ق لەدایکبووەو کوڕی عەلی‌بەگ کوڕی قەرەعوسمانە . باپیرەگەورەی حەسەن خزمەتی تەیموری کردبوو و دژی ئیلدرم بایەزیدی پاشای عوسمانی شەڕی کردبوو ، بۆیە تەیمور وەك پاداشت حکومەتی دیاربەکری لەساڵی 807 ی هـ.ق دا پێشکەش کردبوو و تامردنی لەکۆتایی ساڵی838. ی هـ.ق دا فەرمانڕەوای دیاربەکربوو ،. پاش مردنی باپیرە گەورەی حەسەن ، شازادە تورکمانەکان کەوتنە کێشمەکێش و ململانێ، تاسەرەنجام ساڵی 858ی هـ.ق ئۆزۆن حەسەن توانی بەسەرجیهانگیری برای‌دا زاڵ بێ و جگە لەکۆنترۆڵ کردنی دیاربەکر ، چەند ناوچەیەکی تریش بخاتە سەر حکومەتەکەی خۆی و حکومەتێکی بەهێز دروست بکا . هەرلەوکاتەدا جونەید چاوی بە ئۆزۆن حەسەن کەوت.

19

## جونەید و جیهانشا


ساڵی 851 ی هـ.ق جونەید لەئەردەبیل جێگای باوکی گرتەوە و دەسەڵاتی گرتەدەست . ئەو رووداوە شێخ جەعفەری مامی کەگەورەترین کوڕی خواجە عەلی

بوو ، زویرکرد[1] . جونەید شەشەمین کوڕ ولەژێر چاودێری مامی‌دا بوو ، جگەلەوەی جونەید کەسێکی بزێو و نائارام و ناڕەحەت بوو و مەزهەبی شیعەی هەڵبژاردبوو ، بۆیە بەجارێ بووبووە مایەی نیگەرانی‌ی جیهانشای فەرمانڕەوای قەرەقۆینلو وئەمیرەکانی تری ئازەربێجان . بەلاّم جیهانشا لەبەر ئەوەی خۆیشی شیعەیەکی توندڕۆ بوو ، حەزی نەکرد لەگەڵ پەیڕەوانی تری مەزهەبی شیعەدا شەڕبکاو بەناچاری نامەیەکی بۆ شێخ جەعفەری مامی جونەید نووسی و داوای لێکرد تا جونەید لەوناوچەیە دەربکات ، بۆیە سەرەنجام جونـەید ناچار بوو ساڵی 581 ی هـ.ق ئەردەبیل بەجێبهێڵێ . پاش رۆیشتنی جونەید ، دەسەلاّتی حکومەتەکەی لەژێر دەستی فەرمانڕەوایە ناوخۆییەکان لاوازبوو ، بۆیە شێخ جونـەید بۆی دەرکەوت کەکاتی‌ئەوە هاتووە بۆ گرتنەدەستی دەسەلاّتی دنیایی پلانەکانی خۆی جێبەجێ بکا.



[1]: والتر هینتس : تشکیل دولت ملی‌درایران، ترجمە کیکاوس جهانداری، شرکت سهامی انتشارات خوارزمی ، 1936 ل 16

[www.pertwk.com](http://www.pertwk.com)



www.pertwk.com

## شێخ جونەید لە ( ئەنادۆڵی و قەرەمان ) دا

ڕێك 20 ساڵ پاش مردنی قەرە عوسمان ، سێ دەوڵەتی گەورە لەسەرتاسەری جیهانی ئیسلام دا دەرکەوتن : –

1. حکومەتی عوسمانی کەپایتەختەکەی لە ئەستەمبوڵ بوو و نزیکەی هەموو ئەنادۆڵی دەگرتەوە .
2. حکومەتی مەمالیك لەسوریا و میسر .
3. حکومەتی ئۆزۆن حەسەنی سەرۆکی بنەماڵەی ئاق قۆینلو لەمیزوپوتامیا و ئێران ، کەپایتەختەکەی تەورێز بوو .

جونەید لەرێگای قەرەباخ و ئەرمەنستانەوە خۆی گەیاندە ئەنـادۆڵ . بەڵام لەبەرئەوەی مەرامەکانی نەهاتنەدی ، پاش ماوەیەکی کەم ، لەسنووری حکومەتی عوسمانی چووە دەرەوە و بەرەو باشووری رۆژاوا، واتە بەرەو قەرەمان رۆیشت . بنەماڵەی قەرەمان لە دەمێکەوە ببون بە شیعە و هەر ئەو هۆیەش وای لە جونەید کرد لە قەرەمان بمێنێتەوە[1] . لە دەوروبەری ساڵی 854 ی ه.ق جونەید بۆئەوەی لەناو تورکمانەکانی ڤێرساق دا لایەنگر و مورید بۆخۆی پەیدا بکا ، جارێکی تر لە قۆنیەوە بەرەو کوێستانەکانی کیلیکیە سەفەری کرد .ئیبراهیم بەگی قەرەمان ئوغلوی ئەمیری ئەوناوچەیە فەرمانی بۆ سەرکردە تورکمانەکانی ڤێرساق دەرکرد تا شێخی جونەید دەسگیر بکەن ، بەڵام پاش ئەوەی جونەید مەرامی خراپی ئیبراهیم بەگی بۆئاشکرا بوو ، بێ خۆدواخستن بەرەو سوریا رای کرد .



[1]: والتر هینتس ، هەر ئەو سەرچاوەیەی پێشوو ل 21

## شێخ جونەید لەسوریا و تەرابوزان

شێخ لەچیای ئەرسۆس ، لەکەنار کەنداوی ئەسکەندەرۆنە هەواری خست . لەو ماوەیەدا ژمارەیەکی زۆر سۆفی کەلەسوریا و ئەرزەرۆم و میزۆپۆتامیاوە هاتبوون ، لێی کۆبوونەوە . ناوبانگی جونـەید لەو ناوچەیەدا بەشێوەیەك دەنگی دایەوە ، کەبوو بەهۆی توورەبوونی فەرمانڕەوای حەڵەب وفەرمانیدەسگیرکردنی شێخی دەرکرد. فەرماندەی ئەو ناوچەیە لەشکری کردە سەر جونەید و پاش شەڕێکی بچووك کە 70 کەس لە موریدانی کوژران ، جونەید بەرەو سنووری باکووری رۆژهەڵاتی عوسمانی ، واتە بەرەو جانیقی کەناری دەریای رەش رایکردو لەوێ جێگیر بوو[2] .شێخ لەجانیق کەوتە کۆکردنەوەی سوپا و پاش هەوڵ و ماندوبوونی زۆر توانی هەزاران کەس کۆبکاتەوە. لەو سەروبەندەدا کالویڤ ئەنسی مەسیحی لە تەرابوزان کودەتای لەباوکی کرد و خۆی لەجیاتی ئەو دەسەڵاتی گرتە دەست .ئەو کودەتایە نائارامیی لەناوچەکەدا دروست کرد چونکە هێشتا یاسا و رێکخستنی تایبەت بۆ تەرابوزان دانەنرابوو .

ئەو هەل و مەرجەی تەرابوزان ، هەستی فەرمانڕەوایی گرتنەدەستی لەدڵی جونەیددا وروژاند و بیری لەوە کردەوە تا ئەو نائارامی و بێ سەروبەرییە بۆ قازانجی خۆی بقۆزێتەوە . بۆیە سەرەنجام ساڵی 860 ی ه.ق پەلاماری خاکی تەرابوزانی دا کە دەکەوتە نێوان زنجیرە چیایەکەوەو توانی ژمارەیەك سەرکردەی تەرابوزانی ، لەوانە ئەلکساندەر و کوڕەکەی بکوژێ و لەشکری کومننییەکان



[2]: هەر ئەو سەرچاوەیەی پێشوو ، ل 23

www.pertwk.com

تێك بشكێنیٚ و ژمارەیەكی زۆریان لیٚ بەدیل بگریٚ ئینجا پەلاماری پایتەختی دا ،بەڵام بەهۆی بەرگری سەختی تەرابوزانەكانەوە هێرشەكەی سەری نەگرت و بەناچار تەرابوزانی بەجێهێشت .

## دیداری جونەید و ئۆزۆن حەسەن

كاتیٚ جونەید تەرابوزانی بەجێهێشت ، لەبەشی باكووری میزۆپۆتامیا ناووناوبانگی پیاوێكی تێكسمڕاو و بەهێزی بەناوی حەسەن بەگەوە بیست ، كە سەركردایەتی عەشایەرە توركمانەكانی دەكرد و لەساڵی 857 ی ه.ق فەرمانڕەوایی دیاربەكری دەكرد . بەهۆی زیرەكی خۆیەوە جونەید پلانی بۆ ئەوە دانا تا لەرێگای كۆمەك و هاوسۆزی دەربڕین دژی دوژمنی هاوبەشیان ، واتە جیهانشای فەرمانڕەوای قەرەقۆینلو سوود وەرگریٚ . بۆ ئەو مەبەستەش جونەید ئامادە نەبوو سەردانی دەسەڵاتداری ئیمپراتۆری عوسمانی بكاو لەبری ئەوە سەردانی ئۆزۆن حەسەنی كرد ، كەتەنها فەرمانڕەوای چەند هۆزێكی دەوارنشین و خاوەنی نزیكەی پێنج هەزار جەنگاوەربوون، هەروەها بەهۆی پەیڕەوكردنی سیاسەتێكی هاوبەش ، هەرزوو متمانەی ئۆزۆن حەسەنی بەدەستهێنا و لەماوەی ئەو سیٚ ساڵەی جونەید لەدیاربەكر مایەوە ، بەگەرمی لەلایەن ئۆزۆن حەسەنەوە میوانداری كرا ، تا ئەوەی خەدیجە بیگمی خوشكی ئۆزۆن حەسەن بەرەسمی لەجونەید مارەكرا و پاش خۆ نزیك كردنەوە لە حكومەتی ئەو كاتە ، جونەید بۆ پەیداكردنی موریدی زیاتر ژمارەیەك موریدی جێنشینی خۆی رەوانەی دیاربەكر كرد .



## نوێنەری تەرابوزان لەكۆشكی ئۆزۆن حەسەن

پاش ساڵێك لە دیداری جونەید و ئۆزۆن حەسەن ، نوێنەرێكی كالویڤ ئەنسی پاشای تەرابوزان هاتەلای ئۆزۆن حەسەن تا هاوكاریی ئۆزۆن حەسەن بەرامبەر بە ئەگەری مەترسیی عوسمانیەكان بەدەست بهێنیٚ ، چونكە ئەمیرەكانی ئەنادۆڵی پێشتر چوبوونە ژێر ركێفی عوسمانیی‌یەكانەوە و هیچ ئومێدێكیشی بەحكومەتی ئێران ، واتە جیهانشای قەرەقۆینلو نەمابوو كەلەبیری داگیركردنی ناوچەی دوردەستی خوراساندابوو . بۆیە تەنها هێزەكانی ئۆزۆن حەسەن دەیانتوانی ببنە پشتیوانێك بۆ تەرابوزان .

ئۆزۆن حەسەن پاش ئەوەی لاوازیی تەرابوزانی بۆ دەركەوت ، مارەكردنی كچی كالویڤ ئەنسی كردە مەرج بۆ یارمەتیدانی پاشای تەرابوزان .[1] ئەگەرچی پاشای تەرابوزان دڵی بەو پێشهاتە خۆش نەبوو ، بەڵام بەناچاریی بەو مەرجە رازی بوو و ساڵی 862 ی ه.ق كاترینای كچی لە ئۆزۆن حەسەن مارەكرد . لەگەڵ زیادبوونی دەسەڵاتی ئۆزۆن حەسەن ، وردە وردە ئاق قۆینلو بووە پشتیوانی راستەقینەی سیٚ كوچكەی تەرابوزان – جۆرجیا – میزوپوتامیا .

بە سوود وەرگرتن لەو هەل و مەرجەش ئۆزۆن حەسەن بەشداریی چەندین شەڕی گەورەو بچووكی كرد و سەركەوتنی زۆری بەدەستهێنا .



[1]: وۆلتەر هینتس : هەر ئەو سەرچاوەیەی پێشوو .

www.pertwk.com

## مردنی جونەید

ساڵی 864 ی هـ.ق شێخ جونەید دیاربەکری بەرەو ئەردەبیل بەجێهێشت ، بەڵام هاوسەرەکەی لەبەرئەوەی دووگیان بوو ، ئەوی لەگەڵ خۆی نەبرد .، بەڵکو لەگەڵ نەیاڤەرد بەکۆکردنەوەی موریدەکانەوە خەریکی کرد . پاش ماوەیەکی کەم خەلیل فەرمانڕەوای شیروان ، کەلە جونەید دەترسا لەشکری کردە سەری و لەهەمان کات دا جیهانشاش فەوجێکی تورکمانی لە تەورێزەوە نارد ، بەڵام پێش ئەوەی جەنگ روو بدا ، خەلیل شیروانشا جونەیدی کوشت .

ساڵی 864 ی هـ.ق خەدیجە بیگمی هاوسەری جونەید لە ئامەد کوڕێکی بوو ناوی حەیدەری لێنرا [1] و ئۆزۆن حەسەن چاودێری کردن و گۆشکردنی گرتە ئەستۆی خۆی [2]. ئۆزۆن حەسەن توانی بەسەر قەرەقۆینلوەکاندا زاڵ بێ و لەجیاتی ئامەد تەورێز بووە ناوەندی حکومەتی ئاق قۆینلوەکان . پاش 9 ساڵ شێخ حەیدەر هاتە ئەردەبیل و بەرەسمیی جێگای باوکی گرتەوە .

## مردنی جیهانشا و ئەبو سەعید

پاش ئەو وەستانەی کەبەهۆی مردنی چاوەڕوان نەکراوی جونەیدەوە رووی دا ، ئۆزۆن حەسەنیش لە ململانێ لەگەڵ سوڵتان محەمەدی فاتح دا دوچاری



[1]: زرگر نژاد ، غلامحسین، تاریخ سیاسی اجتماعی ایران بعد از اسلام، تهران، چاپ چهارم ،شرکت چاپ و نشر ایران– 1367

[2]: والتر هینتس ، هەر ئەو سەرچاوەیەی پێشوو ، ل 54

شکست بوو وجموجوڵەکانی پەکیان کەوت . بۆیە بە ناچاری پەیمانی ئاشتی بەست .

ئۆزۆن حەسەن کەڵکەڵەی فراوانخوازی کەوتەسەری و بیری لە داگیرکردنی : کوردستان ، جۆرجیا ، میسر ، سوریا و ئازەربێجان کردەوە ، بەڵام جیهانشا پێشی کەوت و لە دیاربەکر پەلاماری ئۆزۆن حەسەنیداو جەنگ بەرپابوو ، لەو جەنگەیدا جیهانشا کوژرا و دواجار قەرەقۆینلویەکان ساڵی 871 ی هـ.ق تێکشکان .

ساڵی 872 ی هـ.ق ئۆزۆن حەسەن کەللەسەری جیهانشای بۆلای سوڵتان ئەبوسەعید تەیموری لە هیرات و کەللەسەری شازادە محەمەدی و ڕۆستەم دەبیرساڵی گەورە راوێژکاری ناردە خزمەتی سوڵتانی عوسمانی [3] . هەروەها هەمان ساڵ لاشەی جیهانشا لە گۆڕەپانی قوتابخانەی ماردین دا بەخاك سپێررا . حەسەن عەلی کوڕی جیهانشا کە چەندین جار بەفەرمانی باوکی زیندانی کرابوو ، راپەڕی و تەورێزی گرت و داوای کۆمەکی لە ئەبوسەعید کرد .

ئەبوسەعید بۆ بەدەنگەوەهاتنی حەسەن عەلی و شەڕکردن دژی ئۆزۆن حەسەن هەرات و خوراسان و نیشاپوری بڕی . لەبەرامبەردا ئۆزۆن حەسەنیش دەستی لەداگیرکردنی تەورێز هەڵگرت و خۆی بۆ رووبەروو بونەوەیئەبوسەعید ئامادەکردو بۆ ئەو مەبەستە لەشکرێکی رەوانەی دەشتی موغان کرد. پاش شەڕێکی سەخت لەنێوان هەردوولادا ، سەرەنجام ئەبوسەعید بەدیلی گیرا و ساڵی 873 ی هـ.ق کوژرا .



[3]: والتر هینتس ، هەر ئەوسەرچاوەیەی پێشوو


www.pertwk.com

## تێكشكانی قەرەقۆینلوەكان

پاش ئەو ڕووداوە ، ئۆزۆن حەسەن خوراسانی داگیركرد وفارسیشی خستەسەر قەڵەمڕەوی خۆی. حەسەنعەلی كەهەواڵی تێكشكانی هاوپەیمانە جەنگییەكانی خۆی بیست بەرەو هەمەدان ڕای كرد و لەوێ بەدەستی ئاغورلو محەمەدی كوڕی ئۆزۆن حەسەن كوژرا . بەوجۆرە دوابەرەنگاریی قەرەقۆینلویەكان كۆتایی پێهات .

## مردنی ئۆزۆن حەسەن

ئۆزۆن حەسەن بووە یەكێ لەبەهێزترین فەرمانڕەوایانی ڕۆژهەڵاتی نزیك و ساڵی 873 ی ه.ق پایتەختەكەی خۆی بۆ تەورێز گواستەوە . ئۆزۆن حەسەن كە بەرەچەڵەك ئێرانی نەبوو، كەچی چووە ریزی زنجیرە سوڵتانەكانی ئێرانەوە و دژی سوڵتان محەمەدفاتحی سوڵتانی عوسمانی جەنگا ، لەئەنجامدا تێكشكا . ساڵی 882 ی ه.ق ئۆزۆن حەسەن لەتەمەنی 54 ساڵیدا مردو لەگۆڕەپانی نەسرییەی تەورێز كەخۆی دایمەزراندبوو ، بەخاك سپێردرا .




ناوەندی حكومەتەكەی ئۆزۆن حەسەن

www.pertwk.com



## سوڵتان خەلیل

سوڵتان خەلیلی کوڕە گەورەی ئۆزۆن حەسەن کەفەرمانڕەوای فارس بوو، لەشەوی جەژنی ڕەمەزانی ساڵی 882 ی هـ.ق دا جێگای باوکی گرتەوە و یەعقوبی برایشی کرد بە حاکمی دیاربەکر . سوڵتان خەلیل مەقسودی زڕبرای کەکوڕی دسپینابوو ژەهرخواردکردو بەخەنجەر کوشتی . ئەودەم خەلیل تەمەنی 35 ساڵان بوو ، بەڵام یەعقوب 20 ساڵ لەو بچووکتربوو .[1]

## یەعقوب کوڕی ئۆزۆن

یەعقـوبی کوڕی ئۆزۆن حەسەن پاش کوشتنی براکەی دەسەڵاتی لەتەورێـز گرتەدەست و 12 ساڵ حوکمڕانی کرد و، لەوماوەیەدا توانی ڕاپەڕینی ناوچە جیاجیاکان دابمرکێنێتەوەو، پەلاماری کرمان ، جۆرجیا ، گێلان و مازندەرانی بدا و پاش داگیرکردنی ئەو ناوچانە تاجلوی کچی خەلیل شیروانشای کردە هاوسەری خۆی ، ئەم ژنە پاش مردنی یەعقوب لە شائیسماعیل مارەکراو بە وتەی عوسمانییەکان لەجەنگی چاڵدێران دا بەدیلی گیرا ، یەعقوب پاشایەکی ئەدەب و هونەردۆست بوو .[2]



[1]: والتر هینتس ، سەرچاوەیەکی پێشوتر ، ل82

[2]: حسین مدرسی طباطبایی سەرچاوەیەکی پێشوتر ، ل 80

www.pertwk.com

## شێخ حەیدەر و یەعقوب

لەتەمەنی 9 ساڵان دا شێخ حەیدەر ، لەئۆردوگای ئاق قۆینلویەکاندا شەڕەکانی ئۆزۆن حەسەنی دژی ئەبوسەعید تەیموری بینیبوو . حەیدەر بە پاڵپشتی ئۆزۆن حەسەنی خاڵی سەردانی ئەردەبیلی کردو ئینجا شێخ جەعفەری مامەگەورەی کەوتە پەروەردەکردنی . وردە وردە موریدەکان کەوتنە کۆبوونەوە لە دەوری حەیدەر و تادەهات کاروبارەکانی پەرەیان دەسەند . یەکێ لەو کچانەی ئۆزۆن حەسەن کەلە دسپینا خاتونی شازادەی تەرابوزانی بوو ، بووە هاوسەری حەیدەر[1] . ئۆزۆن حەسەن لەوژنە کوڕێك بەناوی مەقسود و سێ کچی هەبوو ، کەگەورەکەیان ناوی مارتابوو ، تورکمانەکان بەحەلیمەبەگی ئاغا بانگیان دەرکرد و نازناوی عالەمشا بیگمیان پێ دابوو . حەیدەر وهاوسەرەکەی تەمەنیان لەیەکەوە نزیك بوو ، لەدوا دواییەکانی فەرمانڕەوایی ئوزون حەسەن دا و بەمەراسیمی رەسمی لەئەردەبیل لەحەیدەر مارەکرا و بەری ئەو هاوسەرێتییەش بریتی بوو لە سێ کوڕ بەناوی : سوڵتان عەلی ، ئیسماعیل و ئیبراهیم .

کاتی مردنی ئۆزۆن حەسەن لەساڵی 882 ی ه.ق حەیدەر هێشتا تەمەنی نەگەیشتبووە 18 ساڵی و هەوڵی زۆری دا تامەرامەکانی باوکی بینێتە دی وتۆڵەی خوێنی باوکی لەشیروانشا بکاتەوە .



[1]: زرگر نژاد ، سەرچاوەیەکی پێشوتر ، ل324 .

حەیدەر بەدرێژایی ساڵ هەوڵی چەکدارکردنی پەیڕەوانی خۆی دەدا و لەو سۆنگەیەوە خۆیشی چەکسازێکی لێهاتووبوو ، هەر بەتەنها هەزاران نیزەو شمشێری دروست کرد . حەیدەر پیاوێکی لێبڕاو و دوربین بوو .

بەقسەی نووسەری ( عالم ئارای عباسی ) " شەوێك حەیدەر خەون دەبینێ و لەلایەن پەیامهێنەرانی جیهانی غەیبەوە ڕادەسپێردرێ تا کلاوی 12 تەرك[2] کەهێمای دوانزەییە ، لەسەقلاتی[3] سوور دروست بکرێ و ناوچەوانی لایەنگرانی خۆی پێ داپۆشرێ " . حەیدەر یەك جۆر یونیفۆرمی بۆ پەیڕەوانی خۆی هەڵبژارد و ناوی قزڵباشی بۆ دانان . یەعقوب بەحەیدەری کوڕەخاڵی کەلە ئەردەبیل نیشتەجێ بوو زۆر دڵخۆش نەبوو ، تەنانەت لەسەرکردنی کلاوی قزڵباشی لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا قەدەغەکرد .

لەیەکەمین هەنگاوی خۆی دا ، حەیدەر ساڵی 888 ی ه.ق بۆ بەدەستهێنانی دەسکەوتی جەنگی ، پەلاماری چەرکەسەکانی دا . حەیدەر لەسەر رەزامەندی شیروانشای فەرمانڕەوای ئەو ناوچەیە دژی چەرکسەکان شەڕی کردو سەرکەوت بەسەریاندا و دەسکەوتێکی زۆری بەدەستهێنا . پاش ئەو سەرکەوتنانە حەیدەر بیری لە پەلاماردانی شیروانشا فەرەخ یسار کردەوە تا تۆڵەی خوێنی باوکی بکاتەوە و سەرەنجام لە بەهاری 892 ی ه.ق پەلامارەکەی خۆی دەستپێکردو سەرکەوت .



[2]: تەرك : جۆرێ کلاوی دەروێشییە ( تاج) دوانزە درز یان پەڕەی هەیەو شائیسماعیلی سەفەوی بۆ ڕەواج پێدانی مەزهەبی شیعە
فەرمانی دا بکرێتەسەر و هەرتەرکەی ناوی یەکێ لە 12 ئیمامەکەی شیعەی لەسەر نوسرابوو .

[3]: سەقلات : پارچەی گرانبەهای وەك ئاوریشم بەڕەنگی سوور یان شین . ( وەرگێڕ )

www.pertwk.com

سوڵتان یەعقوب لە یەکێ لە ئەنجومەنەکانی دەربار‌دا بڕیارێکی دەرکردو فەرمانی دا تا هەرچی زووە حەیدەر بێتە تەورێز ، حەیدەریش بێ دواکەوتن هاتە دەربار و پاش سوێند خواردنی ئەمەکداری دووبارە گەڕایەوە ئەردەبیل . لەو سەروبەندەدا مارتا لەئەردەبیل ئیسماعیلی هێنایە دنیاوە ، کە ئەم ئیسماعیلە پاشتر بنەماڵەی سەفەوی دامەزراند . ساڵی 893 ی ه.ق حەیدەر ، شازادەخانم خەدیجە بێگمی پووری سوڵتان یەعقوبی لە ئەردەبیلەوە بۆلای یەعقوب ناردە قوم ، تا مۆڵەتی لەشکر کێشی‌یەکی نوێی لە دژی چەرکسییەکان لێ وەربگرێ .

یەعقـوب دڵی بە سوێندی کوڕەپوورەکەی خۆشبوو ، بۆیە نامەیەکی بۆ فەرەخ یسار شیروانشا ، کەباوکی ژنەکەی بوو نووسی و فەرمانی دا لەو جیهادەدا یارمەتی حەیدەر بدات . هەر کە خوشکی ئۆزۆن حەسەن بەو هەواڵەوە گەڕایەوە بۆ ئەردەبیل ، حەیدەر لەشکری ئامادەکردو نوێنەرێکی ناردەلای شیروانشا و پێی راگەیاند کە جیهاد دژی چەرکسەکان دەکاو تکای لێکرد بەگوێرەی فەرمانی سوڵتان یەعقوب رێگای دەربەند والا بکا بۆ ئەو مەبەستە ماوەیەکی دیاریکراوی بۆ فەرەخ یسار دیاری‌کرد .

فەرەخ یساریش بەناچار حەرەمسەراکەی خۆی بۆ گوڵستان ، کە قەڵایەکی پتەوی نزیکی پایتەخت بوو ، گواستەوەو خۆی بۆ رووبەڕووبونەوە ئامادەکرد. حەیــدەر و قزڵباشەکانی پەلاماری ئەردەبیلیان داو لە قۆناغی یەکەم دا گەمارۆی قەڵای گوڵستانیان دا . شیروانشا نوێنەرێکی ناردە لای یەعقوب و داوای یارمەتی کرد ، ئەویش بڕیاری دا دژی خزمە یاخی بووەکەی بجەنگێ و لەرێگای سوڵتانی‌یەوە پەلاماری ئەردەبیلی دا وکاتێ لەساڵی893ی ه.ق یەعقوب گەیشتە ئەوێ لەشوێنێك بەناوی سەفەوی(ئەو شوێنەی خەدیجەو



کچەکەی مارتـا سەرپەرشتی کوڕەکانی شێخ حەیدەر : عەلی، ئیسماعیل و ئیبراهیمیان دەکرد) نیشتەجێبوو .

حەیدەر بەشێوەیەکی کاتی دەستی لەگەمارۆدانی قەڵای گوڵستان هەڵگرت و خۆی بۆ جەنگ لەدژی یەعقوب ئامادەکرد و هەردوولا لەهەمان ساڵ و لەسنووری تەبرستان ، لەدامێنی چیاکانی ئەلبورز روبەڕووی یەکبوونەوە.

لەسەرەتای جەنگەکەدا حەیدەر زەبرێکی لە سلێمان بەگی سەرداری لەشکرەکەی یەعقوب وەشاند و برینداری کرد و دواتر تیرێك بەر حەیدەر کەوت و کوشتی . عەلی ئاغای پاسەوانی سوڵتان یەعقوب سەری شێخ حەیدەری لە گیانی جیاکردەوە و بردیە لای ئەمیرە تورکمانەکان و ئەوانیش گەیاندیانە سوڵتان یەعقوب . بەفەرمانی یەعقوب کەللە سەرەکەی حەیدەر بە کوچە و کۆڵانەکانی تەورێزدا گێڕدرا و پاشان زۆر بە بێحورمەتی لەشوێنێکدا هەڵواسرا . پاشان کەللە سەرەکە لەلایەن کەسێکەوە دزراو بەنهێنی برایە لای شائیسماعیل و ئەوکەسەش خەڵات کرا[1] .

پاش تێکشکاندنی حەیدەر ، سوڵتان یەعقوب یەکسەر فەرمانی دا هەرسێ شازادە و مارتای دایکیان ببرێنە لای مەنسوربەگی حاکمی شیراز لە ویلایەتی فارس تا لە ئەستەخڕ زیندانی بکرێن[2] .

## مردنی یەعقوب



[1]: والتر هینتس ، سەرچاوەیەکی پێشووتر ، ل 109

[2]: غلام حسین زەرگر نەژاد ، سەرچاوەیەکی پێشوتر .ل 325 .

www.pertwk.com

پاش 12 ساڵ حوکمڕانی ، یەعقوب لەساڵی 896 ی ھ.ق لەتەمەنی 28 ساڵی دا و بە مردنێکی سروشتی یان وەك ھەندێ کەس دەڵێن بە ژەھر خواردکردنی لەلایەن ھاوسەرەکەیەوە مرد[1] . تورکمانەکانی ئاق قۆینلو بوون بە دوو تیرەوە : بەشێکیان لە دەوری مەسیحی 22 ساڵەی کوڕی ئۆزۆن حەسەن و بەشەکەی تریان لەدەوری باینسقەری کوڕی یەعقوب کۆبوونەوە .[2]

باینسقەر بەسەر براکەیدا زاڵ بوو و لەتەورێز کورسی دەسەڵاتی گرتە دەست و ھێشتا زیاتر لە ساڵێك و 8 مانگ فەرمانڕەوایی نەکردبوو ، کە ڕۆستەم بەگی کوڕی مەقسود بەگ و نەوەی ئۆزۆن حەسەن لە جەنگیکدا زاڵ بوو بەسەریا و کورسی دەسەڵاتی گرتەدەست و بۆ ماوەی 5 ساڵ و 6 مانگ فەرمانڕەوایی کرد . بەڵام باینسقەر ئەو دۆخەی پێ قبوڵ نەکراو بەرەو ناوچەی ژێر دەسەڵاتی حاکمی شیروان ، کە مام و خەزوریشی بوو ، ڕایکردو پاشان بە لەشکرێکەوە پەلاماری ئازەربێجانی دا، ساڵی 897 ی ھ.ق کاتێ ڕۆستەم بەگ چارەسەری کێشەکەی لە ئازادکردنی شازادەکانی سەفەوی دا بینییەوە، ھەرسێکیان لەگەڵ پوریان لە زیندانی ئەستەخڕ ئازادکرد و کەوتنە جەنگ کردن دژی باینسقەر .

لەو جەنگەدا باینسقەر بەدەستی ئایبە سوڵتان بەدیلی گیرا و برایە لای ڕۆستەم بەگ و ئەویش ساڵی 898 ی ھ.ق کوشتی .[3]



[1] : زرگر نژاد ، سەرچاوەیەکی پێشوتر ، ل 320

[2] : حسین مدرسی تباتبایی، سەرچاوەیەکی پێشوتر ، ل80

[3] : والتر ھینتس ، سەرچاوەیەکی پێشوتر ، ل 212

## پاشماوەی ئاق قۆینلویەکان

لەسەر گرتنە جڵەوی دەسەڵات کێشمە کێش کەوتە ناو ئاق قۆینلویەکانەوە و کوشتاری ناو بنەماڵە درێژەی کێشا . لەکاتی حوکمڕانی شا ڕۆستەم میرزادا ھیچ ھەوڵێ بۆ پاراستنی بنەماڵەی بایندەری نەدرا ، تاسەرەنجام ئەحمەدبەگی کوڕی ئاغورلو محەمەدی نەوەی ئۆزۆن حەسەن ، کەپاش مردنی یەعقوب پەنای بردبووە بەر سوڵتانی عوسمانی و کچی ئیلدریم بایەزیدی مارەکردبوو ، لە ئەستەمبوڵەوە پەلاماری ئازەربێجانی داو پێش ئەوەی سوپای ھەردولا رووبەرووی یەك ببنەوە ، ڕۆستەم بەگ لەلایەن دەست و پێوەندەکانی خۆیەوە کوژرا و ساڵی 902 ی ھ.ق ئەحمەد بەگ کرا بەپاشا و سکەیەك بەناویەوە لێدرا .

ئایبە سوڵتان کە ھۆکاری سەرکەوتنی ئەحمەد بەگ بوو ، کرا بەحاکمی کرمان و لەگەڵ قاسم پەرناکی حاکمی فارس ، کە موزەفەری برای لەلایەن ئەحمەدبەگەوە کوژرابوو سازشی کرد . ساڵی 903 ی ھ.ق ئەحمەدبەگ ھێرشێکی بەرەو عیراق دەست پێکردو ئایبە سوڵتانیش بە لەشکرێکەوە لە شیرازەوە بەرەو ھەمان سنوور کەوتە ڕێ و لەشەڕێکدا کەلەنێوان ھەردوولادا رووی دا ، ئەحمەد بەگ کوژرا .

لەوە پاش دەسەڵاتی بنەماڵەی ئاق قۆینلو ڕووی لەکزی کردو ھەریەکە لەکوڕانی یەعقوب و یوسف میرزای برای داوای پاشایەتییان دەکرد . ئایبە

www.pertwk.com

پشتیوانی خۆی بۆ سوڵتان مورادی کوڕی یەعقوب ڕاگەیاندو خوتبەی بەناو ئەوەوە دەخوێندەوە ، ئەوکات لەبنەماڵەی ئۆزۆن حەسەن 3 منداڵ مابوون : سوڵتان موڕادی کوڕی یەعقوب لەشیروان ، ئەڵوەند میرزای کوڕی یوسف میرزا لەتەورێز و محەمەد میرزای برای لە یەزد .

پاش کوژرانی ئەحمەد هەردوو کوڕەکەی بەناچار ڕایان کردو ئەڵوەند میرزاش بەرەو کوردستان ڕایکرد. بەڵام ئاییبەسوڵتان پاش یارمەتیدانی موراد بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات ، بەرەو ئازەربێجان هات. هەمان کات دایی قاسم فەرمانڕەوای دیاربەکر بەیارمەتی ژمارەیەك سەرکردەی تری ئاق قۆینلۆ ، ئەڵوەند میرزایان ، کەخۆی گەیاندبووە دیاربەکر ، کرد بەپاشا و ئەمانیش بەرەو ئازەربێجان کەوتنە ڕێ . ئاییبە سوڵتان لەجەنگێکدا توانی بەرهەڵستکاران تێك بشکێنێ ، سوڵتان موراد بگرێ و زیندانی بکا و لەگەڵ ئەڵوەند میرزاو لایەنگرانی دا ئاشتەوایی پەیڕەو بکا . هەروەها ئەڵوەندمیرزای هێنایە تەورێزو کردی بەپاشا ، بەڵام بەهۆی یاخی بوونی مەحمود میرزای برایەوە ، ئەڵوەند میرزا بەرەو قەرەباخ ڕایکرد.

محەمەد میرزا کەبەیارمەتی سەرانی ئاق قۆینلو هاتبووە سەرکار ، پاش داگیرکردنی ئەسفەهان و فارس لە { رەی} نیشتەجێ بوو . ئاییبەسوڵتان بەلەشکرێکەوە پەلاماری ئازەربێجانی دا ، بەڵام سەرەنجام بەدەستی محەمەد میرزا کوژرا . محەمەد میرزا ساڵی 904 ی ه.ق چووە تەورێز و لەسەر کورسی شاهانە دانیشت و بەناوی خۆیەوە سکەی لێدا .

لەو سەروبەندەدا سوڵتان موراد بەیارمەتی براکانی ئاییبە سوڵتان لەزیندان ڕای کردو خۆی گەیاندە شیراز و لەوێ بووە پاشا ، محەمەد میرزاش بۆسەرکوتکردنی پەلاماری ئەسفەهانی دا . بەڵام ساڵی 905 ی ه.ق محەمەد



میرزا کوژرا و جارێکی تر سوڵتان موراد دەستی بەسەر فارس و کرمان دا گرتەوە .

ئەڵوەند میرزا کە لە ئازەربێجان و دیاربەکر حوکمڕانی دەکرد ، ساڵی 906 ی ه.ق بۆ ڕووبەڕووبونەوەی سوڵتان موراد بەرەو قەزوین کەوتە ڕێ ، بەڵام هەردوو لایەنی ناکۆك لە دەوروبەری قەزوین لەگەڵ یەك ئاشتیی‌یان کردو ڕووباری قزل ئۆزۆن یان کرد بەجیاکەرەوەی سنووری نێوانیان . بەڵام ململانێ و کێشمەکێشی نێوان هۆزوسەرانی ئاق قۆینلو نەبڕایەوە تا سەرەنجام ئەڵوەند میرزا لەگەڵ ئیسماعیلی سەرکردەی نوێی سەفەوی کەوتە جەنگەوە .

لەشکری قزڵباش لەنزیك سنووری نەخچەوان لەشکری ئەڵوەند میرزای شکاندو میرزا بەرەو دیاربەکر ڕایکرد . ساڵی 907 ی ه.ق ئیسماعیل دەستی بەسەرناوچەکانی ژێردەسەڵاتی میرزادا گرت و ئەڵوەند میرزاش ساڵی 910 ی ه.ق کۆچی دوایی کرد .

بەو جۆرە بەکۆتایی هاتنی تەمەنی کورتی حکومەتەکەی ئەڵوەند میرزا ی کوڕی یوسفی کوڕی ئۆزۆن حەسەنی کوڕی عەلی کوڕی عوسمان ، بنەماڵەی ئاق قۆینلوش لەئێراندا لەناوچوون . ئەگەرچی نەوەو بنەماڵەی ئۆزۆن حەسەن ململانێی زۆریان لەگەڵ سەفەوییەکاندا هەبوو ، بەڵام ئیسماعیل بەپلانی وردو زیرەکی خۆی توانی کۆنترۆڵی بارودۆخی ناوخۆیی وڵات بکا و دەست بەسەر ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوادا بگرێ و حکومەتێکی یەکگرتوویی نەتەوەیی مەزهەبی- سیاسی پێك بهێنێ. پێش شائیسماعیلی سەفەوی ، ئێران بەهۆی لەقیی بارودۆخی ناوخۆیی و کوشتاری ناو بنەماڵەوە پارچە پارچە بوبوو ، بەڵام پاش ئەوەی شائیسماعیل بارودۆخەکەی کۆنترۆڵ کرد ، یەکێتی نەتەوەیی و سیاسی بۆماوەی نزیکەی 200 ساڵ باڵا دەست بوو .

www.pertwk.com

ئاسەواری کۆن و بینا مێژوویییە بەجێماوەکانی سەردەمی سەفەوییەکان نیشانەی شکۆداری و نەمری دووبارەی ئێرانی ئەو سەردەمەن .



# فەسڵی دووەم

## هاتنەسەرکاری شائیسماعیلی سەفەوی

www.pertwk.com

## شێخ سەفییودینی ئەردەبیل

ئیسماعیل کوڕی حەیدەری بنەماڵەی سەفەویی و نەوەی شێخ سەفییودینی ئەردەبیلی‌یە . شێخ سەفی ساڵی 650 ی ه.ق لەگوندی کەلخوران کە 3 کیلۆمەتر لەباکووری رۆژئاوای ئەردەبیلەوە دوورە ، لەدایك بوو[1] . باوو باپیرانی شێخ سەفی هەرلەکۆنەوە لەویٚ ژیاون ، لەوبارەیەوە مێژونووسان دەڵێن کە پێنجەمین باپیرەی شێخ سەفی ناوی فەیروزشای کلاٚوزێڕین بووە و پیاوێکی دەوڵەمەند بووە و خاوەن مەڕومالاٚتێکی زۆربووە . شێخ سەفی لەتەمەنی 25 ساڵی‌دا بووە موریدی شێخ زاهیدی گەیلانی و نزیکەی 25 ساڵیش لەخزمەتیدا بووە . پاش مردنی شێخ زاهیدی گەیلانی 35 ساڵی پاشماوەی تەمەنی خۆی بۆ پەروەردەبوون و فێربوون تەرخان کردو ساڵی 735 ی ه.ق لەتەمەنی 85 ساڵیدا لەئەردەبیل کۆچی دوایی کرد[2] .

## ژیانی شائیسماعیل

ئیسماعیل رۆژی سیٚشەممە رێکەوتی 25 ی رەجەبی ساڵی 892 ی ه.ق ، واتە نزیکەی یەکسالٚ پێش کوژرانی حەیدەری باوکی لەمەیدانی جەنگ دا



[1] : ابن بزاز اردبیلی ، صفوة الصفا ، مقدمة و تصحیح غلامرضا طباطبايي مجد ، چاپ اول ، تابستان1373(1994)

[2] : ابوالقاسم طاهري، تاریخ سیاسی اجتماعی ایران، شرکت سهامی کتابهای جیبی، تهران1349(1970)،ل62

www.pertwk.com

لەدايك بوو . ئيسماعيل دووبراى هەبوو : سوڵتان عەلى ( كە بەعەليشا ناوبانگى دەركردبوو) لەخۆى گەورەتر بوو ، لەگەڵ ئيبراهيم ميرزا كەبچوكترين كوڕى حەيدەربوو .

ئيسماعيل بە رواڵەت زۆر لەئاكارەكانى لەش جوانى ، لەوانە سپێتى پێست ، رێكى لەش و لار و جوانى لە مارتا ى دايكيەوە ( حەليمە بەگم ئاغاى عالەمشابەگى ) بۆ مابووەوە . پاش كوژرانى حەيدەر ، كوڕەكانى لەبەركەميى تەمەنيان ، بۆيان نەلوا فەرمانڕەوايى بگرنە دەست و جێگاى باوكيان بگرنەوە.

كاتێ سولتان يەعقوب حەيدەرى تێكشكاند و فەرمانڕەوايى گرتەدەست ، يەكسەر فەرمانىدا ئيسماعيل و هەردوو براكەى ، كەهێشتا مێرد منداڵ بوون لەگەڵ دايكياندا لە شيراز زيندانى بكرێن . سوڵتان يەعقوب بايندەرى ، خاڵى ئيسماعيل و كوڕى ئۆزۆن حەسەن بوو ، بەڵام بەپێچەوانەى باوكيەوە رقى لەكوڕانى شێخ سەفى بوو .

وەك پێشتر ئاماژەى پێكرا ، پاش مردنى سوڵتان يەعقوب لەساڵى 896 ى ه.ق دا حكومەتى ئاق قۆينلويەكان رووى لەكزى ناو دوچارى شەڕو كێشەى ناوخۆيى بوو . لەو سەروبەندەدا رۆستەم ميرزا ، يەكێ لە سەرانى بنەماڵەى ئاق قۆينلو بۆ سوودوەرگرتن لە دەسڕۆيى سەفەوييەكان كەوتە يارمەتيدانى مەنسور بەگى پەرناك ، كە فەرماندەى قەڵاى ئەستەخڕبوو و لەپەيڕەوانى حەزرەتى عەلى و موريدى شێخ سەفى بوو . بەو يارمەتى دانە توانرا كوڕانى حەيدەر پاش 4 ساڵ و نيو زيندانى ئازاد بكرێن . پاش بڵاوبوونەوەى دەنگ و باسى ئازادبوونى ئيسماعيل و براكانى ، قزڵباشانى دوورونزيك لێ يان كۆبوونەوە.

كۆبوونەوەى هۆزەكانى شاملۆ ، ئەستاجلۆ ، قاجار ، قەرەمانلۆ ، زولقەدەر ، تەكللو ، هەروەها ئەفشار و بەيات لەدەورى سوڵتان عەلى ، واى لەدەست و



پێوەندەكانى رۆستەم ميرزا كرد لەمەترسىى سوڵتان عەلى و قزڵباشەكان ئاگادار بێتەوە . بۆيە ئەويش لەژێر كاريگەريى ئەو هۆيانەدا بڕيارى دا خوشكەزاكەى خۆى بكوژێ و حكومەتەكەى والێبكات كەس نەتوانێ ركەبەرايەتى بكا . سوڵتان عەلى لەو نەخشەيەى رۆستەم ميرزا ئاگادار بووەوە و لەگەڵ براكانى و دايكى لەتەورێزەوە بەرەو ئەردەبيل راىكرد[1] . بەڵام لەنزيك دەشتى ئەردەبيل سوڵتان عەلى لەمەراسيمێكى سادەدا ئيسماعيلى برابچوكى كە ئەوكات تەمەنى تەنها 6 ساڵ و چەند مانگێ بوو ، بەڕەسمى كرد بەجێ نشينى خۆى . لەكاتێكدا لەشكرى دوژمن نزيك بوبووەوە ، سوڵتان عەلى بەناچارى دايكى و دووبرا بچوكەكەى بۆ ئەردەبيل نارد و خۆيشى لەگەڵ پەيڕەوانى چووە پيرى جەنگى رۆستەم ميرزاوە . لەشەڕێكى سەخت دا هێزى قـــزل باشەكان تێكشكا و خودى سوڵتـــان عەلى لەساڵى 889 ى ه.ق دا كوژرا و مارتاى دايكى تەرمى كوڕەكەى بۆ ئەردەبيل[2] برد.

## ئيسماعيل و مارتا لە ئەردەبيل

پاش كوژرانى سوڵتان عەلى ، مارتا ئيسماعيل و ئيبراهيمى گەياندە ئەردەبيل و لەسيخوڕەكانى رۆستەم ميرزايانى شاردەوە . مارتا و هەردوو كوڕەكەى بە ناچارى لە گەڕەكى ئەناتۆلىيەكان و لەماڵى ژنێك بەناوى ئۆبەى



[1] : نظام الدين مجير شيبانى – تشكيل شاهنشاهى صفوية ، انتشارات دانشگاه ، تهران ، 1346/ص71

[2] : والتر هينتس ، سەرچاوەيەكى پێشوتر ، ل 120

www.pertwk.com

جەراح کەلەهۆزی زولقەدەر و یەکێ لەپەیڕەوانی ئەو بنەماڵەیەبوو ، شاردەوە . بەڵام بەهۆی پشکنینی بەردەوامی پیاوانی ڕۆســـــتەم میرزاو هەســــتکردن بە نائارامی لەماڵان دا بۆیە ئیسماعیلی بردە مزگەوتی هەینی ئەردەبیل ، کەلە شوێنێکی بەرزدابوو، خۆیشی لەگۆڕستانێکی نزیکەوە کەوتە پاسەوانی کردنی ئیسماعیل و ناوبەناو دایکیشی لەسەلامەتی کوڕەکەی ئاگادار دەکردەوە[1] .

لەو ماوەیەدا 80 قزڵباش کەلەجەنگی تورکمانەکان رزگاریان بووبوو ، هاتنە چیاکانی بوغزی نزیك ئەردەبیل و یەکێکیان بەناوی ڕۆستەم قەرەمانلو بۆ پاراستنی ئیسماعیل لەچنگی تورکمانەکان نیوە شەوێك خۆی کرد بە مزگەوتەکەدا و ئیسماعیلی لەگەڵ خۆی بردە ناو هێزەکان لەگوندی گورگان و پاشان بەماڵی فەرەخزادی واعزی سپارد . ئەمجارەشیان لەترسی دەسگیرکردن و نەبوونی ئاساییش مارتـــای دایکی بەناچاری لەگەڵ 200 کەس لەموریدەکانی بنەماڵە ، لەوانە حسین بەگ للە شاملۆ ، ئیدال بەگ دەدە و گۆگ عەلی ی خەڵکی ئەنادۆڵ ئیسماعیلیان بەشەو بەرەو گەیلان برد[2] .

## ئیسماعیل لە رەشت و لاهیجان

پاش گەیشتنی مارتا و کوڕەکانی بۆ رەشت ، نزیکەی مانگێك لە "مزگەوتی سپی رەشت" دا مانەوە ، ئینجا کارکیا میرزا عەلی ی فەرمانڕەوای لاهیجان کەلە بنەماڵەی سەیدەکان و لەکوڕانی ئیمام حسین موجتەبا وبەهێزترین دەسەڵاتداری



[1]: نظام الدين مجير شيبانى – سةرضاوةيةكى ثيَشوتر ، ل74

[2]: نظام الدين مجير شيبانى – سەرچاوەیەکی پێشوتر ، ل74

ئەو ناوچەیەو بە ئەمەکترین لایەنگری بنەماڵەی سەفەوی بوو ، داوای کرد ئیسماعیل و براکانی بێنەلای خۆی لە لاهیجان و ئەوانیش داواکەیان پەسەند کرد[3] . پاش گەیشتنیان بۆ لاهیجان ، کارکیا لە سۆنگەی ئەو رێز وحورمەتەی بۆ شێخ سەفی هەیبوو .پێشوازییەکی شایستەی لە نەوەکانی کرد .

رۆستەم میرزا لە ریگای سیخوڕەکانیەوە بۆی دەرکەوت کە هەردوو برا پەنایان بردۆتە بەر حاکمی لاهیجان .پاش زاڵبوون بەسەر سوڵتان عەلی و کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکە ، رۆستەم میرزا داوای لە کارکیا کرد ئەو دوو برایەی بۆ بنێرێتەوە . بەڵام کارکیا نکۆڵی لێکرد و دەوترێ گوایە ئیسماعیلی خستۆتە زەمبیلێکەوە و بەدارێکدا هەڵیواسیوە و سوێندی خواردووە کە ئەو دوو برایە لەخاکی لاهیجان دا نین[4] . لەو رووەوە کە رۆستەم میرزا زانیاری ووردی لەسەر بارودۆخەکە هەبوو ، بێ حورمەتیەکی زۆری بۆ گێڕانەوەی ئەو دوو منداڵە نواند و سەرەنجام کەڵکەڵەی پەلاماردانی سەربازی ناوچەی گەیلانی کەوتە سەر . ئەمجارەشیان ، بەخت یاوەری ئیسماعیل بوو ، چونکە هێزەکانی رۆستەم میرزا لەکەنار رووباری ئاراس روبەرووی هێزەکانی ئەحمەدبەگی خاڵۆزای تری بووەوە و پاش شەڕێکی خوێناوی لەشکری میرزا رۆستەم تێکشکاو خۆیشی کوژرا .

تا ساڵی 904 ی ە.ق ئیسماعیل لای حاکمی لاهیجان مایەوە و لەوەو پاش کارکیا میرزا عەلی داوای لە شێخ شەمسەدینی لاهیجان و نەجمەدین گەیلانی کرد

[3]: حسن بەگ روملو ، همان ،ص 18 . هەروەها بڕوانە : نظام الدين مجير شيباني ، سەرچاوەیەکی پێشوتر.ل74.

هەروەها أحمدتاج بخش، تاريخ صفويه ، انتشارات تاريخ، شيراز 1373ص15 .

[4] : رەحیم زادە صفوى ، شرح جنگها و تاريخ زندگانى شاه اسماعيلى صفوى ، گلشن1341(1962)

هەروەها نظام الدين مجير شيبانى ، سەرچاوەی پێشوتر ل75

www.pertwk.com



تا کاری پەروەردەکردن و فێرکردنی ئیسماعیل بگرنە ئەستۆ . لەو ماوەیەدا ئیسماعیل فێری خوێندنەوەی قورئان و سەرەتاکانی عەرەبی جگە لەدروستکردنی پەیوەندیەکی باش لەگەڵ موریدەکانی دابوو . بەلای هەندێ کەسەوە ئیسماعیل 5 ساڵ لە لاهیجان مایەوە و هەندێکی تر ماوەی مانەوەی لە گەیـلان بە ( 6 ) ساڵ و چەند مانگێ لەقەڵـەم دەدەن[1] .

گوشارەکانی حکومەتی ئاق قۆینلویەکان ، پشێوی ناوخۆو نائارامی بارودۆخەکە ، ئیسماعیلی هان دا ، ئەگەرچی ئەوکات کامڵ نەبوبوو ، تا هەنگاوی گرنگ بۆ پاراستنی بنەماڵەی سەفەوی و یەکپارچەیی قزڵباشەکان بنێ و حکومەتێکی سیاسی مەزهەبی پێك بهێنێ . لەتەمەنی 13 ساڵی دا ئیسماعیل هەل و مەرجەکەی بۆ شۆڕش بەباش زانی و لەو رووەوە 7 موریدی وەفاداری شێخ حەیدەر کە بریتی بوون لە : حسین بەگ للە، دەدە بەگ تالش، خادم بەگ خەلیفە ، رۆستەم بەگ ، بەیرام بەگ قەرەمانی ، ئەلیاس بەگ ئیغور ئوغلو و قەرەبیر بەگی قاجار راپەڕین . ئەو حەوت موریدە گیان لەسەر دەستە ، کە ژمارەیەکیان دواتر لە سەردەمی پاشایەتی ئیسماعیل دا گەورەترین پلەی حکومەت و سوپایان بەدەستهێنا ، لەو کارە یارمەتی ئیسماعیلیان دا .

پاش گفتوگۆ کردن لەگەڵ کارکیا ، ئیسماعیل و هاوڕێکانی بەرەو ئەردەبیل کەوتنەڕێ ، حاکمی لاهیجان بەخۆی و سەرجەم ئەندامانی بنەماڵەو گەورەپیاوانی حکومەتەکەیەوە چەندین فەرسەنگ[2] هاوڕێتی ئیسماعیلیان کردو بە دوعای خێر خوا حافیزییان لێکرد .

[1] : حسن بەگ روملو ، سەرچاوەیەکی پێشوتر . ل20. هەروەها رحیم زادە صفوی .سەرچاوەیەکی پێشوترل119

[2] : فەرسەنگ : فەرسەخ ، پێوەری ماوەیە و نزیکەی 6 کیلۆمەترە ( وەرگێڕ )



ئیسماعیلی تەمەن 13 ساڵە لەناوچەی دیلمی رۆژئاوای دەریای قەزوینەوە بەرەو تارم هات و لەساڵی 905 ی ه.ق ، 1500 موریدی چەکداری شێخ حەیدەر و خەڵکی ئەناتۆلی و هێزەکانی تری قزڵباشی لێ کۆبوونەوە . پاشان ئیسماعیل لە تارمەوە بەرەو خەلخال و ئەردەبیل رۆیشت و لەو کاتەدا ژمارەی پەیڕەوانی کەلەسوریا و ئاسیای بچوکەوە هاتبوون زیادی کرد[3] .

لەگەڵ گەیشتنی ئیسماعیل بۆ ئەردەبیل ، نائارامی و پشێوی هەموو شوێنێکی گرتەوەو موریدە قزڵباشەکانیش بۆ سەلماندنی وەفاداری و ئامادەیی خزمەتکردنی دەهاتنە لای ئیسماعیل و سوێندی ئەمەکدارییان دەخوارد . بەو جۆرە ئەردەبیل بوو بە بنکەیەکی سیاسی و سەربازی سەفەوییەکان . پاش بڵاوبوونەوەی هەواڵی گەیشتنی ئیسماعیل بۆ ئەردەبیل خەڵکی لەدوورو نزیك بەتایبەتی لە ئەناتۆلی و کەنارەکانی دەریای قەزوینەوە روویان کردە ئەردەبیل و شارەکە بووە بنەمایەکی بەهێزی سیاسی ، سەربازی و کەلتوری سەفەوییەکان .

سوڵتان عەلی بەگ چاکرلوی حاکمی ئەردەبیل بەهاتنی ئیسماعیل و کۆبوونەوەی قزڵباشەکان هەستی بەمەترسی کرد و داوای لە ئیسماعیل کرد ئەردەبیل بەجێ بهێڵێ . ئیسماعیلیش لەبەرئەوەی هێشتا بۆ روبەرووبونەوەی حاکمی ئەردەبیل خۆی بەلاواز دەزانی ، زیارەتی مەزاری شێخ سەفی کردو ئەردەبیلی بەرەو قەرەباخ بەجێهێشت و لەوێشەوە بەرەو ئەرزنجان رۆیشت و دواتر لەسەر بانگیشتی محەمەدی بەگ تورکمان و محەمەد سوڵتانی تالش چووە تالش و لە رووی ناچاری لەئەرجوانی نزیك ئەستارا نیشتەجێبوو .ئیسماعیل لە ئەرجوان سوپایەکی بەناوی قزلباش پێکهێنا ، کە لەحەوت هۆزی تورك زمان



[3] : هەرئەو سەرچاوەیەی پێشوو .ل121

www.pertwk.com

پێكهاتبوو : 1- ئەستاجلو 2- شاملو 3- تەكللو 4- بەهارلو روملو 5- زولقەدەر 6- ئەفشار 7- قاجار .

ئەو هۆزانەی سەرەوە بریتی بوون لەوانەی كە تەیمور بە كۆیلێتی گرتبوونی ، بەڵام لەسەر تكای خواجە عەلی 30 هەزار كەسیان بە خواجە عەلی بەخشران و ئازاد كران ، ئەوانیش بوون بەلایەنگری سۆفییەكان و رێك پاش 100 ساڵ نەوە بە دوای نەوەیان بوون بەموریدی سۆفییەكان .

ئەو هۆزە تورك زمانانە لەیەكەمین راپەڕینی ئیسماعیل دا بەشدارییان كرد و ئەو لەشكرە قزڵباشەی لەسەردەمی شێخ جونەیدا بنیات نرابوو ، بەهێزی كردو رۆڵێكی گەورەیان لە پروپاگەندەكردن بۆ مەزهەبی شیعە و سپاردنی تاج و تەختی سەڵتەنەت بە بنەماڵەی سەفەوییەكان بینی .

بە سەرماوسۆڵەی زستان ، ئیسماعیل بۆ راهێنانی موریدەكانی قەڵای بەفرینیان دروست دەكرد و پاسەوانیان تێدا دادەنا ، تا بەشێوەیەكی فەرەزی ئەو قەڵا وەهمییە پەلامار بدرێ و داگیر بكرێ .

ئیسماعیل بۆ بەجێهێنانی زیارەت جارێكی تر هاتەوە ئەردەبیل و پاش زیارەت كردنی شێخ سەفی‌ی باپیرەی بەچاكی نەزانی لەوێ بمێنێ ، بۆیە رووی لە ناوچەكانی چخور سەعدی باشووری ئێران كرد و لێرەش دا دوو دەستە بەناوی { ڤەرساق} و { سۆفی‌یەكانی قەرەباخ } پەیوەندی‌یان پێوەكرد . ئیسماعیل بۆ نزیكەی 2 مانگ لە ساروقیە مایەوە و دەوترێ لەو ماوەیەدا ورچێكی گەورە كە لەئەشكەوتێك دا دەژیا و ژیانی دانیشتوانی ناوچەكەی هەراسان كردبوو ، بە تیرێك كوشتووە و بووەتە مایەی سەرسوڕمانی موریدەكانی .پاش كۆكردنەوەی مورید و دەست و پێوەندەكانی ، ئیسماعیل هاتە ئەرزنجان و لەو ماوەیەدا نزیكەی 7هەزار كەسی بەدەورەوە بوو ، پاشان



رووی كردە قەراداخ ، كە لەژێر ركێفی سوڵتان حسێن یارانی‌ی نەوەی جیهانشای قەرە قۆینلودا بوو و سەڵتەنەتی ئازربێجانی بە مافی بۆماوەی خۆی دەزانی . سوڵتان حسێن داوای لە ئیسماعیل كرد تا لەبەردەم لایەنگرانی ئەودا ئوردوبخا ، ئیسماعیلیش سەرەتا ئامادە نەبوو ، بەڵام سەرەنجام لای ئەو ئوردوی خست و بووبە میوان ، مێژوو نوسان ژمارەی موریدەكانی ئیسماعیلیان لەو كاتەدا بە 12هەزار كەس مەزەندە كردووە .

یەكەمین ئامانجی ئیسماعیل پەلاماردانی شیروان بوو تا لە سەرێكەوە تۆڵەی خوێنی باوك و باپیرەی لە حاكمی شیروان بستێنێ و لە سەرێكی ترەوە بە داگیر كردنی ناوچەی دەوڵەمەندی شیروان پێداویستی‌ی ئابووری لایەنگرانی دابین بكا . فەرەخ یساری حاكمی شیروان بە 20 هەزار سوارە و 6 هەزار پیادە و چەك و تفاقی تەواوەوە خۆی بۆ روبەڕوبوونەوەی ئیسماعیل ئامادە كردو لە نزیك قەڵای گوڵستان ئوردوی خست[1] . ئیسماعیلی 13 ساڵە سەرۆكی هۆزی شاملۆی كرد بە فەرماندەی قۆڵی راست و سەرانی ئەستاجلوی بۆ باڵی چەپ داناوسەرانی هۆزەكانی تەكالو و رۆملۆی وەك پێشەنگ داناوخودی خۆیشی فەرماندەیی ناوەندی سوپاكەی گرتە ئەستۆ. پاش شەرێكی سەخت،لەشكری شیروانشا تێكشكاو خودی شیروانشا بەدەستی "شا گولدی ئاغا" ی یەكێ لە هاوڕێكانی حسین بەگ لله دەسگیر كرا و كوژرا و كوڕەكەی رەوانەی لای ئیسماعیل كرا . بەو جۆرە ساڵی 906 ی ه.ق قەڵای گوڵستان داگیركراو دەسكەوتێكی زۆر كەوتە دەست سوپاكەی ئیسماعیل . لاشەی فرخ یسار بەفەرمانی ئیسماعیل سوتێنرا و پاشای لاو لە كەللەسەری دوژمن بورجێكی



[1] : حسن بەگ روملو ، سەرچاوەیەكی پێشوتر، ل 63

www.pertwk.com

دروست کرد و[1] ئێسك و پروسکی خەلیلوللای باوکی فەرەخ یسار، کەشێخ حەیدەری باوکی کوشتبوو، لەگۆڕ دەرهێناو سوتاندی ، ئینجا کەوتە گەڕان بەدوای ئیبراهیمی کوڕی فرخ یسار، بەڵام ئیبراهیم توانیبووی بەکەشتی بۆ گەیـلان رابکا .

ئیسماعیل هاتە شاری نو و خەڵکی پێشوازییان لێکرد ، ئەویش حکومەتی نوێی بەخادم بەگ سپارد . لە مەحمود ئابادەوە هەواڵ گەیشت کە خەڵکی قەڵای بادکوبە ، واتە جێگای گەنجینەو سامانی شا ، ئامادە نەبوون دەرگای قەڵاکە بەڕووی نوێنەرانی ئیسماعیل دا بکەنەوە ، بۆیە ئیسماعیل هێزێکی بەسەرۆکایەتی محەمەد ئەستاجلۆ و ئەلیاس بەگ بۆ گرتنی باکۆ نارد و پاش شەڕێکی سەخت توانی‌یان ئەو ناوچەیەش داگیر بکەن . لە کاتێك دا ئیسماعیل زستانی ساڵی 906 ی هـ.ق ی بەسەربرد ، ئەمیر زەکەریا لە تەورێزەوە هاتەلای . ئیسماعیل جگە لەبەخشینی نازناوی " کلیلی ئازەربێجان " بە زەکەریا ، کردیشی بەوەزیری خۆی و تا ماوەیەکی زۆر وەزارەتی ئاق قۆینلوی لەئەستۆ دابوو . لەو کاتەدا ناکۆکی و شەڕەکانی نێوان محـەمەدی میرزاو ئەڵوەنـد میرزای ( کوڕانی یوسف میرزای بایندەری ) بەسوودی ئیسماعیل گەڕایەوە ، بە جۆرێ ئیسماعیل توانی لە ماوەی یەك ساڵ دا باکوور کۆنترۆڵ بکا و سنووری حکومەتەکەی خۆی بگەیەنێتە سنووری جۆرجیا .

ئەڵوەند میرزای ئاق قۆینلو لە ساڵی 907 ی هـ.ق پەلاماری ئیسماعیلی داو هەردولا لە دەروبەری نەخچەوان لە شوێنێك بەناوی شورور روبەڕووی یەکتر بوونەوەو ئیسماعیل توانی بە هێزێکی 7 هەزار کەسی‌یەوە بەسەر هێزە 30



[1]: هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل 65

هەزارکەسی‌یەکەی ئەڵوەند میرزای ئاق قۆینلودا سەرکەوێت و ئەڵوەند میرزا بە سەختی تێکشکا و سوپای ئاق قۆینلو لەبەریەك هەڵوەشا ، هەروەها سەرکەوتن لە جەنگی شورور ، ئازەربێجانی خستەژێر کۆنترۆڵی ئیسماعیلەوە و پاشان بەرەو تەورێزی پایتەختی ئاق قۆینلویەکان لەشکرکێشی کردو پێشوازییەکی شایستەی لێکرا . بە کۆنترۆڵکردنی تەورێز لەلایەن ئیسماعیلەوە ، وەرچەرخانێکی گەورە لە مێژووی ئێران دا هاتەدی ، کە بریتی بوو لەدامەزراندنی پاشایەتی بنەماڵەی سەفەوی .

ڤینیسی گەشتیار ، کە لەسەردەمی ئیسماعیل دا هاتبووە ئێران ، بەم جۆرە وەسفی هاتنی ئیسماعیل بۆ تەورێز دەکا : ( پاش کۆنترۆڵکردنی تەورێز ، ئیسماعیل بە بایەخێکی زۆر و دەسەڵاتێکی فراوانەوە هەڵسو کەوتی لەگەڵ بەرهەڵستکارانی خۆی کرد و ژمارەیەکی زۆر پیاوان ، زانایان ، ژن و منداڵانی پارچە پارچە کرد و لاشەی زۆرێ لەسەرانی ئاق قۆینلوی لە گۆڕ دەرهێناو سوتاندنی )[2] . پاش هاتنی بۆ تەورێز ، ئیسماعیل ، ئەڵوەند میرزای بایندەری شاربەدەرکرد و خۆی لەجێگای دانیشت و خۆی وەك شای ئێران ناوزەد کرد و خوتبەی سەڵتەنەتی بەناوی پێغەمبەر و عەلی کوڕی ئەبوتالیبەوە خوێندەوە و بڕیاری دا لەکۆتایی خوتبەکەدا خۆی لە دوژمنانی ئەهلی بەیتی پێغەمبەر بێ بەری بکا و بەوجۆرە تاجی خستە سەری و نازناوی ( ئەبو موزەفەر

64

شائیسماعیلی هادی والی ) لەخۆی نا . ساڵی 907 ی هـ.ق ، لەیەکەمین هەینی پاش تاج خستنەسەر ، بەناوی 12 ئیمامەکەی شیعەوە خوتبەی داو



[2]: نظام الدين مجير شيباني ، سەرچاوەیەکی پێشوتر ، ل88

www.pertwk.com


هەربەناوی ئەوانیشەوە سکە لێدراو لەسەر سکەکان " لا اله الاّ الله " هەڵکەندراو لە رووەکەی تریشی ئەم رستەیە نووسرابوو : " السلطان العادل الکامل الهادي الوالی أبو المظفر شاه اسماعیل بهادرخان الصفوی خلدالله تعالی ملکه وسلطانه " . هەروەها لەلێواری سکەکە ناوی چواردە مەعسوم نووسرا .

شا ئیسماعیل بڕیاریدا مەزهەبی شیعە بکاتە مەزهەبی رەسمیی وڵات ، کەخۆی لەخۆیدا کارێکی ملهوڕانەبوو ، چونکە مەزهەبی دانیشتوانی ئێران بەرەسمی تائەوکاتە سوننەبوو و تەنها ژمارەیەکی کەم شیعە لە کاشان و قوم و رەی دا هەبوون . کاتیّ شائیسماعیل دەوروبەرەکەی خۆی لەوبارەیەوە ئاگادارکردەوە ، نەك هەر نائارامیی دروستکرد ، تەنانەت ژمارەیەك زانای شیعەیشی تووشی سەرسوڕمان کرد. بەڵام ئیسماعیل گویّی لەئامۆژگاری خێرخوازانەی ئەوان نەگرت و ووتی:- منیان بۆ ئەنجامدانی ئەوکارە راسپاردووە وخوای گەورە و ئیمامە مەعسومەکان هاوڕێمن و باکم لەهیچ کەس نییە و بە پشتیوانی خوای گەورە ئەگەر رەعیەت بڵیّ (لەل) ، شمشێر دەکێشم و تاقە کەسێك بەزیندویی ناهێڵمەوە .[1] پاشان بڕیاری دا شەهادەتی شیعە واتە : " أشهد ان علیا ولی الله وحی علی خیر العمل " لە بانگدان و قامەت دا پەیڕەو بکریّ . شایانی باسە شا ئیسماعیل کە رەوانبێــژێکی کەم وێنەبوو ، نزیکەی 900 ساڵ پاش رووخانی دەوڵەتی ســاسانی و 300 ساڵ پاش ئیلــغارە جیاجیاکان ، کەشیــرازەی ئێــرانیان پچڕاندبوو ، توانی دووبارە بناغەی حکومەتێکی سەربەخۆ و یەکگرتوو داڕێژێتەوە .[2]



[1]: دکتر عبدالله رازی ، تاریخ کامل ایران ، چاپ اقبال ، باب سوم ، سال 1347 ص 412 هەروەها دکتر محمد شکوه ، تاریخ ایران زمین انتشارات اشراقی 1372 ، ص 267.

[2]: خانبا بابیانی ، تاریخ نظامی ایران جنگهای دوره صفویه ، ستاد بزرگ ارتشتاران ، 1353 ص 2



منارەی شەمس تەورێزی لەشاریخوی کەبەشاخی بزنە کێوی و ئاسکی شکارکراوی شائیسماعیلی یەکەمی سەفەویی رازاوەتەوە

www.pertwk.com

# کەسایەتی شائیسماعیل[1]

ئاکاری هەرەدیاری شائیسماعیل بریتی بوو لە پایداری و پشوو درێژی بەرامبەر بە سەختی و ناخۆشی‌یەکان، جگە لە ئیرادەی پولایین لە جێبەجێ کردنی بڕیارەکان دا . ئەگەرچی ئازایەتی و توند و تیژی‌یەکەی وەك پیاوێکی زۆردار نیشانیان دەدا، بەڵام لە راستیدا پیاوێکی ئازادیخواز و بەخشندە بوو، کات و شوێنی لەباری پاداشت وسزای بەباشی دەزانی . لە مەیدانی نەبەردی‌دا شێرێکی خەنجەر وەشێن و لە بەخشش دا حاتەمی تایی بوو،کە لەبەر دەست بڵاوی هەمیشە خەزێنەکەی خاڵی بوو.

شا ئیسماعیل لە رادە بەدەر حەزی بە راو و شکار دەکرد وزۆر جار بەتەنها راوی نێرە شێر و پڵنگ و ورچی کردووە[2] .دەگێڕنەوە رۆژێکیان پاش داگیر کردنی بەغدا هەواڵی پێ‌دەگا کە چەند شێرێکی دڕندە لە بێشەیەکدا خۆیان حەشار داوە و ترسیان بۆ دانیشتوانی ناوچەکە دروست کردووە .بەپێ‌ی



[1]: عەلی ئەکبەر هاشمی رەفسەنجانی لە کتێبی "امیر کبیر یا قهرمان مبارزه با استعمار"بە ئاماژە بۆ "سغر نامه ناصر الدین شاه به عراق " نووسیویەتی :کاتێ دەگەنە گوندێك کە پێشتر لەگەڵ ئەمیر کەبیر سەردانی ئەو گوندەیان کردبوو ، لەوێ هەواڵێکی ناخۆش دەربارەی دۆخی وولات دەبیستێ : لەو گوندە لە ئەمیرکەبیرم پرسی ئایا چی‌بکرێ باشە تا وڵات لە خراپە رزگاری بێ ، ئەمیر لەکاتێکدا دەستێکی لە ئاستینی جبەکەی و دەستەکەی تری لە دەرەوە بوو ، یەکسەر دەستەکەی تریشی کردە ناو جبەکەیەوە و قیت وەستاو وتی:"پاشایەکی وەك شا ئیسماعیلی دەوێ ، فەرماندەیەکی سوپای وەك نادر شای دەوێ و سەرۆك وەزیرانێکی وەك منی دەوێ تا دوایی بەو بەد بەختی‌یانە بهێنرێ .

[2]: رحیم زادە صفوی ، سەرچاوەیەکی پێشووتر ل130 ، هەروەها بڕوانە نظام الدین مجیر ،سەرچاوەیەکی پێشووتر ل93.

نووسراوی "احسن التواریخ" سەرەڕای رێگە نەدانی سەربازەکانی ، تەنها بەتیر و کەوان ئەو شێرانەی راو کردووە . شا ئیسماعیل وەرزی زستانی لە{خوی} دا بەسەر دەبرد و شاخی بزنە کێوی و ئاسکە راوکراوەکانی لە 3بورج و بەرزیی 16 یاردە کەڵەکە کرابوون ، کە ئێستا تەنها یەك بورجیان ماوەتەوە ، کە بە شاخی بزنە کێوی و ئاسك داپۆشراوە وکەوتۆتە گەڕەکی ئیمام زادەی ئێستاوە و ناوی بورجەکە " منارەی شەمسی تەورێزی " یە . جگە لەوانە شائیسماعیل جەنگاوەرو رێکخەرو رەوان بێژی سەردەمی خۆی بوو . گەشتیارە ئەوروپی‌یەکان باشتر ژیانی شائیسماعیلیان باس کردووە لە کاتی سەردانیان بۆ ئێران . دانەری " روضة الصفا " نوسیویەتی:" لە راستیدا ئەو پاشا کەم وێنەیە سەرسامی شەو و رۆژی سەردەمی خۆی بوو . یەکەم لەو تەمەنەکەمەیدا بێ پشتیوان و یاوەر دەرکەوت ، ئالای جیهانگیری بەرز کردەوە و چەندین پاشای گەورەی رامالی" ، مێژونووسی ئیتالی (کانزینۆزینۆ) دەنووســـــێ:-

"شا ئیسماعیل لە 13سالی‌یەوە دەستی بە دابین کردنی ئاسایش بۆ وڵات کرد ، سیمایەکی رێك و پێك و رواڵەتێکی شاهانەی هەبوو ، ئاکارە رۆحی‌یەکانی لەگەڵ جوانی‌ی لەش و لاری‌دا جیاوازی نەبوو ، ئەوپەڕی زیرەکی و دووربینی لێ بەدی دەکرا ، بەجۆرێ باوەڕ نەدەکرا لەو تەمەنەدا ، ئەو هەموو ئاکارە لە کەسێکی وادا کۆبێتەوە . بیری تیژ و دەستوبرد لە کار و لیاقەتی شا ئیسماعیل لە هیچ یەکێ لەهاو سەردەمەکانی‌دا نەدەبینرا " . زۆر کەیفی بە سەیدەکان دەهات ولە باجدان بەخشرابوون (یەکێ لە بەڵگە نامەی پاشکۆی ئەم کتێبە).

ئەنژیللۆ لە سەفەرنامەی گەشتیارە ئیتالی‌یەکان دا نووسیویەتی:" خاوەن جوانی و رەوشت و رەفتاری باش بوو، ئەم سۆفی‌یە قۆزە ، زۆر دڵگیرو روخۆش بوو، بالای هێندە بەرز نەبوو،بەڵام لەش و لارێکی گونجاوی هەبوو، لەجیاتی

www.pertwk.com

**دەستی راست ، دەستی چەپی بەکار دەهێنا. وەك کەلەشێری جەنگی بێباك بوو،لەهەر یەکە لەئەمیرەکانی خۆی زیاتر بەهێزتر بوو.لە کێبرکێی تیر وەشاندن دا ، لە10سێو بەلایەنی کەم حەوتیانی دەپێکا . جەنگاوەرەکانی بە رادەیەك گوێڕایەڵی ئیسماعیل بوون  کە زۆر جار بێ چەك دەچوونە جەنگەکانەوە تا لە رێگای مورشیدەکەیاندا شەهید بن . کاتێ من لە تەورێز بووم بیستم شا لەو پەرستنە بێزارە و حەز ناکا بە خوا بانگی بکەن . شا ئیسماعیل دۆستایەتی لەگەڵ شاعیرەکاندا هەبوو و خۆیشی شیعری دەهۆنیەوە . ئەم بەیتانەی بە عەرەبی نووسیوە و بۆ سوڵتان سەلیمی ناردووە :**

**نحن اناس قد** عذا طبعنا **حب** علي بن ابيطالب

**عيبنا الناس على حبــه** فلعنة **الله على العاتب**

**هەروەها ئەمەش نمونەیەکی شیعری ترە کە بە زمانی تورکی و لەستایشی ئیمامەکاندا هۆنیویەتیەوە :**

**(( منيم بوتندكى جانم عليـدور** **منيم هم دين وايمانيم عليدور**

**شاه ايكى جهانين** افضلی **دور** **الله نك اى او ننـك الى دور**

**اول سوز كه زمانه هيكليـدور** **الله و محمد و عليـــدور**

**عليدور** ظاهر و باطندة **پيـدا** **چيخر ميش گوهرى ازقعر دريا**

خطائی دور غلام ال حیدر مرید **و چاكرو والاى قنـبر))**[1]

**لەکارە سەرسوڕهێنەرەکانیشائیسماعیل ،سوتاندنی دوژمنەکانیەتی**[2]**، دروستکردنیمنارە بە کەللەسەر لە شاری مـــەرو ، هەڵتەکاندنی گۆڕی پاشاکانی شیروان و باکۆ و سوتاندنی ئێسك و پروسکیانە وەك تۆڵە سەندنەوە .**



---


[1] **: وەرگیراوە لە ئەدوارد براون ، تاریخ ادبیات ایران ،وەرگێڕانی دکتر بهرام مقدادی ، انتشارات مروارید ، چاپ اول شال** 1369.

[2] **: محمد ابراهیم باستانی پاریزی ، سەرچاوەیەکی پێشوتر ، ل** 22 .

www.pertwk.com








www.pertwk.com

**نمونه له هۆنراوەکانی شائیسماعیل**







## دەقی فەرمانی شائیسماعیل بۆ لێبوردنی سەیدەکان لە باج و ەراج

**فرمان شاه اسماعیل در خصوص معافیت مالیاتی سادات**

بسم‌الله الرحمن الرحیم

«الحکم‌لله ابوالمظفر شاه‌اسمعیل بهادرالصفوی سوزمیز امرا و حکام و داروغگان و عمال و مباشران امور اشغال دیوانی و متصدیان مهمات سلطانی ولایت دیزمار بدانند که چون بمقتضی کلام در انتظام قل لااسئلکم علیه اجراً الاالمودة فی‌القربی تقویت و تمشیت سادات عظام بر ذمهٔ همت سلاطین معدلت شعار و خواقین گردون اقتدار از قبیل واجبات و متحتمات است در این اوقات فرخنده ساعات عنایت بی غایهٔ پادشاهانه و شفقت و مرحمت خسروانه شامل احوال و کافل آمال سادات عظام کرام ذوی‌الاحترام (کوزه خیر) و هم اخلاف السادات و النقباء العظام فی‌الانام زبدتی احفادالنبی علیه‌السلام سیدضیاءالدین رضا و سیدمحمد و سیدجعفر و سیدعامر و برادران فرموده مالوجهات و حقوق دیوانی ایشان را دانسته و دربسته معاف و مسلم و جزو ترخان و مرفوع‌القلم فرمودیم و ارزانی داشته باید که حسب‌الحکم مقرر دانسته مطلقاً به علت مالوجهات و اخراجات و خارجیات و عوارضات حکمی و غیر حکمی از علفه و علوفه و قتلغا و الاغ و الام و بیگار و شکار و طرح و دست‌انداز و عیدی و نوروزی و اسازه پیشکش و سامدی و جریک و دهنیم

www.pertwk.com



و ملکانه و محصلانه و صدچهار و رسم الصدار و رسم لوزره و حق السعی عمال و
رسوم داروغگی و رسم التحریر و المسوده و رسم الاستیفا و اخراجات قلاع و طوبین و
صد یک و صد دو و سایر تکالیف دیوانی و مطالبات سلطانی و آنچه اطلاق متو
خارج بر آن توان کرد به هر اسم و رسم که باشد مزاحم نشوند و بعرض نرسانند و به
قلیل و کثیر طمع و توقع ننمایند و از شایبهٔ تغییر و تبدیل مصون و محروس شمرند و
به دستور سابق و قانون استمرار معاف و مسلم دانسته حول لی نکنند و مطالبی
ننمایند و اعزاز و احترام مشار الیهم از لوازم شمرند و شکر و شکایت ایشان را مؤثر
دانند و از مقتضی فرمان همایون تخلف نورزند و بدین عمل روند و هر ساله در این
ابواب نشان و پروانچهٔ مجدد طلب ندارند و چون به توقیع رفیع منیع مطاع عالم مطیع
شرف اعلی مزین و موشح و موضح و محلی گردد اعتماد نمایند کتب بالامر العالی
اعلاه الله تعالی و خلد نفاذه و لازال مطاعاً متبعاً فی خمس عشرین جمادی الثانیه سنه
سبع و تسعمائه [1].



## مەزهەبی شیعە

پاش بە رەسمی کردنی مەزهەبی شیعە و لەبەر کەمی کتێب و سەرچاوە لەسەر مەزهەبەکە ، جێبەجێ کردنی یاساکان ، روبەڕووی کێشەی زۆر بوونەوە[1] . تا ئەوکاتەی قازی نەسرئیلا زەیتونی سوودی لە بەرگی یەکەمی کتێبی " قواعد الأحکام" ی بەرهەمی شێخ جەمالەدین موتەهەر حیللی وەرگرت .

بە گوێرەی نووسینەکانی ئەدوارد براون[2] ، ئەو کتێبە بووە بناغەی راهێنانی شیعەکان . یەکێکی تر لەو گرفتانەی لە راهێنانی شیعەی ئێراندا دەرکەوت گرفتی زمان بوو ، چونکە سەرجەم سەرچاوەکان بەزمانی عەرەبی بوون و فارسییان نەدەزانی .

[1] : مریم میر احمدی ، سەرچاوەیەکی پێشوتر ، ل 67

[2] : أدوارد براون ، هەر ئەو سەرچاوەیەی پێشوو .

www.pertwk.com

سەردەمی سەفەوی لە رووی گەشەو پەرەسەندنی بیر و باوەڕی مەزهەبی‌یەوە بەیەکێ لە چاکترین سەردەمە مێژوییەکانی ئێران دادەنرێ و شائیسماعیل و دەرباری سەفەوی بەهۆی پێویستی‌یان بۆ ئاگاداربوون لە بنەماو یاساکانی مەزهەبی شیعە ، هەوڵێکی زۆریان دا بۆ دامەزراندنی ناوەندی مەزهەبی ، زیادکردنی کتێب و نووسراوە پەیوەندیدارەکان ، بۆ هاتنەدی ئەو ئامانجە ، فیقهەکانی مەزهەبی شیعە ، لەسەر بانگهێشتی دەرباری سەفەوی



لەچیای عامل و بەحرێینەوە هاتنە ئێران و بڕیاری وەرگێڕانی کتێبە مەزهەبی‌یەکان ، کەبەزۆری بە عەرەبی نووسرابوون بۆ سەر زمانی فارسی درا .

لە سەردەمی شائیسماعیلی یەکەم دا ساڵی 917 ی ه.ق سەرەتا شێخ عەبدولعالی کەرکی و پاشان جەمالەدین محەمەد ئەستەر ئاباد بوون بە پێشەنگ و ئەمیر سەید شیرازی ، سەدری دەربار ، لە پروپاگەندەکردن بۆ مەزهەبی شیعە بوو بە یەکێ لە پێشەنگانی ئەو بوارە .

قازی محەمەد کاشی لە ساڵی 909 پلەی وەزیریی وەرگرت و بووە سەدر . لەخولەکانی پاشتریش دا دەسڕۆیی روحانی‌یەکان لەدەرباری سەفەویدا گەیشتە رادەیەك کە فەرمانەکانی دەربار تەنها پاش پشتگیری کردنیان لەلایەن زاناکانەوە جێبەجێ دەکرا و لەو بارەیەوە چەندین زانای گەورەی وەك : موحەققی‌دووەم ، شێخ حور عاملی ، شێخ بەهایی، میرداماد ، میر فندرسکی ، سەدرولموتەئەهلین، مەلاموحسن فەیزی کاشانی ، مەلا عەبدولرەزاق لاهیجانی ، محەمەد تەقی و محەمەد باقر مەجلسی دەرکەوتن .

## ***سەرهەڵدانی شیعە***

(غەدیری‌خەم ) و ناساندنی عەلی وەك سەرکردەیەکی موسڵمانەکان لەلایەن پێغەمبەری خودا ،مەسەلەی رێبەری کردنی موسڵمانەکانی پاش پێغەمبەر روون کردەوە .بەڵام سەرەڕای تەئکید کردنی زۆر ،کەچی پاش مردنی پێغەمبەر دوو رەوتی فیکری جیاجیا لەجیهانی ئیسلام دا دەرکەوتن کەهەریەکەیان جێنشینی پێغەمبەر و رێبەری نوێی ئیسلامەکانی بۆ رەوتەکەی خۆی بەرەوا دەزانی:



رەوتێکیان لایەنگری شیعەو ئەوی‌تر سوننە .شیعەکان لێبڕاوانە باوەڕیان وابوو کەعەلی جێنیشینی پێغەمبەرە و سوننەکانیش دەیانگوت کەپێغەمبەر کەسی بە جێنشین دیاری نەکردووە . ئەم فاکتەرانەی خوارەوە یارمەتی بڵاوبونەوەی مەزهەبی شیعەیان لەئێراندا دا :–

1. بیروباوەڕی پتەو بە حەققانی‌یەتی‌جێنشینی عەلی
2. ناردنی سەلمان فارسی بۆ مەدائن لەلایەن عەلی‌یەوە و کاریگەریی هەڵکەوت و کەسایەتی و ئایینی سەلمان کەخۆی ئێرانی بوو ،هەروەها دواتر کاریگەریی حوزەیفەی یەمانی .

لەکۆتایی سەدەی دووەمی کۆچی دا (سەدەی هەشتەمی میلادی ) واتە لەسەردەمی عەبباسی‌یەکان دا شیعە لە ئێران دا بڵاوبووەوە ، سەرەتا مەزهەبی شیعە بەزۆری لە ویلایەتەکانی باکووری ئێران، لە نزیك دەریای قەزوین دا بڵاوبووەوە . بەو جۆرە لەگەڵ دەرکەوتنی ئیسلام دا وردە وردە ئایینی زەرادەشتی بایەخی خۆی لەدەستدا ، پاش ئەوەی سامانی‌یەکان توانی‌یان سەرەڕای ناڕەزایی عەبباسی‌یەکان لەئێران حکومەتێکی نیمچە سەربەخۆ پێك بهێنن ، ئێرانی رۆژهەڵات سەربەخۆیی رێژەیی خۆی بەدەستهێنا ، بەتایبەتی

www.pertwk.com

لەسەردەمی بوەیهیەکان لەساڵی 321 ی ھ.ق دا کەتا رادەیەکی زۆر هێز و دەسەڵاتی خەلیفەی عەبباسییەکانی کەم کردەوە .

ساڵی 334 یھ.ق ئەحمەد مەعزول دەولە هاتە بەغدا و بوار بۆ شیعەکانی بەغدا رەخسا تا لەناوەندی خەلافەت و رواڵەتی تەسەنون دا حوکمڕانی بکەن ، بەڵام لەبەرئەوەی عەزدئەلدەولە شیعە مەزهەب و لایەنگری عەلی بوو ، زیاتر رووی دەدایە زانا شیعەکان .



لەسەردەمی بوەیهییەکاندا پرسەدانان بۆ حسێن و وتنەوەی رستەی " حی علی خیر العمل " لەبانگدان دا برەوی پیٚ درا . شایانی باسە ئەمیرە دیلمییەکان زۆر دەمارگیربوون بەرامبەر بە شیعە کەچی دواتر تورکەکان ، بەتایبەتی غەزنەوییەکان بەناوی خەلیفە عەبباسییەکانەوە کوشتاری شیعەکانیان کرد . هەروەها سەلجوقی و خوارزمشاهییەکان کە سوننەبوون ، بواری گەشەو پەرەسەندنی شیعەیان نەدا ، وەك ئاشکرایە پاش داگیرکردنی ئێران لەلایەن عەرەبەکان و داڕوخانی حکومەتی ساسانی ، یەکێتی مەزهەبی ئێرانییەکانیش تێکشکا و هەرچەندە پاشاکان هەوڵیان دا یەکێتی مەزهەبی لە وڵات دا پیادە بکەن ، بەڵام نەیانتوانی .

پێش هاتنە سەرکاری سەفەوییەکان ، بەهۆی نەبوونی ئارامی و یەکپارچەیی سیاسییەوە لەئێران ، هەروەها بەهۆی گرتنەبەری سیاسەتی چاوپۆشینی مەزهەبی لەلایەن بنەماڵەکانی مەغول و تەیمورەوە ، جۆرە ئازادییەکی رێژەیی مەزهەبی لەئارادابوو .لەو سەروبەندەدا زانا شیعەکانیش چالاکییان هەبوو . لەگەڵ هاتنی مەغۆلەکان ، نەك تەنها شیعە ، بەڵکو بوونی خودی ئیسلام روبەڕوی چەند مەزهەبێکی رکەبەری وەك بودایی و مەسیحی بووەوە و جیهانی ئیسلام کەوتە بەر قەتلو عامی هۆزە مەغۆلەکان و شارەکانی وێران کران و سەرکردە مەزهەبییەکانی زیندانی و ئازار و قەتلو عام کران ، ئەو بارودۆخە لەگەڵ مەیلە جیاجیاکانی مەزهەبی ئیلخانە مەغۆلەکاندا هەڵکەوتێکی ئاڵۆزی بەخۆوە گرت .

یەکەمین هەوڵی بوژاندنەوەی شیعە لە ئێران دا ، لە سەردەمی ئەلجایتۆ ( سوڵتان محەمەد خودا بەندە ) کرا و ئیلخانی مەغۆل مەزهەبی شیعەی پەسەند کرد و ناوی سیٚ خەلیفەی لە خوتبە و سکەدا لابرد و لە بری ئەوان ناوی



ئیمامەکان نووسرا . تەنانەت لە پاڵ گومبەزی سوڵتانییە ، قوتابخانەیەکی دروست کرد و 60 مامۆستا وانەیان تێدا دەوتەوە و ژمارەیەك عەللامەی گەورەی وەك جەمالەدین حەسەن بن مەتهەر حللی و فەخرولموحەققین فەخرەدین محەمەدی کوڕی و سوڵتان محەمەد ئەلجاتیو رێنمایی کاروباری ئایینی یان دەکرد و عەللامە حللی دوو بەرگ کتێبی لەسەر بنەماکانی شیعە دانا بە ناوی " نهج الحق و کشف الصدق " لە زانستی زمان و ئەوی تر بە ناوی " مفتاح الکرامە فی باب الامامە " و هەردووکیانی بردە لای پاشای مەغۆل .

بەو جۆرە لە سەردەمی ئەلجاتیو دا شیعە پەرەی سەند و زانا شیعەکان ، کە لە بەحرەین و عیراق دا پەرتەوازە بوبوون ، کەوتنە جموجۆڵ و ژمارەیەکی زۆر کتێبیان لەسەر رەتدانەوەی بیروباوەڕی بەرهەڵستکارانیان نووسی .

پاش سەردەمی حوکمڕانی ئیلخانە مەغۆلەکان و لەگەڵ هاتنە سەرکاری " سەربداران " دا ،کە دەیانویست شیعە لە ئیران دا بکەنە مەزهەبی رەسمی ، بزاڤی شیعە شێوەیەکی نویٚی بەخۆوە گرت 0 سەربداران لە سەبزەوار لەگەڵ شیعەکانی چیای عامل لە دەرەوەیئیران پەیوەندی یان دروست کرد و بۆپەرەپێدانی زانستی ئیسلامی بانگهێشتی زاناکانیان بۆ ئێران کرد

www.pertwk.com

0لەئەنجامی ئەو بانگهێشتانەدا فەقیٚی ناسراوی شیعە ،شەهیدی یەکەم ،شیخ شەمسەدین محەمەد مەککی لە زیندان دا کتێبی " اللمعة الدمشقية " ی بەناوی ئەمیر عەلی موئەیەد سەربداری یەوە نووسی.

پاش ئەوەی تەیمور جڵەوی کاروبارەکانی گرتە دەست ،کە خۆی بە لایەنگری سەختی سوننە نیشان دەدا ،شیعە رووی لە کزی کرد و تەنها سوڵتان حسێن بایقرا لای لە شیعە کردەوە و زۆربەی خەڵك ، بەتایبەتی میر عەلی

نەرمی رەفتاری دەکرد ، شیعری دەهۆنی‌یەوە و نزیکەی 3هەزار و 815بەیت شیعری لە دیوانی (خطائی) دا هەیە . ﴿ چەند نمونەیەکی لەم کتێبەدا هەیە ﴾ .





شیروانی‌ی وەزیری شای مەغۆل بەئاشکرا نارەزایی خۆیان دەربڕی و مەزهەبی ئیسماعیلی لەقەزوین و موشەعشەعی لە هوێزە وەك شیعەی غالی دەرکەوتن.

لەگەڵدەرکەوتنی شائیسماعیلی یەکەم و بەرەسمی کردنی مەزهەبی شیعە ،وەرچەرخانێکی گەورە و بەربلاٚو لە ئێران دا روی دا و هەر ئەو هۆکارە بووە فاکتەری یەکێتی‌ی نەتەوەیی و گەڕانەوەی سیادەتی ولاٚت و سەرەنجام بووە مایەی کۆچکردنی تورکەکانی ئەنادۆلی بۆ ئێران و بەهێزبوونی پایەکانی دەوڵەتی سەفەوی.

شائیسماعیل لەروی ئازایەتی و زیرەکی یەوە ، لە کەسە دەگمەنەکانی مێژووی ئێرانە ، کەلە تەمەنی 15–37 ساڵی‌دا بۆ ماوەی 18 ساڵ خزمەتی بەرز راگرتنی مەزهەبی کرد . بەرە چاوکردنی کەموکورتی یە ئەخلاقی یەکان ، بەرپەرچدانەوەی شائیسماعیل بۆ دوژمنە سەرسەخت و کینە لە دڵەکانی ، بەدرێژایی چەندین ساڵ لە زانکۆ گەورەکانی جیهان خرانە بەر باس و لێکۆڵینەوە ، ئازایەتی کەم وێنەی شائیسماعیل مایەی ستایشی تەنانەت دوژمنەکانیشی بوو، هەروەك لە لایەن موریدەکانەوەش نازناوی " رێبەری کامڵ "ی وەرگرت . سەرەڕای ئەو هەموو ئازایەتی و توند و تیژی‌یە ، شائیسماعیل بە

www.pertwk.com

**نمونەیەك لە شیعرەكانی بە**


**"خطائی" دیوانی شیعری ی شائیسماعیلی یەكەم**

صحیفه

بشارت کوزنکمه شاه سن‌ی کلدنک 315
عاقبت ای مه منی عالمده حیران ایلدنک 316
منی انکار ایدن اول خط وخالنک 317
صاتاشدی تا منکا مستانه چشمنک 318
خط وخالنکله زلفنک در دلیل اهل عرفانک 319
سنبلنکی عارضنک دورنده ایشار ایلدنک 321

ل

ای صنم یوزنکده مشکین زلفنکی داغتمکل 322
آه واویلا کیم اول کلرخ پری بادم دکل 323
ای ملک حسننک سننک نور خدا در بیلش ول 324
آخر اول سرونک باننده سودکل یاشم دراول 325
رشته درجسم منم کیرپوکلرنک سوزن مثال 326
کیم که سرمست اولمز عاشق دیدار دکل 327
بو ازلدن بیلیش جان ودلدن آه آه آکوک دکل 329



| | صحیفه |
|---|---|
| سنبلنگ کمزیند ای شهزاده ایبان متفعل | 330 |
| م | |
| دلبرا یوزنکی کورسم ماه تابانم دیوم | 332 |
| دلبرا حسن رخنک گلزار جنت بیلمشم | 333 |
| نقالی شانه اکبرکه بیر نور خدا کوردم | 334 |
| دل سنکا حیران اولبدر تا جمالنکسه کورمیشم | 335 |
| خیلی دمدر ای پری اول مه جمالنک کورمزم | 336 |
| ای پری حسنک سنک ماه منور کورمیشم | 337 |
| اول پری رعنا کیدن سرو روانیدر منم | 338 |
| اول پری کیم چشمی ساقی لعلی جام درمنم | 339 |
| چیچیدی عشقنک سنک بیرلحظه جاندن منم | 340 |
| باطنم هجرنکرد جانا دوبتلو قان درمنم | 341 |
| تامنی آیردی دوران سیوکو یارمدن منم | 342 |
| اول پری عشقینه منجاندن گرفتار اولمشم | 343 |
| ای پری شیرین لبنک عشقنده فرهاد اولمشم | 344 |

v.pertwk.com



| | صحیفه |
|---|---|
| سمنی یامده جانا یوخسه خوابم درمنم | 345 |
| سنک تک دلبر جانانه یتدم | 346 |
| جمالنک کلشنچون مرغ زادم | 348 |
| وصالنکدن سننک دور اولدی کونکلم | 349 |
| اول پریوش حسنی کنجم یار سندن کوسمیشم | 350 |
| آدم اسمعیل ابن حیدروم | 351 |
| تا کیم ای دلبر وصالنک کندی یامندن منم | 352 |
| ای جمالنکده سننک نور الهی در تمام | 354 |
| کیجه کوندوز استکم دلدار یارم بولمشم | 355 |
| تاکه کوردم من جمالنک ای پریوش دلبرم | 357 |
| کوزلری میخانه در میخانه یه کوندرمیشم | 358 |
| درد و فراق و حسرت الیلن جانه کلمشم | 359 |
| تاکه کوردم من سنی عالمده حیران اولمشم | 360 |
| دنی و عقبیده سن تک یار غمخوار ایسترم | 362 |
| ای جان من جمالنکی کوردوکمه جان دیرم | 363 |

www.pertwk.com

صحیفه

| | |
|---|---|
| منم که بو زمانه شیمدی کلدم | 364 |
| اول پری پیکر صنم جسمده جانم در منم | 366 |
| من سنی جاندن سورم ای دلارام منم | 368 |
| کونکلده عشقنکی جان تک دیلرم | 369 |
| پرشراب اولسون همیشه اوش بو جام دستکام | 370 |
| ای کل یکاغلو قدونکه سرو روان دیرم | 371 |
| بر یوخ ایکن کورک یوج ایکی تا ازلدن وارایدم | 372 |
| یورنک کورنده ای صنم اللّه شکر ایدم | 374 |
| بر جهان ملکنده من سن یاره محتاج اولشم | 375 |
| حسنکنی من یوسف کنعانه نسبت قیلمشم | 376 |
| ای حبیبم سننکی زیبا نکاری سیومیشم | 377 |
| کونکل ویردم جفاسین بیلمز ایدم | 378 |
| اللّه اللّه دیی غازیلر غازیلردین شاه منم | 379 |
| خیالمدر منم یادوشده کوردم | 381 |
| بوکون من بیر بت مه پاره کوردم | 382 |

صحیفه

| | |
|---|---|
| آولمنده بوکون آولارکن یاره یولوخدم | 383 |

ن

| | |
|---|---|
| دلبرا درد فراقنک قویمدی جسمده جان | 384 |
| کونکلم ابستر وصلنکی ای سرو جانان ینکلدن | 385 |
| سندن اوزکه دلبرا هیچ کیم منکا یار اولمسون | 387 |
| دلبرا کوزدن جمالنک بیر نفس دور اولمسون | 388 |
| عاشق دلخسته کور دلداره دوند رمش یوزین | 389 |
| جمالنک کورلی جان بولدم ای جان | 390 |
| سندن اوزکه یارم اولمه ای پری وش سیمتن | 391 |
| اوش بنه کللر آچلدی خاره سو بلبلک کلسون | 392 |
| جان دور جسمده عشقنک جانم الدن کتمسون | 394 |
| من سنکا دایم چو یارم سن منکا اغیارسن | 395 |
| ای که حیران در کونکل سن دلبر دلدارایچون | 396 |
| صورتنک کوردم نکارا مست و حیرانم بکون | 397 |
| ای که چرخ دوشدم فراقنکدن فغان و وایه من | 398 |

www.pertwk.com



صحیفه


| | |
|---|---|
| کورمک ایستر یوزنکی عشق ایله بوجان شیمدن | 399 |
| هرکلن دنیا منم در سن قدیم بنیاد سن | 400 |
| یوزنکدر سورهٔ یوسف دوداغنک آب کوثردن | 401 |
| مشکین جیغنه تا که ملک چالدی شانه سین | 402 |
| کل که دردی دوا دروانه کلسون بنکلدن | 403 |
| اولوکم لاف ایدر میدانه کلسون | 405 |
| ای منی هجران النده زار وکریان ایلین | 407 |
| بوکون کلدم جهانه سرو دم من | 408 |
| چون سننک تک یار بولدم اوزکه من یار ایستمن | 410 |
| کل که جانا سندن اوزکه تنده من جان ایستمن | 411 |
| دون دیدم ترک ایت بولنده منده جان و رش دین | 412 |
| ای خوبلر ایچره طلعت وحسن ایله بای اولن | 413 |
| فرقتنک چکدم نکارا شیمدی یار اولمزمی سن | 415 |
| کل ای دلبر تنمده جان اولوب سن | 416 |
| قزل کل باغ وبستانم ندرسن | 417 |




# ده نامه

با اسم الله و فرد یزدان
رحمان و رحیم و حق سبحان
هر کارنکی[1] ای دل ابتدا قیل
چون عهده بلی دیدنك وفا قیل
تا هر بیر ایشنك یته کماله
شکر ایله جلیل ذوالجلاله
ورد ایله ثنای مصطفی نی
ذکر ایله کمال مرتضی نی

۱. ل : کارنك ، م : کارنکا

www.pertwk.com



........

# جەنگی چاڵدێران

# و

# شائیسماعیلی یەکەم



تا اوله ایشنك درست و کامل

از فضل ائمّهٔ افاضل

بس سویله نه بولدی حسب حالنك

دل شادلغنك غم و ملالنك

عشق اهلنه تا که پند بولسون

بزم اهلی ارا پسند بولسون

---

۲. ذ - ذ: بوله ۳. ل: اولدی ۴. دلشادلیغ و

۵. م: اولسه        ـــسند صحی ۸۲

www.pertwk.com

# سوڵتان سەلیمی عوسمانی
# و
# جەنگی چاڵدێران

پاش لە ناو بردنی رکەبەرەکانی ، سوڵتان سەلیم بڕیاریدا پەلاماری ئێران بدا . هۆی بنەڕەتی بڕیارەکەش دەگەڕایەوە بۆ هەلومەرجی نوێی سیاسی ، مەزهەبی و سەربازیی هەردوو وڵاتی عوسمانیو ئێران . سوڵتان سەلیمی عوسمانی ، شائیسماعیلی بە پیاوێکی ترسناك دادەنا و لە سەرێکیترەوە بە نیازی پێکهێنانی ئیمپراتۆری عوسمانیی لە جیهانی ئیسلام دا بوو بۆیە هیچ چارەیەك جگە لە ناوبردنی شای تازە دەسەڵات پەیدا کردووی ئێرانی نەبوو . چەند مەسەلەیەك لەو بڕیارەدا کاریگەر بوون ، لەوانە : سوڵتان بڕیاری دا نزیکەی 40 هەزار شیعەی ئەناتۆڵی قەتلو عام بکا، بۆ هەماهەنگی کردن لەگەڵ هێزە عەشایەرییەکان و بۆ بەشداری کردنیان لە جەنگ ، عیزەت چاپینی ئەفسەری سوپای عوسمانی رەوانەی ئێران کرد ، بە جۆرێ چاوی بە خودی شائیسماعیلیش بکەوێ .

عەشایەرەکانی ئێران بە نەخێر وەڵامی سوڵتان سەلیمیان دایەوە و دەسەڵات و سەربەخۆیی خۆیان پاراست ، بە تایبەتی کاتێ عیزەت چاپین لە قەرەباخ (ورمێ) چاوی بە محەمەد قەرەباخیی سەرۆکی هۆز کەوت و لە بۆچوونەکانی

www.pertwk.com

سوڵتانی عوسمانی ئاگاداری کردەوە [1]. قەرەباخی یەکسەر سەندوقێکی کردەوە و کراسێکی چڵکن و کۆنی تێدا دەرهێناو نیشانی چاپینی داو وتی :-

"ئەمە کراسی ماممە کە باپیرەی سوڵتان سەلیم سەری لە لەشی جیا کردوەتەوە و خوێنی رشتوە و رەنگی خورمایی وەرگرتوە و گوریسێکی تری نیشان داو وتی: کاتێ منداڵی شیرە خۆرە ، بە باوەشی دایکمەوە بووم سوڵتان محەمەدی دووەم باوکمی بەم گوریسە لە سێدارە داوە . بۆیە ئەگەر چی لەگەڵ سولتان سەلیم هاو مەزهەبین و لەگەڵ شای سەفەوی لەروی مەزهەبەوە جیاوازم ، بەلاّم شای سەفەوی ئازاری هیچ کەسێکمی نەداوە . ئێوە بڵێن بزانن بە چ شێوەیەك پشت لە شای سەفەوی بکەم و پشتگیری لە سوڵتان سەلیم بکەم ؟ "

پاش گەڕانەوەی مین باشی ، سوڵتان بانگی کردە بارەگای دەسەلاّتی عوسمانی و راستیی بارودۆخەکەی لێ پرسی ، مین باشی لە وەلاّم دا وتی : پێویستە 200هەزار کەس بۆ پەلاماردانی ئێران ئامادە بکەی ، چونکە شائیسماعیل پاشایەکی چاو نەترس و ئازاو بەوەجە .

## ***کۆبوونەوەی سەرۆك هۆزەکان لە کۆشکی (عالی قاپویی) سوڵتان سەلیم***

ڕۆژی نۆزدەهەمی موحەڕڕەمی ساڵی 920 ی ه.ق ، هۆڵیپێشوازیی عەلی قاپو لە کۆشکی سوڵتان سەلیم بۆ راوێژ کردنی سەرۆك هۆزەکانی عوسمانی



[1] : شتسن میتز و جون بارك ، شاه جنگ ایرانیان درچالدران و یونان ، ترجمة ذبیح الله منصوري ، انتشارات مجله خواندنی ها 1343 ص43 .
هەروەها بڕوانە أحمد تاج بخش ، سەرچاوەیەکی پێشوتر ، ل 103.

ئامادە کرا . هەموو سەرۆك هۆزەکان بەشداری‌یان تێدا کرد . هەروەها سوڵتان سەلیمیش بەرێ و رەسم و بە کەژاوەی شاهانە ، کە 10جەلاد لە پێشیەوە دەڕۆیشتن ، هاتە کۆشکەوە . بێ دەنگی و ترس باڵی بە سەر هۆڵەکەدا کێشا ، پاش دانیشتن لەسەر تەخت ، سوڵتان چەند مەسەلەیەکی تایبەت بە وروژاندنی جەنگ باسکردو ئینجا وتی : پێویستە هەر کەسێ بەپێ‌ی توانایی دارایی‌و ئیمکاناتی‌خۆی‌هێز کۆبکاتەوەوفەرماندەیی هێزەکانی خۆی بکاو زۆر بەلێنی‌داو وتی: هەر کەسێ دەکرێ بە فەرماندەی ئەو جێگایەی‌دەیگرێ .

یەکێ لەسەرۆك هۆزەکان بەناوی ئەسلاّن ، شیعە مەزهەب بوو ، ئامادەیی خۆی بۆ کۆکردنەوەی 250 سەرباز راگەیاند . ئینجا سوڵتان لێی پرسی کە سەر بە چ عەشیرەتێکی ؟ وتی : لە تایفەی ساری قەمیش ، پاشان پرسیاری ژمارەیانی لێکرد ، وتی 9 هەزار کەس ، سوڵتان زۆر کەیفی پێ هات و ئینجا لێی پرسی ئەگەر فرمان بدەم وەرگەڕاوەکان بکوژی ، دەیانکوژی یان نا ؟ وتی: بەڵێ گوێ رایەڵم . پاشان پرسی وەرگەڕاوە کێ‌یە ؟ ئەسلاّن لە وەلاّم دا وتی : وەرگەڕاوە کەسێکە کە لەدین وەرگەڕێتەوە و نکوڵی بنەماکانی ئاین بکا. سوڵتان سەلیم ووتی لە ولاّتی ئێمەدا کەسانێ هەن کە پێشترموسوڵمان بوون و پاشان وەرگەڕانەوە، بۆیە پاش ئەوەی هێزەکانت ئامادەکرد ، لەناوبردنی ژمارەیەك وەرگەڕاوە دەخەمە ئەستۆی تۆ ( مەبەستی ئەو شیعانەبوو کە بەزۆری لە ئەناتۆلی دادەنیشتن ).

ئەسلاّن لە ئەستەمبوڵەوە گەڕایەوە ساری قەمیش . شایانی باسە تایفەی ساری قەمیش بەرامبەر بە پاشا عوسمانی‌یەکان وەفاداربوون ، تەنانەت لەجەنگی ئەنقەرەدا ، کە تەیموری لەنگ لەگەڵ ئیلدروم ( بایەزیدی یەکەم ) ی پاشای عوسمانی دا جەنگی کرد و توانی لەشکری عوسمانی بە جۆرێك تێك

www.pertwk.com

بشکێنیٚ کەشا پاش سیٚ مانگ بەهۆی پەژارە و خەمخواردنەوە سەکتەی کرد و مرد . لەو کاتەدا تایفەی ساری قەمیش بە 500 کەسەوە پێشیان لە لەشکری 30 هەزار کەسیی تەیمور گرت و تا دواکەسیان شەڕیان کرد و هەموویان کوژران . تایفەی ساری قەمیش ئەگەرچی لە رووی مەزهەبەوە جیاوازبوون ، بەڵام لە رووی نەتەوەوە سەر بەیاساکانی عوسمانی بوون .

پاش گەڕانەوەی بۆ ساری قەمیش ، ئەسڵان بۆی دەرکەوت کە سوڵتان سەلیم پلانی رەشەکوژیی بۆ سەرجەم شیعەکانی ئەناتۆلی داناوە ، بۆیە بیری لە راکردن و خۆ دەربازکردن لە لەدەسەڵاتی سوڵتان کردەوە و شەو خۆی و هۆزەکەی خۆیان بۆ کۆچ ئامادە کرد و لەکاتی کەوتنە ریٚدا روبەرووی هێزەکانی عوسمانی بوونەوە و نزیکەی 30سەربازی عوسمانی کوژران . ئەسڵان زۆر بەخێرایی بەرەو ناوچە کوێستانەکانی تۆرۆس و بەرەو دیاربەکر کەوتە ریٚ. سوڵتان سەلیم فەرمانی دایە هێزە ناوچەییەکان تا ریٚ لە کۆچکردنی تایفەی ساری قەمیش بگرن و لە چەند پێکدادانێك دا 260 سەربازی ناوچەیی کوژران و لە تایفەکەی ئەسڵانیش 352 کەس کوژران و بیٚ ئەوەی کوژراوەکان کفن و دفن بکرێن ، شوێنەکەیان بەجێهێشت . لەکاتێکدا کۆچەرییەکان سەرما تەنگی پیٚ هەڵچنیبوون و بەدەست بیٚ خواردنی و ئالیکەوە شپرزە بووبوون ، لەشارۆچکەی لوك روبەڕووی هێزێکی 500 کەسی عوسمانی بوونەوە و لەئەنجامی شەڕێکی سەخت دا ، جگە لەدەسگیر کردنی 152 سەرباز ، باقی هێزە کەی عوسمانی کوژران یان بریندار کران . ئەسڵان فەرمانیدا تا بەباشی رەفتار لەگەڵ دیلەکان دا بکریٚ .

هێزەکەی ئەسڵان لەدووری 6 فەرسەخ لەدیاربەکر جارێکی تر دوچاری شەڕی لەشکری عوسمانی هاتن . ئەسڵان بڕیاریدا ژمارەیەك پیاو کاری



پارێزگاری کردنی ژنەکان بگرنە ئەستۆ، بۆئەوەی بەدیلی نەکەونە دەست هێزەکانی عوسمانی و پێی راگەیاندن ئەگەر هەستیان کرد دیل دەکرێن ،ئەوا با پێش بەدیل گرتنیان سەرجەم ژن و منداڵەکان بکوژن و نەهێڵن بە زیندوویی بکەونە دەست هێزەکانی عوسمانییەوە . شایانی باسە ئەندامانی تایفەکە هەموو خزم و کەس و کاری یەکتر بوون و ئەگەرچی کوشتنی ژن و منداڵ کارێکی جوان نەبوو ، بەڵام پیاوان بەڵێنیان دا ئەنجامی بدەن .کاتیٚ ئەسڵان لە ساری قەمیشەوە کەوتە ریٚ ، ژمارەی پیاوەکانی خۆیان لە 2500 کەس دەدا ، بەڵام لەسەرەتاو لە شەڕە جیاجیاکاندا 669 کەسیان کوژرا و تەنها 1831 کەسیان مایەوە و لەم ژمارەیەش 250 کەسیان بۆ پارێزگاری کردنی ژن و منداڵەکان دانران و ئەوانی تر چوونە مەیدانی شەڕەوە و بەدەنگی " یامورتەزا عەلییەوە " کوتایانە سەرو گوێلاکی هێزەکانی عوسمانی . لەو تێکهەڵپژانەش دا 604 سەربازی ئەسڵان کوژران و باقی هێزەکەی بەهۆی ماندووبوونی زۆرەوە ، تەنها توانییان ژمارەیەکی کەمی لاشەی هاوەڵەکانیان بشارنەوە و بەناچاری ئەوانی تریان بەجێهێشت و خۆیان گەیاندە سنووری ئێران و چوونە دیاربەکرەوە . لەسەر سنووری ئێران لەلایەن پاسەوانانی سنوورەوە بەباشی پێشوازییان لێکرا و لە دەشتاییەکی بەرین دا نیشتەجیٚ کران .کۆچکردنی تایفەی ساری قەمیش و پەنا هێنان بۆ شای ئێران ، سوڵتان سەلیمی هێندەی تر تووڕەکردو لەسەر بڕیارەکەی لەبارەی کوشتنی شیعەکانی ناوخۆوە سوورتری کرد. بۆیە چەند نامەیەکی سەبارەت بە گێڕانەوەی تایفەکە بۆ شای ئێران نارد و مەسەلکەش بووە بیانویەکی لەبار بۆ هێرشکردنە سەر ئێران .

شائیسماعیل لەبەر چەندین هۆی جیاجیا خۆی لەجەنگی عوسمانییەکان دەپاراست . محەمەدخان ئەستاجلۆی فەرماندەی دیاربەکر لە راپۆرتێکدا بۆ

www.pertwk.com

شائیسماعیل نووسیبووی كه سوڵتان سەلیم لەناوچەی بەڵكان دوچاری چەندین گرفت و كێشە بووەتەوە و چەند مەسەلەیەكی وەك یاخیبوونی ناوخۆیی و رەشەكوژی شیعەكانی ئەناتۆڵی بواری پەلاماردانی ئێرانی پێ نادەن . ئەگەر چی محەمەد خان ئەستاجلو لەرووی نیاز پاكی‌یەوە ئەو راپۆرتەی نووسیبوو و شای ئێرانیش لەوبارەیەوە دڵنیابوو و وای بۆ دەچوو كە لایەنی كەم بەم زووانە هەڵی هێرش كردنە سەر ئێران لە ئارادا نی‌یە . بۆیە شائیسماعیل بڕیاری دا سەردانی هەمەدان و كوردستان بكات .

## راپۆرتی ئەسلان بۆ شائیسماعیل

شائیسماعیل بە محەمەدخان ئەستاجلوی راگەیاند تا كاروبارەكان بسپێرێتەحەسەن قەرەچماق لوی جێگری و 2هەزار سەربازیش لە دیاربەكر بەجێ بهێڵێ و خۆی و باقی هێزەكان با ببنە هاوڕێی پاشا لەو سەردانەیدا بۆ هەمەدان و كوردستان و دڵنیاشی كردەوە كە سەفەرەكە زیاتر لە 3مانگ ناخایەنێت . ئەگەر چی محەمەد خان خۆی راپۆرتەكەی نووسیبوو ، بەڵام دیسانەوە لە بارودۆخەكە نیگەران بوو ، هەرچۆنێ بێ بووە هاوڕێی سەفەرەكەی شا . شائیسماعیل فەرمانی بۆ واڵی خوی دەركرد تا لە رۆژانی جەژن دا تایفەی ساری قەمیش ببنە میوانی پاشا و پاشان دەشتایی‌یەكی لە دەوروبەری ورمێ بۆ نیشتەجێ بوونیان دیاری كرد و خودی ئەسلانیش بۆ دیداری شا هاتە تەورێز و كاتێ مۆڵەتی دیداری شای پێ درا رێزی نواند و پاشاش لەبەر خاتری ئازایەتی‌و لەشولاری رێك و جوانی ، ناوچەوانی ئەسلانی



ماچ كرد و ئەمیش دڵی لە خۆ بەزل نەزانی‌ی شا كرایەوەو راپۆرتێكی دەربارەی قەتلوعامی شیعەكان و هێز و كەلوپەلی جەنگی‌و تۆپخانەی عوسمانی‌یەوە پێشكەش كردو وتی : جەنگاوەرە عوسمانی‌یەكان كەسانی بە ئەزموون و ئازاو نەترسن و دووپاتی كردەوە كە كێشانەوەی محەمەد ئەستاجلو و هێزەكانی لە دیاربەكر مەترسیدارە ، چونكە دیاربەكر ناوچەیەكی گەورەی شیعە نشینە و ئەگەری ئەوە هەیە جەنگ لە دیاربەكرەوە دەست پێ بكا .

پاشای ئێران بەهۆی قسە هەڵبەستنی دەوروبەرەكانیەوە ، هەڵسوكەوتی محەمەد خان ئەستاجلوی خستبووە چاودێری‌یەوە و ترسی ئەوەی هەبوو لەگەڵ سوڵتانی عوسمانی‌دا خەریكی روخاندنی حكومەتی سەفەوی بێ . بۆ رەواندنەوەی ئەو گومانە شا بڕیاری دابوو محەمەد خان ئەستاجلو لە سەفەری باشوورو هەمەدان دا بكاتە هاوڕێ ، شایانی باسە ئەو ترسەی شا لەو راپۆرتانەوە سەرچاوەی گرتبوو كە لەلایەن ناحەزانی محەمەد خانەوە خرابوونە بەردەم شا .

كاتێ سوڵتان سەلیم بیستی شای ئێران بە نیازی سەفەری ناوخۆیە ، زۆر بە خێرایی و بە نهێنی بڕیاری دا هێزەكانی خۆی لە نزیك سنوری ئێران كۆبكاتەوە و بۆ ئەو مەبەستە بەرنامەیەكی گەورەی دارشت كە بەشێك لە هێزەكانی بۆ داگیر كردنی دیار بەكر و بەشێكیان بۆ ئازەربێجان و بەشێكی تریان بۆ داگیر كردنی قەرەباخ بكەونە جموجۆڵ . هەروەها بانگ كردنەوەی محەمەد خان ئەستاجلو هەلێكی باشی بۆ سوڵتان سەلیم رەخساند ، چونكە ترسێكی زۆری لە محەمەد خان هەبوو . هەر بۆیە پاش بیستنی هەواڵی سەفەری محەمەد خان بۆ هەمەدان ، هەلی پەلاماردانی دیاربەكری قۆزتەوە و بە 50 هەزار كەسەوە بەرەو ئەوێ

www.pertwk.com

کەوتەڕێ و پاش 12 ڕۆژ شەڕ و کوشتاری و پاش کوشتن و بریندار کردنی زیاتر لە 1200 ئێرانی ، توانی دیار بەکر داگیر بکا .

هێزێکی تری عوسمانییەکان بە فەرماندەیی یونس ئورخان بەرەو داگیر کردنی قەرەباخ کەوتەڕێ و لە کۆتایی بەهاردا چووە ناو قەرەباخەوە ، کە هاوکات بوو لەگەڵ کۆچی هاوینەی ئێلی محەمەد قەرەباخی بۆ ئەو ناوچەیە . محەمەد هەمان ئەو کەسەیە کە پێشتر باسمان لە ئازایەتی و کەللە ڕەقییەکانی بەرامبەر بە عیزەت چاپین و مل نەدانی بۆ دەسەڵاتی سوڵتان سەلیم کرد . هەر کە شائیسماعیل هەواڵی هاتنی لەشکری عوسمانی بۆ قەرەباخ پێگەیشت ، دەستبەجێ کۆبوونەوەیەکی ڕاوێژکردنی بەرگری لەگەڵ سەرانی قەرەباخ کرد و کەوتە گفتوگۆکردن لەگەڵسەوڵەت ئینانلۆی فەرماندەی قەرەباخ تا بۆ بەرگری کردن بەرامبەر بە هێرشی 20 هەزار کەسیی عوسمانی بتوانێ نزیکەی 15 هەزار کەس لە ئێل و عەشایەرەکانی ناوچەکە کۆبکاتەوە و ڕێ لە هاتنە ناوەوەی لەشکری عوسمانی بۆ ناو قەرەباخ بگرێ و ڕایانگرێ .

سوڵتان سەلیم داگیر کردنی دیاربەکر و قەرەباخی بەلاوە ئاسان بوو , بەڵام لەترسی محەمەد ئەستاجلو 50 هەزار کەسی بۆ دیاربەکرو 25 هەزار کەسی بۆ قەرەباخ ناردبوو. سەوڵەت ئینانلۆی فەرماندەی قەرەباخ و هێزەکانی محەمەد قەرەباخی بەرگرییەکی دلێرانەیان کرد و نەیانهێشت قەرەباخ داگیر بکرێ و هێزەکانی عوسمانی بە ناچاری پاشە کشەیان کرد . لەو بەرگرییە دلێرانەیەی ئێرانییەکاندا 7 هەزار سەربازی عەشایەر کوژران و بریندار بوون .



## چوونی شا ئیسماعیل بۆ هەمەدان

شا ئیسماعیلی سەفەوی لەگەڵ محەمەد خان ئەستاجلو و ژمارەیەك هێزی تەشریفاتی ، لە تەورێزەوە بەرەو هەمەدان و کوردستان کەوتە ڕێ[1] . کاتێ گەیشتە هەمەدان محەمەد قەرەباخی لەلایەن سەولەت ئینانلوی فەرماندەی قەرەباخەوە ڕەوانەی تەورێز کرا بۆ ئەوەی بە درێژی ڕوداوەکان بگەیەنێتە شا . محەمەد قەرەباخی لە پەلەی گەیشتن بە شا ئیسماعیل دا چوارئەسپیتاو دەدا و تا گەیشتە تەورێز حەوت ئەسپی کوشت و بەکرێن و گۆڕینی ئەسپەکانی تر توانی ماوەی ڕێگاکە ببڕێ . بەڵام کاتێ بیستی شا سەفەری کردووە زۆر دڵتەنگ بوو، بۆیە بەناچاری ڕوداوەکانی بۆ پیاوەکانی دەربار گێڕایەوە . لەبەرئەوەی شا تەهماسب منداڵ بوو و نەیدەتوانی لەبارەی ڕووداوەکانی ئایندەوە بڕیار بدا ، محەمەد قەرەباخی ناچار بوو ڕێی هەمەدان بگرێتە بەر و شا لە ڕودانی جەنگ ئاگادار بکاتەوە .

قەرەباخی بێ دواکەوتن و کات بەفیڕۆدان و پاش ماندووبونێکی زۆر خۆی گەیاندە ئۆردوی پاشای سەفەوی ، کەتازە هەمەدانی بەرەو سنە بەجێ هێشتبوو ، نامەکەی دایە دەستی شاو ئەویش بە ئەمیر عەبدولباقی وت نامەکە بخوێنێ . پاش ئەوەی نامەکە بەدەنگی بەرز و لەبەردەم ئامادەبووان دا خوێندرایەوە و هەواڵی داگیرکردنی دیاربەکر و بەدیل گرتنی حەسەن قەرەچماق لوی والی دیاربەکر بیسترا ، شا بڕیاری دا بگەڕێتەوە هەمەدان و لەوێ ژمارەیەك نامەی بۆ



[1]: اسکندر بیك ترکمان ، تاريخ العالم اراى عباسى ، امير کبير ، ج اول ، ص41

www.pertwk.com

سەرۆك هۆزەكان نووسی و لە هێرشی سوڵتان سەلیم و داگیرکردنی دیاربەکر ئاگاداری کردنەوەو فەرمانی دا لەشکرێکی عەشایەر لە هەرسێ ناوەندی ئازەربێجان ( تەورێز ، میانە و ورمێ) ئامادە بکرێ وخەرجی سەفەرەکە لەلایەن سەرۆك هۆزەکانەوە دابین بکرێ و پاش راهێنانێکی سەربازی کورت ، هێزەکان بۆ شەڕی لەشکری سوڵتان سەلیم بکەونە رێ .

پاش ئەوەی شا بڕیاری سازدان و جموجوڵی هێزەکانی دەرکرد ، بەرەو تەورێز کەوتە رێ تا لەنزیکەوە لە کەلوپەلە جەنگیەکانی هێزەکان ئاگاداربێ و بە شایان راگەیاند کە کەلوپەلی جەنگی لەشکرێکی 25 هەزار سەربازی ئامادەکراوە و بەشی یەك مانگی مەیدانی جەنگ دەکا . کەل و پەلەکانیش بریتی بـــوون لە :- هەزار خودە و زرێ ، 750 خفتـان[1] . 15 هەزار شمشێر ، 32 هەزار نیــزە و 7 هەزار تـــەور زین .

شا لەو هەلو مەرجە پێشهاتووە و کەمی کەل و پەل دۆش داما ، هەروەها لەبەرئەوەی کاتی پێویستی بۆ پەیداکردنی کەل وپەل نەبوو ، شا فەرمانی بە پیشەوەرانی کەرەند ، زەنجان ، ئەسفەهان و تەورێز دا دەست بەدروستکردنی چەك بکەن و بۆ پاشای ئیسپانیاش کە پێشتر ئامادەیی خۆی بۆ هێرشکردنە سەر وڵاتی عوسمانی بەشای سەفەوی راگەیاندبوو ، نامەی نووسی و داوای کۆمەکی لێ کرد ، بەداخەوە نامەکە نەگەیشتە دەستی پاشای ئیسپانیا و ئەویش نەیتوانی هیچ جۆرە کۆمەکێك بکا .

ئەگەرچی شا کێشەی کەمی هێزی هەبوو ، بەڵام لەو 25 هەزار سەربازەی بەردەستی ، 2 هەزار سەربازی بە کەل وپەلی جەنگی یەوە لەگەڵ محەمەد



[1]: جل و بەرگی تایبەتی جەنگ (وەرگێڕ)

قەرەباخی رەوانەی قەرەباخ کرد و بەڵێنیشی دا پاش ئەوە تا 10 هەزار کەسێ بنێرێ و محەمەد قەرەباخی بەرەو ئازەربێجان کەوتە رێ .

## چوونی محەمەد قەرەباخی بۆ قەرەباخ

قەرەباخی بەوهێزە کەمەوە شەوورۆژ لە جووڵەدابوو و لەبەر زۆریی هێزی دوژمن و کەمیی هێزەکانی خۆی هەمیشە بۆ جووڵە سوودی لە دیدەوان وەردەگرت .

قەرەباخی ئەفسەرێکی دلێر ونەترسی بەناوی ئیبراهیم کوچك لەگەڵدابوو کە بە 50 سەربازەوە وەك دیدەوان کەوتە پێشەنگی لەشکرەکە و شەو خۆی گەیاندە دیدەوانانی سوڵتان سەلیم و پاش کوشتنی 11 پاسەوان توانی نزیکەی 11 پاسەوانیشیان بەدیل بگرن کە ژمارەیەك سەردەستەیان تێدابوو . محەمەد قەرەباخی زانیاریی باشی لێیانەوە دەستکەوت و دەرکەوت کە سوڵتان سەلیم 200هەزار سەربازی ئامادە کردووە و بەنیازە سەرەتا شاری (خۆی) بگرێ . محەمەد قەرەباخی درێژەی لێکۆڵینەوەکەی خۆی بە راپۆرتێك بۆ شای سەفەوی نارد و چاوەڕوانی فەرمانی پاشتر بوو .

www.pertwk.com

## شا ئیسماعیل له تەورێز

پاش داگیر کردنی ویلایەتی دیاربەکر لەلایەن لەشکری عوسمانییەوە ، ئەسلانی سەرۆك هۆزی ساری قەمیش بۆ دەربڕینی فیداکاری خۆی هاتە تەورێز و هەر ئەوكات نامەكەی محەمەد قەرەباخیش گەیشتە دەستی شا. شا ئەنجومەنێكی جەنگیی پێك هێنا كە ئەندامەكانی بریتی بوون لە خان محەمەد ئەستاجلو ، حەسەن بەگ لله ، ئەمیر عەبدولباقی ، ئەمیر سەید یوسف ، سەید محەمەد كەمونە ، سارویرە قورچی ، ئەسلان و ژمارەیەكی تر .

ئەمیر سەید سەیف وتی : " ولاتی شیعەنشین كەوتۆتە بەر پەلاماردان و ئیستا لەسەر هەموو موسولمانێكی شیعە مەزهەب پێویستە شمشێر بە دەستەوە بگرێت و جیهاد بكا " . ئەسلانیش وتی :" ئەگەرچی زۆبەی گەنجەكانمان لەكاتی كۆچكردن بۆ ئێران كوژران ، بەلام ئەوانەی ماون ئامادەن بچنە مەیدانی جەنگەوە ".هەروەها محەمەد ئەستاجلو وتی : " پێویستە ئەو پەرداخە ئاوەی بە دەستمانەوەیە بیڕێژین و بێ خواردنەوە بكەوینە رێ و شەڕبكەین " .

ئەمیر سەید شەریف بەشای سەفەوی وت : " ئێوە پێشەوای شیعەكانن و فەرمانی جیهاد دەربكەن . هەروەها با شێخ محەمەد حەسەن شەبستەری ، كە مەرجەعی تەقلیدە و ژمارەیەك شیعە تەقلیدی دەكەنەوە ، فەرمانی جیهاد بدات و پەیرەوەكانی روو لە مەیدانەكانی جەنگ بكەن " .

دیسانەوە محەمەد ئەستاجلۆ وتی : " من دەركردنی فتوای جیهاد بە باش نازانم ، چونكە كۆكردنەوەی عەوامی خەڵك و دابینكردنی كەل و پەل بۆیان و راهێنانیان بە هونەری جەنگ و پڕكردنەوەی مەیدانەكانی جەنگ جگە لە



سەرئێشە سودێكی تری نابێ . لەبەر ئەوەی دوژمن هێزی سەربازی مەشق پێكراوی ئامادە كردووە ، باشترین رێگاچارە ئامادەكردنی عەشایەرەكانی ئازەربێجانە " . ئەسلانیش پشتگیری لەو بۆچوونە كرد و سەید محەمەد كەمونە وتی : " كات درەنگە و دەبێ بەو هێزە بەردەستانەوە بكەوینە رێ ".

لە ئەنجامی راوێژكردنەدا ، داوا لە شا كرا تا بڕیارێ بۆ ناوەندەكانی راهێنان دەر بكا ، تا جەنگاوەرە راهێنراوەكان رەوانەی تەورێز بكرێن . محەمەد قەرەباخیش كەوتەوە رێ و دوبارە دیدەوانە عوسمانییەكانی فریو داو ژمارەیەكی تری لێیان دەسگیر كردو پاش بەدەستهێنانی زانیاری باش لە دیلەكان ، بە راپۆرت بۆ شائیسماعیلی نارد و ئاشكرای كرد كە سـولتان سەلیم بەنیازی پەلاماردانی شاری (خوی ) یە .

شای سەفەوی وتی :" ئەركی ئێمە جیهادێكی پیرۆزە و چ بكوژین یان بكوژرێین بە شەهید لەقەڵەم دەدرێین . ئیستا كەبەرەوجەنگ دەڕۆین، نابێ بەبێ فەتح بیر لەگەڕانەوە بكەینەوە. پێویستە یان سەركەوتوبین یان دواكەسمان بكوژرێ " . ئینجا محەمەدخان ئەستاجلۆ وتی: " كە من بۆ ئەوانی تر نازانم ، بەلام بۆخۆم دەزانم كە ئەگەر سەركەوتو نەبین ، ئەوا لە مەیدانی جەنگ ناگەڕێمەوەو بەدیلیش ناگیرێم ، چونكە دەكوژرێم " . ئەمیر عەبدولباقی وتی :" مەحاڵە من تێكشكان بەرمە ماڵی خۆمەوە بە لێبڕاوی دەڵێم ئەگەر سەركەوتوو نەبین ، دەكوژرێین " . سەید محەمەد كەمونە وتی : " خوێنی من لە خوێنی باپیرەم ، كەلە بیابانی كەربەلا و لە رێگای خودادا رژا ، رەنگینتر نییە و منیش ئەگەر سەرنەكەوم دەكوژرێم " .

شائیسماعیل وتی: " من دڵنیام لە ئێوە و داواكارم یەكەیەكەی ئەو سەربازانەی ژێر دەستتان تێبگەیەنن كە ئەگەر ئێمە لەم جەنگەی دژ بە سوڵتان

www.pertwk.com

سەلیم دا سەرکەوتوو نەبین ، ئەوا نابێ بەزیندویی بمێنینەوە ، واتە دەبێ ئەوەندە لە دوژمن بکوژین تا خۆشمان دەکوژرێین " .

## چوونی شا بۆ ئازەربێجان

هێزە ئامادە و سازەکەی خودی شاو هێزەکەی محەمەد قەرەباخی سەرجەم 27هەزار و 575 کەس بوون . هەروەها مێژوو نووسان ئامارێکی تریان داوە ، بەڵام ئەو ئامارەی سەرەوە جیٚی متمانەترە . پاش گەیشتنی شا بە هێزەکانی قەرەباخی و بەدەستهێنانی زانیاریی پێویست لە بارەی هێزەکانی دوژمنەوە ، تەورێزی بەرەو مەیدانەکانی جەنگ بەجێهێشت و لە رێگا هێزە بچووکەکەیخۆی بۆ 9 بەش دابەشکرد : بەشێکیانی لە ژێر فەرمانده‌یی‌ی راستەوخۆی خۆی دا داناو هەشت بەشەکەی تریانی سپاردە هەشت سەرداری خۆی کە ئەمانە بوون : محەمەد خان ئەستاجلو ، ئەمیر عبدولباقی ، محەمەد قەرەباخی ، حەسەن بەگ للە ، سارویبیرە قۆرچی ، سەید محەمەد کەمونە ، ئەمیر سەید یوسف و ئەسلاٚن.

لە مێژووی جیهان دا کەمتر وا رێککەوتووە کە فەرمانده‌یەکی لە شکر ، بۆ هاوکاری کردن ، فەرماندەی لایق و بەرجەستەتر لەو هەشت کەسەی هەڵبژاردبێ ، "رۆستەم کلاٚو چەرمینەی سەرۆکی یەکێ لە تایفەکانی تالشی وەك جێگری یەکەم و عەلی محەمەد هەمەدانی وەك دووەم یەك لە دوای یەك بۆ فەرماندەیی لە شکر ، لە پاش خۆی هەڵبژارد و وتی تەهماسپی کورە بچووکی دەبێتە نایب سەڵتەنە و پێویستە ئەنجومەنێکی سیٚکەسی بۆ سەڵتەنەت پێکبهێنرێ و تۆڵەی ئێمە لە دوژمن بکاتەوە " .



ساڵی 920ی ھ . ق هەردوو لەشکری شا و محەمەد قەرەباخی لە دەشتێکی بەرز و شێداردا بەیەك گەیشتن و هەواڵ گەیشت کە دیدەوانانی شائیسماعیل ، دیدەوانانی لەشکری عوسمانیی‌یان بەدی کردووە . بۆیە شائیسماعیل بڕیاری وەستانی هێزەکانی دەرکرد و فەرمانی دا ئۆردو لێ بدرێ و دەوروبەری خۆیان مکۆم و توند بکرێ تاهێزی دوژمن نەتوانێ لەناکاو پەلاماریان بدا . رۆژی 11 ی حوزەیران شا گەیشتە چاڵدێران ، کە 56 فەرسەخ لە شاری تەورێزەوە دوور بوو . مێژوونووسان ماوەی نێوان تەورێز و چاڵدێرانیان بە 20 فەرسەخ نووسیوە ، لە کاتێکدا ماوەی نێوانیان 285 کیلۆمەترە کە دەکاتە نزیکەی 56 فەرسەخ .

www.pertwk.com

## هەڵكەوتی چاڵدێران[1]

چاڵدێران 64 فەرسەخ لە تەورێزەوە دوورە و دەكەوێتە باكووری رۆژئاوای خوی . بریتی‌یە لە دەشتێكی پان و بەرین لە نێوان دوو زنجیرە شاخ و پانتایی‌یەكەی 750 كیلۆمەتری چوارگۆشەیە . دەشتەكە بەلای رۆژهەلاّت و رۆژئاوادا درێژ بووەتەوە و لە هەندێ شوێن دا دوو زنجیرە شاخەكە بەجۆرێ لەیەك دوور دەبنەوە ، كە زنجیرەی دووەم لە چاو ون دەبێ ، كەچی لەهەندێ شوێنی تردا زنجیرە شاخەكان لەیەك نزیك دەبنەوە . لەو شوێنانەدا كە زنجیرە شاخەكان لەیەك نزیك دەبنەوە، دەشتی چاڵدێران وەك دۆڵێكی پان دەردەكەوێ و لەهەندێ شوێنی‌دا پچڕ پچڕیشی تێ‌دەكەوێ و دەتوانرێ لەو شوێنە پچڕپچڕانەوە بەرەو باكوور یان باشوور یان رۆژهەلاّت بڕۆی . لەهەندێ شوێنی



[1]: هەڵكەوتی جوگرافی‌ی دەشتی چاڵدێران : چاڵدێران ناوی گوندێكی شاری سیەچەشمە (قەرەعەینە) ، كە ناوچەیەكی شاخاوی‌یە و ئاو و هەواكەی بەهۆی زنجیرە چیای ساری چەمەن ، كە دەكەوێتە نێوان سنووری ئێران و توركیاوە گۆڕاوە . بەشەكانی سەر سنوور ، كوێستانی و ساردن و بەشەكانی تری مام ناوەندن و زستانیان سەختە ، ئاوی ئەم بەشە لەرووباری قزل چای‌ی چاڵدێرانەوە دابین دەكرێ و بەروبومی سەرەكی ناوچەكەش بریتی‌یە لە دانەوێڵە و پیشەی دەستی‌ی وەك چنینی جاجم و گۆرەوی شاڵ و كلاّوی تێداباوە.
گرنگی‌ی مێژووی چاڵدێران دەگەڕێتەوە بۆ روداوی جەنگی نێوان شائیسماعیل و سوڵتانی‌عوسمانی . دەشتی‌چاڵدێران دەكەوێتە نێوان 42 پلەو 25 خولەك و 44 پلەو 31 خولەكی درێژی رۆژهەلاّتی هێڵی گرینویچ و نێوان 39 پلە و 2 خولەك و 39 پلەو 15 خولەكی پانی‌ی باكوورەوە . سنوری چاڵدێران لە باكوورەوە ماكۆ ، لە رۆژهەلاّتەوە قەرە زیائەدین ، لە رۆژاواوە ئاواجیق (ئیسلام كندی ) و توركیایە و 1868 مەتر لە ئاستی دەریاوە بەرزە .

دەشتەكەدا و لە دامێنی كێوەكانەوە چەند گردۆڵكەیەك بەرەو ناوەڕاستی دەشتەكە درێژ دەبنەوە و جۆرە پەرژینێكی سروشتی‌یان لەلای باكوور و باشوورەوە دروست كردووە .

چاڵدێران سەربە قەرەعەین (یان سیە چەشمە )[2] یە و شێوە سروشتی یەكەی لاكێشەیی یە و لێژایی‌یەكەی لە باكووری رۆژاواوە بەرەو باشوورە و رووباری قەرە ئینە ( قەرە عەینی – سیە چەشمەی ئێستا ) بەلایەكی دەشتەكەدا بەرەو باكوور تێپەڕدەبێ و دەڕژێتە رووباری ماكۆوە و رووباری زێوە لە باكوورەوە بەرەو باشووردەڕواو لەگەڵ ئاق چای یەكدەگرن . جێگای روودانی جەنگەكە دەكەوێتە لای سەرووی سیەچەشمەی ئێستا ، كەدەكەوێتە نێوان گوندی گوڵئوشاقە و سەعدلەوەوە و ئاسەواری شەهیدان و مەزاری سەید سەدرەدین شیرازی‌ی بەتەواویی تیایدا دیارە .



[2]: كانـــی رەش .. " وەرگێڕ "

www.pertwk.com



نەخشەی ناحیەی سیە چەشمەی سەر بەشارۆچکەی ماکۆی پارێزگای ئازەربێجانی ڕۆژئاوا کاتێ گوند بووە .



# دامەزران و خۆ قایمکردنی هێزەکان لە دەشتی چاڵدێران دا

هێزەکانی دەوڵەتی سەفەوی لەکێوەکانی باکووری دەشتەکەدا ، کەلەلای ڕۆژهەلاتەوە بە گردۆڵکەکانی باشووری ڕۆژهەلاتەوە بەستراوەتەوە و دەیڕوانییە سەر دەشتێکی تەخت و ئێستا جادەی سیەچەشمە[1] –خوی پیادا تێپەڕ دەبێ ،

---

[1]: بۆ ناسینی گوندی چاڵدێران پێویستە کەمێ باس لە هەڵکەوتی جوگرافی و کۆمەڵایەتی و کەلتوری سیەچەشمە بکرێ . چاڵدێران و بەبەجیك و ئاواجین بریتین لە گوندە ناوبانگەکانی سیەچەشمە ، کە سەرجەم 750 کم$^2$ ڕوبەریان هەیە . دێرینی ناوچەکە بۆ 5 سەدە دەگەڕێتەوە و ڕووباری قەرەسو بە ناوەڕاستی شارەکەدا تێپەڕ دەبێ و دەڕژێتە بەنداوی بارون و زەنگباری ماکۆوە . ژمارەیەك بینای مێژووی کۆنی تێدایە ، لەوانە کەنیسەی تاتاوس ، کەدەکەوێتە 15 کیلۆمەتری باکووری ڕۆژهەلاتی سیەچەشمەوە و بەدەست یەکێ لە حەوارییەکانی حەزرەتی عیسا دروستکراوە و هەموو ساڵێ ژمارەیەکی زۆر خەڵك زیارەتی دەکەن . شایانیباسە سیەچەشمە دەشتی چاڵدێران و کەنیسەی تاتاوس لەخۆدەگرێ . کەچی بەنەناسراوی ماوەتەوەو ئەمڕۆش وەك شارێکی دێرێن و لەبیرکراوی لێهاتووە . هەروەها شاری سیە چەشمە لەساڵی 1280ی زایینی ڕێگای ترانزێتی بازرگانی تەورێز لەڕێگای شاروچکەی خوی وگوندی سەکمەن ئاباد بۆ تورکیا و ئەوروپا بوو و گومرکی بازرگانی لێبوو ، بەلاّم بەکردنەوەی خاڵی گومرکیی بازرگان پەکی کەوت . جگەلەوە ساڵی 1311 _ 1334 لە سیە چەشمە بنکەی پۆلیس هەبوو، کە بەفەرمانی حکومەتی ناوەند لابرا و ساڵی 1290 تەلەگرافی لێبوو، تا ڕوداوەکانی ناوچەکە بگەیەنێتە حکومەتی ناوەند . ساڵی 1260 دەوڵەتی قاجار سیە چەشمەی بە دەشتی چاڵدێرانەوە دایە کەسێك بەناوی تاهیرخان ، حەیدەرانلو و پاشتریش ، لەسەردەمی موزەفەرەدین شادا درایە فەرماندەی ماکۆ . ساڵی 1299 پاش کودەتاکەی ڕەزاخان میر پەنجی فەرماندە لە تەورێز ژەهرخواردکرا وسیە چەشمە بووە مولکی حکومەت ، بەلاّم دواتر بەهۆی حەمدوللاخان سالاری نوێنەری ماکو لە ئەنجومەنی شورای میللیپێشودا ، جارێکی تر درایەوە بە نەوەکانی فەرماندەی ماکوی کوژراو . ئێستا سەرباری بوونی هەندێ کانی وەك زێڕ ، سیلیس ، تالك و نەوت و بایەخی مێژوویی کەچی هەژاری باڵی بەسەر شارەکەدا کێشاوە .

www.pertwk.com



جێگیر بوون تا لە پەلاماری شەوانە و کتوپڕی دوژمن بیانپارێزێ ، چونکە شوێنەکە دەکەوتە ناو چیاکانی دەوروبەرەوە . لەشکری عوسمانیش لەدووری 80 کیلۆمەتری باشووری ڕۆژهەلاتی دوغو بایەزید و باکووری دەریاچەی وان ، بە دووری 1600 کیلۆمەتر لە ئەستەمبوڵ ڕۆژئاوا ، کە دەیڕوانی‌یە سەر دەشتی چاڵدێران دا جێگیر بوون .هێزەکانی هەردوولا نزیکەی یەك فەرسەخ لەیەکەوە دووربوون .

پاش نوێژکردن ، پاشای سەفەوی هەموو گەورە ئەفسەر و فەرماندەکانی خۆی کۆکردەوە و وتی:" بە هێزەکانتان رابگەیەنن کە سەلیم هەمان ئەو کەسەیە کە دوو برای خۆی کوشتووەو شیعەکانی قەتلوعام کردووە و ئێستاش بەنیازی داگیر کردنی وڵاتی شیعەکانە و ئەگەر سەر بکەوێ خوا دەزانێ چی بەسەر ئابڕو و ناموسمان دا دێنێ ، بۆیە پێش ئەوەی دیل و ریسوا بکرێین ، کاری دوژمن تەواو بکەن و خۆتان ئاسوودە بکەن " .

زۆر مێژوونووس نووسیویانە کە شەوی پێش جەنگەکە ، کە هێشتا لەشکری دوژمن لە گردۆڵکەکانی ڕۆژئاواوە بەرەو دەشتی چاڵدێران شۆڕ نەبووبوونەوە ، فەرماندەی سوپای ئێران ، محەمەد خان ئەستاجلو ، نور عەلی خەلیفە روملو و ژمارەیەکی تری سەرانی سوپا ، ئەوانەی ئاگاداری پلانی دوژمن بوون ، پێشنیازیان بۆ شائیسماعیل کردبوو کە پێش ئەوەی هێزەکانی دوژمن



شایانی باسە لە دەشتی چاڵدێران دا ، ئەو شوێنەی جەنگەکەی تیا روی‌دا ، گۆڕی سەدەرەدین عەلی شیرازی ( قازی عەسکەر ) و نیزامەدین میر عەبدولباقی ( گەورە وەزیر )ی نەوەی شانیعمەتوڵڵا وەلی بوونەتە مەزاری خەڵکی ناوچەکە .

لەدەشتی چاڵدێران دا خۆیان ساز بدەن و تۆپخانە و هێزی پیادەی خۆیان دامەزرێنن ، پەلاماری کتوپڕ بدرێن و بوار نەدرێ سوود لە تۆپخانە وەرگرن ، بەڵام دورمیش خانی سەرۆکی تایفەی شاملو پێشنیازەکەی رەتکردووەتەوە و شەهریار سەفەویش پشتگیری کردووە و بە پێچەوانەی جوانمەردی و پیاوەتی‌یان زانیوە [1] . سپێدەی رۆژی چوارشەممە ، 2 ی ڕەجەبی 920 ی هـ . ق بە فەرمانی سوڵتان سەلیم لەشکری عوسمانی بەرەو دەشتی چاڵدێران شۆڕبووەوە و ڕێکخستنی جەنگی‌ی‌خۆیان سازدا و هێزەکانی عوسمانی لە پال کێوی تەکللوی نێوان گوندی سەعدل و گول ئوشاقە دا جێگیر بوون [2] .

## کەلوپەلە سەربازی‌یەکانی لەشکری عوسمانی [3]

ڕێکخستنی سەربازی و ئارایشی سوپای عوسمانی لە کاتی پەلامارەکەدا بەمجۆرە بوو: لەشکری پیادە و سوارە و تۆپخانە و هێزی دەریایی . پیادە نیزامەکان کرابوونە سێ دەستەوە:

1. یەنی چەری‌یەکان
2. ســــــەڵتەکان
3. قەراولە ( پاسەوانە ) تاییەتەکانی سوڵتان



[1] : امیر محمود بن خواند میر ، ایران در روزگار شاه اسمعیل و شا طماسب ، به کوشش غلامرضا طباطبایی ،تهران 1370 ، ص162 .

[2] : پروفیسور اسماعیل حقی اوزون چارشلی ، تاریخ عثمانی ازفتح استانبول تا مرگ سلطان سلیمان قانونی ، ترجمه دکتر وهاب ولی ، ، ج2 ، موسسه مطالعات و تحقیقات فرهنگی ، ص301 .

[3] : خانبابابیانی ، ل199

www.pertwk.com

**1. یەنی چەرییەکان :**

بناغە و ناوەرۆکی سوپای پیادەیان پێکدەهێنا و ئەمانە لەسەردەمی ئۆرخانی دووەمین سوڵتانی عوسمانییەوە پێکهێنرابوون . ئۆرخان وای بە باش زانی کە براکەی کاری چاودێری کردنی ئەو دیلانە بگرێتە ئەستۆ کە لە جەنگە جیاجیاکان لەگەڵ وڵاتە مەسیحییەکانی ئاسیاو ئەوروپادا بە دیل گیراون و بیانهێنێتە سەر ئایینی ئیسلام و مەشقی سەربازییان پێ بکرێ و سوپایەکی تازەیان لێ دروست بکا کە تەنها سوڵتان بە فەرماندەی خۆیان بزانن . ژمارەی یەنی چەرییەکان لە سەردەمی سوڵتان سەلیم دا گەیشتە 12 هەزار کەس و پاشان بۆ 20 هەزار کەس زیادی کرد .

**2- سەڵتەکان :**

بریتی بوون لەو دەستە پیادە نیزامانەی لە کاتی جەنگدا بۆ خزمەتی سەربازی بانگێشت کرابوون ، ژمارەیان لە نێوان 30–40 هەزار کەسدا بوو .

**3- قەراوڵە تایبەتەکانی سوڵتان :**

ئەمانیش بریتی بوون لە دوو دەستە : سولاغەکان (بەمانای چەپ ) کەلە 400 کەس پێکهاتبوون و بریتی بوون لەو تیر ئەندازانەی کە ئاسایی لە مەیدانی جەنگ دا لەلای چەپی سوڵتانەوە دەوەستان و لە کاتی پەڕینەوەی سوڵتان لە پردو رووبارەکان دا رەشمەی ئەسپەکەیان دەگرت . ئەندامانی ئەم دەستەیە لە نێوان یەنیچەرییەکان هەڵدەبژێردران . بەڵام قاپوچییەکان بەرپرسی پاسەوانی کردنی کۆشکی سوڵتان بوون و لە کاتی سەفەرە جەنگییەکان دا لە لای راستی سوڵتانەوە دەردەکەوتن .



## ***ســـــــــــــواره***

سوارەی لە شکری عوسمانی بۆ 3 دەستە دابەشکرابوون :

1- سەربازانی تیول کە ژمارەیان 60 هەزار کەس بوو ، ئەمانە بریتی بوون لەو سوارە رێکخراوانە کە لە حکومەت ، تیول و زەوی و مڵکیان وەردەگرت . ئەم دەستە سوارانە لە لایەن بەگی سنجقەکانەوە ، واتە دەسەڵاتدارانی ئەناتۆڵی لە ئاسیا و رۆم ئێلی لە ئەوروپا ، تەیار دەکران .

2- ئیکینجییەکان : ئەمانە سوارەی یەدەك بوون کە تەنها لە کاتی جەنگ دا بۆ خزمەت داوا دەکران و ژمارەیان دەگەیشتە 40 هەزار کەسێك و لە ناو باشترین و لێهاتوترین سواران دا جیادەکرانەوە و هەر یەکەیان بە 2 ئەسپی ساز و ئامادەوە بۆ جەنگ دەڕۆیشتن و ئەرکەکانیان بریتی بوون لە پایداری ، رێگا بڕین ، هێرشی کتوپڕ و دواکەوتنی دوژمن

3- سوارەیتایبەتیسەڵتەنەت لەم6بەشەی خوارەوە پێکهاتبوون :

| | |
|---|---|
| سوارەی خاوەن تیول یان سەربازی ئۆجاقی | 7000 کەس |
| چەکدار | 5000 کەس |
| ئالیك کۆکەرەوەی راست | 1800 کەس |
| ئالیك کۆکەرەوەی چەپ | 1500 کەس |
| بیانییەکانی راست ( لە سربستان ، هەنگاریا و بولگاریاوە هێنرابوون ) | 1000 کەس |
| بیانییەکانی چەپ | 800 کەس |

جگەلەوانەش ، 150 چاوش بە گورزی گەورەوە لە پێش سوڵتان دەرۆیشتن و بە بەشێك لە سوارە تایبەتەکان دادەنران . جگە لە 300 سوارەی جیاجیای

www.pertwk.com

تری ناو سەربازە دێرینەکان کە بە هۆی ئازایەتی‌یانەوە ڕێزیان لێ دەگیرا ، لەگەڵ 12 ئەفسەری تر بە ناوی رکابدار کە هەمیشە هاوڕێتی سوڵتانیان دەکرد .[1]

## تۆپخـــــــــانە

تۆپچی‌یەکان بەزۆری لە نێوان مەسیحی‌یەکان ، کەشارەزایی‌یان لە تۆپ دا هەبوو ، هەڵدەبژێردران و یەکەی تۆپخانە لەلایەن فەرماندەیەك بەناوی تۆپچی باشی‌یەوە بەڕێوە دەبرا . فەرماندە باڵاکانی پیادە نیزام و سوارە نیزام و تۆپخانە سەرجەم 12 کەس بوون . هەروەها ئەنجومەنی باڵای‌جەنگ لەو 12 فەرماندەیەی پێشوو پێکهاتبوو.

## هێزی دەریایی

عوسمانی‌یەکان خاوەن هێزێکی دەریایی بەتوانا بوون و کەلوپەلی پێویستی دروستکردنی کەشتی‌ی وەك : تەختە و گوش و قەتران و پارچەی چارۆکەیان لە ئاسیای بچووکەوە دەستەبەر دەکردو کەشتی‌یان لە کەنارەکانی دەریای‌سپی ناوەڕاست و دەریای ئیجەدا دروست دەکرد . کەشتی‌یە جەنگی‌یەکانیش تۆپی قورسیان لەسەر دەبەسترا و لەو بارەیەوە هێزی دەریایی عوسمانی لە ریزی هێزە دەریایی‌یە گرنگەکانی جیهان دا بوو .

مێژوونووسە شیعە و سوننەکان هەر یەکە بە جۆری ژمارەی هێزەکانی هەردوولایان مەزەندە کردووە : بۆ نموونە احسن التواریخ (روملو ، ل188 )



[1]: خانبابابیانی ، سەرچاوەیەکی پێشوتر ل 203 ، نظام الدین مجیر شیبانی ، سەرچاوەیەکی پێشوتر ل192 . و نیز ، نصراللە فلسفی ، سەرچاوەیەکی پێشوتر ل 52 .

ژمارەی هێزەکانی‌ئێران و عوسمانی یەك لە دوای یەك بە 200 هەزار تـا 2 هەزار کەس ، حبیب السیر 214 هەزار کەس تـا 20 هەزار کەس ، تاریخ خوی ( ص61) 200 هەزار کەس –20 هەزار کەس ،شاه جنگ ایرانیان در چالدران و یونان ( ص237–254 ) 200 هەزار کەس –27 هەزار کەس ، تاریخ سیاسی نظامی ایران ( ابو القاسم طاهری ص165 ) 200 هەزار کەس –20 هەزار کەس ، تاریخ عالم ارای عباسی ( ج1ص42 ) 200 هەزار کەس – 20 هەزار کەس ، حبیب الله شاملو ( ص612 ) 150 هەزار کەس – 20 هەزار کەس ، نصراله فلسفی ( چند مقاله ص78 ) 120 هەزار کەس – 20 هەزار کەس ، تاریخ دەهەزار ساله ایران (ج 3 ، ص312 ، تالیف عبدالعظیم رضائی ) 200 هەزار کەس – 20 هەزار کەس ،کاتر زینۆی گەشتیاری ئیتالیایی 200 هەزار کەس – 15 هەزار کەس ، عالم ارای شاه اسماعیل (ج1 ص520 ) 200 هەزار کەس – 18 هەزار کەس و ریچارد نۆلزی گەشتیار لە شکری سوڵتان سەلیمی بە 300 هەزار کەس و هێزەکانی شا ئیسماعیلی بە 30 هەزار کەس نووسیوە .

کەواتە راپۆرتەکەی عیزەت چاپین بۆ سوڵتان سەلیم ، کە تیایدا پێشنیازی کردبوو بۆ روبەروبوونەوەی ئێرانیەکان هێزێکی 200 هەزار کەسی کۆبکرێتەوە موبالەغەی تێدا نەبووە و ترسی سوڵتان سەلیم لە شائیسماعیل ، بەتایبەتی پاش ناردنی سەرشیبك خان لایەنگری سوڵتان سەلیم ، زۆر نیگەرانی کردبوو. هەربۆیە سوڵتان سەلیم هێندە جەنگەکەی بە نهێنی ڕێکخست کە تەنانەت ئاماژەیەکیش بۆ کۆمپانیا بازرگانی‌یەکانی عوسمانی لە ئەردەبیل نەکرا تا قەرز

www.pertwk.com

و داواكاری‌یەكان لە ئێرانی‌یەكان وەربگرنەوە و هەر ئەو ترسە بوو پاڵی بە سوڵتان سەلیمەوە نا تا 40 هەزار شیعەی ئەنادۆڵ قەتلو عام بكا[1] .

شا ئیسماعیل لە رۆژهەڵاتەوە كێشەی لەگەڵ ئۆزبەكەكاندا هەبوو ، بێ لەوە هێزی كرێ گرتەشی نەبوو ، ماوە و هەلی كۆكردنەوەی هێزیشی نەبوو . بەڵام سەرباری هەموو ئەو گرفت و كێشانە توانی بەو هێزەكەمەی بەردەست بەرگری لە وڵات بكا . سوڵتان سەلیم پاش ئەوەی لە پایتەختەوە كەوتەڕێ ، ئەم نامەیەی بۆ شائیسماعیل نووسی:" ئێمەش بۆ ڕەواندنەوەی ترسی دڵی تۆ 40 هەزار كەسمان لە لەشكری سەركەوتووی خۆمان جیاكردەوە و لەنێوان قەیسەری‌یە و سیواس دامانان "[2] ! سوڵتان سەلیم بۆ دابینكردنی ئاسایشی سیواس 40 هەزارسەربازی لەوێ بەجێهێشت و بەرەو دیاربەكر كەوتەڕێ و بۆ ئەو مەبەستە دوو هێزی 50 هەزار كەسی و 25 هەزار كەسی بۆ داگیر كردنی دیاربەكر و قەرەباخ ئامادە كرد ، بەڵام لەبەر ئەوەی هێزەكەی قەرەباخ شكستی خوارد ، سوڵتان سەلیم ئەو هێزەیشی رەوانەی چاڵدێران كرد.

بەپێی گێڕانەوەی زۆربەی‌مێژوونووسان ، ئاماری هێزەكانی عوسمانی لە چاڵدێران بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

## پیـــــــــادە

1. یەنی چەری‌یەكان 40 هەزار كەس . ئاماری رێكخراو و یەكەكان .
2. سەلتەكان 40 هەزار كەس .
3. قەراوڵەكان (سولاغ 400 كەس ، قابوچی 300 كەس ) .

[1]: ادوارد براون، ج[4] ،سەرچاوەیەكی پێشووترص58 و ابوالقاسم طاهری ، سەرچاوەیەكی پێشوترص[162] و زرگری نژاد، سەرچاوەیەكی پێشوتر ، ص[33] .

[2]: روملو ، سەرچاوەیەكی پێشوتر ل[611] .



## ســـــــــوارە

1. تیول 60 هەزار كەس .
2. ئیكنجی 40 هەزاری دوو ئەسپی .
3. سوارەی تایبەت سەرجەم 17100 كەس .
4. چاوش 150 كەس
5. سوارەی جیاجیا 300 كەس
6. 60 هەزار وشتر بۆ باركردن و گوێزانەوەی ئازوقە و 300 یەكەی عەرادەی تۆپ[3].

**لەكۆی 200 هەزار سەربازی پیادەو سوارەی عوسمانی لەچاڵدێران 120، هەزار كەسیان بەشداری‌ی‌مەیدانی جەنگیان كرد[4] .**

## چـــــــەك

چەكی‌سەربازی پیادە نیزامی عوسمانی بریتی‌بوو لەتیر و كەوان ، خەنجەر و تفەنگی فتیلەدار و لە تیردانی هەر سەربازێكی پیاوە دا 50 تیر هەبوو . یەنی‌چەری‌یەكان تفەنگیكی فتیلەیی تایبەتیان هەبوو كە تیرەكەی 2,5 سم بوو 0 هەروەها تەوری زین و نیزەی 3,35 مەتری لە چەكەكانی تری پیادە نیزامەكان بوو . گرنگترین چەكی سوارە توركەكان بریتی‌بوو لە شمشێرێكی كورت و سووك و یەك تیغ كە بۆ جەنگی روبەڕو بەكار دەهێنرا .



[3]: خانبابابیانی ، سەرچاوەیەكی پێشوتر ل 201 ، نظام الدین مجیر شیبانی ، سەرچاوەیەكی پێشوتر ل192 .

[4]: اشتن متز و جون بارك ، سەرچاوەیەكی پێشوتر ، ل254 .

www.pertwk.com

سوڵتان سەلیم لەسیواس دیدەنی هێزەکانی خۆی کرد کە بریتیبوون لەم دەستانە :

| | |
|---|---|
| سەربازانی خاوەن تیولی ئەوروپاو ئاسیا | 5 هەزار کەس |
| سوارەی تایبەتی سوڵتان | 1 هەزارو 500 کەس |
| ئیکنجی یەکان | 20 هەزار کەس |
| یەنی چەریەکان | 12 هەزار کەس |
| سەڵتەکان | 12 هەزار کەس |
| سەربازانی پیادەی تایبەتی سەڵتەنەت | هەزار کەس |
| تۆپخانەوزەخیرەوبنە | 20هەزار کەس |
| کەسانی جیاجیا(بۆ ڕێگالێدان وشتی لەو جۆرە ) | 10 هەزار کەس |

### *کەلوپەلی تۆپخانە*

| | |
|---|---|
| تۆپی گەورەی تایەدار | 200 عەرادە |
| هاوەن | 100عەرادە |
| تۆپی بچووك کەلە وشتر باردەکرا (زەنبورەك ) | 100عەرادە |
| ئەسپی تۆپخانە | 2هەزار سەر |
| وشتر لەوانی ئێربی | 6هەزارکەس |
| وشتر لەوانی بارکردنی پێداویستی یەکانی سوپا | 60هەزار کەس |

هەڵسوڕێنەرانی کاروباری سوپا



### *فەرماندەکانی لە شکری عوسمانی*

| | |
|---|---|
| سوڵتان سەلیم خان هەمدەم پاشا بەگلەر بەگی فەرەمان | فەرماندەی سوپای قەرەمان |
| حەسەن پاشا بەگلەر بەگی رۆم ئێلی | فەرماندەی سوپای رۆم ئیلی |
| ئەسکەندەر پاشا | فەرماندەی گشتیی پیادە نیزام |
| ئوغلوعوسمان ئاغا —سەگبان قەرەچە | محەمەدپاشا فەرماندەیسوارەنیزامی |
| | چەکی سوك( ئیکنجییەکان) |
| ئەحمەد پاشا | |
| دوقەکن | |

### *ئارایش یان ڕیزبەندەی جەنگی هێزەکانی دوژمن*

سوارەکانی نیکۆپی ، بە فەرماندەیی میخائیل ئوغلو و دەستەکانی تر ، بوون بە پێش قەراول . سوارە ئەناتۆلیەکان و قەرەمان بە سەرکردایەتی سنان پاشاو زەینەل پاشا لە قۆڵی راست و سوارەکانی روم ئیلی بە فەرماندەیی عوسمان ئاغا بال یەمز و سەگبان باشی لە شێوەی چوارگۆشەدا لە هێڵی دووەمی چەقی سوپاکەدا و لە پشت عەرادەی تۆپەکانەوە جێگیر بوون . هەروەها تۆپەکان بە هۆی زنجیری ئەستورەوە بە یەکەوە بەستران و قەراوڵە تایبەتەکانی سوڵتانیش لەپشت یەنی چەرییەکان و لە ژێر چاودێری خودی سوڵتان دا جێگیر بوون . ئۆردوی ئاژەڵە بارکێشەکان لە سێ لاوە بە دەوری سەربازە یەنی چەرییەکان دا دانرا . دەستەی قەراوڵە تایبەتەکانی سوڵتان پێکهاتبوون لە دەستە چەکدارییە جیاجیاکان ، ئالیکچی ، بیانییەکان ، قەراوڵە پیادەکانی سولاغ و قاپوچی .

www.pertwk.com



هەروەها خودی سوڵتان سەلیم لەگەڵ ئەحمەد پاشا هەرسەکلی ئوغلوی سەرۆك وەزیران ، ئەحمەد پاشا زوقەکی ئوغلوی وەزیری دووەم و مستەفا پاشا بەغلو چاوشی وەزیری سێهەم دا لەسەر گردێك  کە دەیڕوانیيە سەر دەشتی چاڵدێران و لە ژێر دوو ئالاَی سور و سپی دا جێگیر بوون .

بێجگە لەوانە دەستەیەکی تری سوپا ، پێکهاتوو لە سوارەو پیادە ، بە فەرماندەیی شادی پاشا لە پاش ئەوەی هەموو هێزەکان و بۆ ڕێگرتن لە ئەگەری دزە کردنی دوژمن بۆ پشت هێزەکان ، سەنگەریان گرتبوو . لەگەڵ یەکەمین فەرمانی دەستپێکردنی جەنگ دا ، 12 هەزار یەنی چەری کە لەریزی پێشەوە بوون هێرشیان دەستپێکرد و پاش ئەوان زیاتر لە 100 هەزار سوار کەوتنە جووڵە .

## ئارایش یان ریزبەندیی سوپای ئێران

لە بەرامبەر ئەو خۆ ئامادەکردنەی عوسمانیيەکان دا ، شای سەفەویش بە 27 هەزار و 575 کەسەوە خۆی بۆ جەنگ ئامادە کرد . دەستەی یەکەم بریتی بوون لە سوارەکانی قزلباش بەفەرماندەیی دورمیش خان شاملۆ ، خەلیل سوڵتان زولقەدەر ( حاکمی فارس ) ، حەسەن بەگ للە ، وەزیری پێشو خەلیل بەگ ، مونتەشا سوڵتان ( حاکمی تەورێز ) ، نور عەلی خەلیفە روملو ، حاکمی ئەرزنجان ، سوڵتان عەلی میر ئەفشار و پیرە بەگ چاو شلو لە لای قۆڵی راست جێگیر بوون



بابائەلیاس و دەستەیەکیتر بە سەرکردایەتی محەمەدخان ئەستاجلو (حاکمی دیاربەکر ) و ژمارەیك لە حاکمان و سەرانی ئەستاجلو و دەستەیەکی تری سوپاو کوڕانی بابا ئەلیاس لەلای چەپ جێگیربوون .

هەروەها سەرۆك وەزیران ، نیزامەدین میر عەبدولباقی ، میر سەید شەریفەدین عەلیسەدر (قازیيعەسکەر) و سەید محەمەد کەمونە (نەقیبی ئەشرافەکانی نەجەف) لەگەڵ دەستەیەکی سوارە لە چەقی لە شکرەکەو لە ژێر ئالاَی شادا جێگیر بوون .

خودی شاو یارمەتیدەرەکانی لە بەشی چەقی لەشکردا جێگیربوون تا لەکاتی پێویست دا بتوانن کۆمەکی سوپاکەی خۆیان بکەن[1] . سوڵتان سەلیم هەوڵی دا سوپای ئێران بێنێتە مەودای هێزی تۆپخانەی خۆیەوە، چونکە مەودای تۆپەکان کورت بوون ، بەلاَم شا ئیسماعیل بەهۆی ئەو سەربازە عوسمانیانەی بە دیل گیرابوون ، ئەو راستیيەی دەزانی . بەرگی سوارە قزلباشەکان زیاتر لە زرەو و کلاَوی خودە پێکهاتبوو . هەروەها سوپەری سوریان لە تاجی قزلباشیخۆ دابوو ،جگە لە ژمارەیەکی تری هۆزی کوردو عەجەم کە لە سوپای سەفەوی دا خزمەتیان دەکرد .ئەسپی سوارە ئێرانیەکان بە پێچەوانەی ئەسپەکانی لەشکری عوسمانيیەوە ،زۆر بەهێزو چاپووك و توندڕۆ بوون . چەکی سوارە قزلباشەکان بریتی بوو لە گورزی ئاسنین (شەش پەڕ ) و تیرو کەوان وشمشێرو خەنجەرو تەورزین . بەلاَم سوپای ئێران تۆپ وتفەنگیان نەبوو ، چونکە لە سەردەمی شائیسماعیل دا سوپای ئێران بەکارهێنانی چەکی ئاگر باری بە پێچەوانەی جوانمەردی و دلاوەری دادەنا . بەهۆی ژمارە کەمی و



[1]: رحیم زادە صفوی ، سەرچاوەیەکی پێشوتر ، ل375 .

www.pertwk.com


نوقسانی چەك و تفاقەوە ، شائیسماعیل زیاتر پشتی بەئیمان و باوەڕی قزلباشەکان دەبەست . هەروەها جگە لەوەی جەنگاوەرە ئێرانی‌یەکان لە هێزەکانی عوسمانی پێشکەوتوتربوون ، باوەڕی‌تەواویشیان بە ڕێبەرەکەی خۆیان هەبوو . لەو سۆنگەیەوەو پاڵپشت بەبیروباوەڕی مەزهەبی ، شائیسماعیل بەشداری‌ی ئەو شەڕە سەخت و نابەرابەرەی کرد . لە جەنگی چاڵدێران دا تەمەنی شائیسماعیل 28 ساڵ بوو [1] .

## شێرە پیاوێك لە کوردستانەوە


لەناو ئەفسەرەکانی سوپای ئێراندا پیاوێك بەناوی سارووبیرە هەبوو ، کە بەقۆرچی دەناسرا . سارووبیرە باڵایەکی زۆر بڵندو ڕێکوپێکی هەبوو ، لەشاری بانە لەدایك بووبوو و هەر لە 5 ساڵی‌یەوە خۆی خواردنی ڕۆژانەی خۆی ئامادە کردووە و چەندان جار بەرەنگاری پڵنگانی کردووەو ڕاو و شکاری کردوون . تەنانەت لە پێستی پڵنگ جل و بەرگی بۆخۆی دروست کردبوو . لە تەمەنی 15 ساڵی دا ئەوەندە قۆزو لەشولاری جوان بووە ، خەڵکی نازناوی سوهرابیان داوەتی‌و شا ئیسماعیل لەکاتی سەفەرەکەی بۆ کوردستان ، لەگەڵ خۆی هێنابووی . سارووبیرە لە جەنگی چاڵدێران دا گەورە ئەفسەر بوو ، هەروەها هاوکاری‌یەکی گەرمی هێزەکانی ڕۆملۆی دەکرد کە بە نەژاد ئێرانی نەبوون ، بەڵام لە ریزی هێزەکانی شای سەفەوی دا دەجەنگان . ئەگەر چی سارووبیرەو سەربازەکانی هونەری جەنگی‌یان بە ئەندازەی سەربازانی ئیچ ئۆغلان نەدەزانی ،بەڵام بێباکی‌ی لە رادەبەدەرو لێهاتویی لە شولار یان ، ئەو کەموکوڕی‌یەی پڕ کردبووەوە .



[1]: رحیم زادە صفوی ، سەرچاوەیەکی پێشوتر ل348 .








ریزبەندی سوپای هەردولا لە گۆڕەپانی چاڵدێران دا

www.pertwk.com




دۆخی سێهەمی هەردوو سوپا






www.pertwk.com




دۆخی سێهەمی هەردوو سوپاکە




دۆخی چوارەمی هەردوو سوپاکە

www.pertwk.com



# دەسپێکردنی جەنگی خوێناویی چاڵدێـــــران[61]

سەر لەبەیانی رۆژی دووەمی رەجەبی ساڵی 920 هـ .ق ، هەردوو لەشکرەکە بەتەواوی خۆیان بۆ جەنگ ئامادەکرد . سەربازانی لەشکری عوسمانی بەهۆی بوونی تۆپخانەوە ، ئەگەری هێرش بردنیان نەبوو ، هەربۆیە هێرش لەلایەن شائیسماعیلەوە دەستیپێکرد . بنکەی شائیسماعیل کەوتبووە نێوان کێوەکانی باکوور و رۆژهەڵاتی چاڵدێرانەوە . لەسەرەتای جەنگەکەدا ساروبیرە قۆرچی کەپێش قەراول یان چەرخچی‌ی[62] سوپای سەفەوی بوو ، پەلاماری دەستەیەکی پێش قەراولی سوپای عوسمانی ، لەدامێنی کێوەکانی رۆژاوادا داو هێندە گورج و گوڵ رەفتاری کرد کەتوانی کەلێن بخاتە ناو سەربازانی ئیچ ئۆغلانەوە و تا دەهات کەلێنەکە زیادی دەکرد . ساروبیرە بێگوێدانە دارونەداری خۆی شەڕی دەکردو بەرەوپێش دەچوو و لەپشتیەوە سەربازەکانی حەسەن بەگ للە و ئەمیر عەبدولباقی لەلای چەپەوە هێرشیان برد . شائیسماعیل کاتێ بینی هێزەکانی‌زۆر بە خێراییهێرش دەبەن و دەچنە پێش ، بۆی دەرکەوت کە ئەوە

---

[61]: خانبابابیانی ، سەرچاوەیەکی پسنشوتر ل217 . هەروەها اشتن متزوجون بارك ، سەرچاوەیەکی ل280

[62]: چەرخچی : کەواندار یان تۆپچی ، بەشێکی پێشەنگی سوپای سەفەوی بەناوی چەرخچی دەناسرا ( وەرگێڕ ) .



داوەو دوژمن دەیەوێهێزەکانی ئێران راکێشێتە مەودای تۆپخانەوە . ساروبیرە و ئەسڵان هەریەکەو بە 2 هەزار سەرباز لەگەڵ 5 هەزار سەربازی حەسەن بەگ للە و ئەمیر عبدولباقی دەجەنگین . شائیسماعیل لەسەر گردەکەوە چاودێری شەڕەکەی دەکرد و ساروبیرە بەو قەدوباڵابەرزیو دلاوەرییەی سەرنجی رادەکێشا . پاش شەڕێکی زۆر ، تێرێ بەر ناوچەوانی ساروبیرە کەوت و ئەمیر عبدولباقیش ریشە سپی‌یەکەی بە خوێنی خۆی سوور بوو . پاشان ئەڵلا یار ئەفشاریش کەوتە سەر زەوی . سەربازێك بە ناوی تەهمورس شادلو لە ناوەڕاستی سەربازەکانی ئیچ ئۆغلان دا خۆی کرد بە چەرخی مەرگ ، واتە بە خۆی و گورزەکەیەوە وەك فڕفڕۆکە دەسوڕایەوەو لە هێزەکانی دوژمنی دەکوشت. سوپای عوسمانی تاکتیکی پاشەکشەی هەڵبژارد و ویستی هێزەکانی ئێران بکیشێتە مەودای تۆپخانەوە . حەسەن بەگ للە لەولاوە لەگەڵ سەربازەکانی خۆی بە شمشێر شەڕی دەکرد و دەچووە پێش . لەو کاتەدا تۆپباران دەستی پێکرد و هێزەکانی ئێران ، لەوانە ساروبیرە دەستی راستی بەرکەوت و کەوتە سەر زەوی و ئەسڵان کوژرا .

شائیسماعیل رۆستەم کڵاوچەرمینەی لەبری خۆی بەجێهێشت و لەگردەکە هاتە خوارەوە و لەنزیکەوە کەوتە دەرکردنی فەرمان بۆ هێزەکان . هەروەها پێشنیازێکی سوڵتان سەلیمی بۆ راگرتنی چەند سەعاتەی جەنگ پەسەند کرد و ژمارەیەك کوژراویان بۆ پشت بەرەکان گواستەوە .

کاتێ پەلاماری دووەم دەستی پێکرد، لە جەرگەی لەشکری ئێران دا لە 2500سەرباز زیاتری لێ نەبوو . محەمەد خان ئەستاجلو کە لەلای چەپی لەشکرەوە شەڕی دەکرد بەهۆی تۆپەوە ژمارەیەکی زۆری هێزەکانی کوژران و بەناچاری داوای کۆمەکی لە هێزە 3 هەزار کەسی‌یەکەی سەید محەمەد کەمونە

www.pertwk.com



کرد و ئەویش هەزار کەسی بۆنارد . هەر لەو کاتەدا شائیسماعیل لە گردەکە هاتە خوارەوە و وتی :–

"ئێستا سەرەی منە بچمە مەیدان " بەڵام شێخ شەبستەری نەیهێشت ، ئینجا شا وتی : "کاتێ‌ئەسڵان و سارویرە لەخوێن دا بتلێنەوە ، ئەگەر نەچمە مەیدان ئەوا بەتەواوی ناپیاویە " هێزەکانیشی بەجارێ بە فریادی الله الله عەلی عەلی کەوتنە هێرشبردن . لەشکری عوسمانی نەیتوانی هیچ پێشکەوتنێ لە لای چەپەوە بە دەست بهێنێ ، چونکە ئێرانیەکان بە جۆری هێرشیان دەبرد کە توانیان تا بارەگای شادی پاشا بچنەپێش و حەسەن پاشای فەرماندەی عوسمانی‌بدەن بەزەویدا . سوڵتان سەلیم چاودێری‌مەیدانەکانی جەنگی دەکرد و بۆی دەرکەوت کە ئەگەر محەمەد خان درێژە بە پەلامارەکانی بدا ، ئەوا بێ سێ و دو لەشکری عوسمانی دەشکێ ، بۆیە فەرمانی دایە هێزەکانی خۆی تا وردە وردە پاشەکشە بکەن و زەمینەی ئەوە خۆش بکەن هێزەکانی ئێران بکەونە مەودای تۆپەکانەوە ، سەرجەم تۆپ و هاوەنەکانی لەشکری عوسمانی کەوتنە تۆپباران کردن .

محەمەد خان ئەستاجلو دلێرانە جەنگی دەکردو شیعرە حەماسیەکانی فیردەوسی دەوتەوەو پەلاماری دوژمنی دەدا بەڵام لەبەرئەوەی وەك پێویست خێرا نەبوو ، نەیتوانی خۆی بگەیەنێتە هێزەکانی لای چەپ . بە فەرمانی سوڵتان سەلیم تۆپخانە کەوتە کار و هێزەکانی ئەستاجلویان تۆبباران کرد . لەوتۆپبارانەدا محەمەدخان ئەستاجلو بەرکەوت و کەوت سەری محەمەد خان



ئەستاجلویان لەلەشی جیاکردەوەو بۆشائیسماعیلیان نارد [63] . لەو کاتەدا ،یەنی چەریەکان کە ئابلۆقە درابوون ،ئازادکران و حەوت جاری یەك لەدوای یەك تۆپبارانیان کرد .

ریچارد نۆلز نووسیویەتی: " لەدەنگی چکە چك و پێکدادانی چەك و ئەو خۆڵ و تۆزەی لە دەرودەشت و ئەو دوکەڵەی لە زاری تۆپەکانی عوسمانی یەوە بەرز دەبووەوە ، نەکەس کەسی دەدی و نەکەس گوێی لەهیچ دەبوو " .

مێژوو نووسە تورکەکان نووسیویانە : " چاڵدێران یەکێ بوو لە تاریکترین رۆژەکانی مێژووی عوسمانی و ژمارەیەکی تریان بەرۆژی فەنایان ناولێناوە " . لەمێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێران دا بەمجۆرە باسکراوە: " جەنگی چاڵدێران تەنها یەك رۆژی خایاند " . بەڵام مێژوونووسەکانی تر ، لەوانە شتن میتزی ئەڵمانی و جۆن بارکی ئەمریکی لەو باوەڕەدان کە جەنگی چاڵدێران دوورۆژی خایاندبێ . ئاگری جەنگەکە تا رۆژئاوای رۆژی یەکەم درێژەی کێشا و محەمەد قەرەباخیش بەخۆی و دووهەزار هێزی تازەوە گەیشتەجێ و خۆی گەیاندە لەشکری ئێران . لەگەڵ خۆر ئاوابوون دا جەنگەکەشی وەستا .شائیسماعیل و شێخ محەمەد شەبستەری چوونە خەڵوەتەوە و وەسێتی خۆی پێ راگەیاند و وتی:

" پاش من تەهماسپی کوڕم دەبێتە شا و ئەگەر دێو سوڵتان روملو لەجەنگەکە بەزیندویی گەڕایەوە ، ئەوا ئەویش دەبێتە ئەندامێکی تری شوراکەیان و پێویستە ئەندامانی شورای نوێنەرایەتی سەڵتەنەت سێ کەس بن



[63]: خانبابابیانی ، سەرچاوەیەکی پێشوتر ل[226] . هەروەها رحیم زادە صفوی ، سەرچاوەیەکی پێشوتر ل[357] .

www.pertwk.com

و خۆتان کەسی سێهەم لەناو ڕۆحانی‌یەکان دا هەڵبژێرن و ئەگەر کوژرام تەرمەکەم ببەنە ئەردەبیل و یەکەم کەس تۆ لە مەیدانی جەنگ دەرچۆ تا نەکوژرێی و وەسێتنامەکەم جێبەجێ بکەی "، بەڵام شێخ محەمەد شەبستەری رازی نەبوو مەیدانی جەنگەکە چۆڵ بکا و نەڕۆیشت .

هەروەها شائیسماعیل وتی : "سبەینێ ئومێدی ئێمە لەسەر گیان بازیی سوارەکانی دێو سوڵتان و هێزە دوو هەزار کەسی‌یەکەی غولام عەلی قەرەباخی دەوەستێ " . وتیشی : " من دەچمە ژێر فەرماندەیی دێو سوڵتانەوەو پەیڕەوی لەفەرمانەکانی دەکەم و ڕۆستەم کلاو چەرمینە فەرماندەی گشتیی جەنگەو ئەگەر کوژرا، ئەوا عەلی محەمەد هەمەدانی جێگای دەگرێتەوە " [64] .

## ڕۆژی دووەمی جەنگ

سپێدەی ڕۆژی دووەم شائیسماعیل لەخەو هەستاو نوێژی کرد و دوعای کردو پاش خواردنی نانی بەیانی زرەکەی لەبەر کردو وتی : " دوێنێ سەرجەم هێزەکانی عوسمانی بەشداری شەڕەکەیان نەکرد ، بەڵام ئەمڕۆ هەمووان بەشداری دەکەن . دوێنێ پیادەکانی ئێمە فیداکاریان کردو زۆربەشیان شەهیدبوون ، بۆیە پێویستە ئەمڕۆ پیادەکان بچنە پاشەوەو سوارەکان لەپێشەوە بن " . پاشان هێزەکانی دابەشکردە سەر چوار بەش و وتی : " بەشێك بۆ پاراستنی بەشی باکوور، بەشێك بۆ پاراستنی چەقی بەرە ، بەشێك بۆ باڵی باشوورو بەشەکەی تر بایەدەك بن " و ئینجا روی کردە ڕۆستەم کلاو



[64] : اشتن متز وجون بارك ، سەرچاوەیەکی پێشوتر ، ل329 .

چەرمینەو وتی : " ئێستا تۆ فەرماندەی مەیدانی جەنگی و من لەژێر فەرماندەیی دیو سوڵتان روملو دا دەبم " [65] .

شائیسماعیل لەمەیدانی جەنگدا فەرماندەیەکی واقعی بوو ، بۆیە کاتێ دەچووە مەیدانی جەنگەوە لەرووی دلێریو خوێنساردی و لێهاتوویی و فەرماندەیی‌یەوە شانی لەشانی دیارترین فەرماندەکانی مێژوویی دنیا دەدا .

شائیسماعیل لەچادرەکەی دەرکەوت تاسواری ئەسپەکەی بێ و خۆی بگەیەنێتە سوارەکانی ڕۆملو . لەشکری عوسمانی ریزبەندیان کردبوو و سەربازەکان بە جلوبەرگی تایبەتەوە لەجێگای خۆیان وەستابوون . ئەنوشی خزمەتکاری شا ئەسپەکەی لەچادرەکە نزیك کردەوە تا شا سواری بێ‌و لەو کاتەدا بینی‌یان سێ کەس لەبەرەی عوسمانی‌یەکان جیابوونەوەو بەرەو بەرەی ئێران هاتن . دووانیان ئاڵای سپی‌یان هەڵکردبوو ، بەڵام پیاوەکەی ناوەڕاستیان ئاڵای بەدەستەوە نەبوو . پاش تێپەڕبوونیان لە پاسەوانەکان ، نامەیەکیان گەیاندە دەستی شائیسماعیل ، کەبەزمانی فارسی نووسرابوو . بێ ئەوەی بیخوێنێتەوە شا نامەکەی دایە دەستی عەلی محەمەد هەمەدانی تا بۆ هەمووانی بخوێنێتەوە و هەمووان لەناوەرۆکی نامەکە ئاگاداربن . لەنامەکەدا نووسرابوو : سەرکەوتن بۆ ئێمەیە و بۆ رێگرتن لە خوێن رژان ، پێویستە شا ئیسماعیل فەرمان بە ئەفسەرو سەربازەکانی بدا خۆیان بدەنە دەستەوەو چەکەکانیان دانێن . لەبەرامبەردا سوڵتان سەلیم لەسەر ئەم بنەمایانەی‌خوارەوە رازی‌دەبێ :

1 – گیانی شاو نەوەکانی و ئەندامانی بنەماڵەکەی و ماڵ وملکی تایبەتی خۆی و ئەندامانی بنەماڵەکەی دەپارێزێ .



[65] : هەر ئەو سەرچاوەیەی پێشو ، ل338 .

www.pertwk.com

2 – شای ئێران و بنەماڵەکەی دەبێ لە ئێران دەربچن .

3 – پاش خۆ بەدەستەوە دان ، گیانی ئەفسەرو سەربازان دەپارێزرێو ناکرێنە کۆیلەو تا کۆتایی ماوەی داگیرکردنی تەواوەتی ئازربێجان و کوردستان و تالش و گەیلان ، کەبەلایەنی زۆر لەسێ مانگ زیاتر درێژە ناکێشێ ، لەدیلێتیدا دەمێننەوە و پاشان ئازاد دەکرێن .

پاش خوێندنەوەی نامەکە ، بێدەنگییەکی کوشندە باڵی بەسەر هەموان دا کێشا ، شائیسماعیل بێ دەنگییەکەی شکاند و جارێکی تر ناوەرۆکی نامەکەی بە هەموان وتەوە ، ئینجا  رووی کردە ئەفسەرەکەی لەشکری عوسمانی و وتی:

" لەکەیەکەوە بەزەیی چووەتە دڵی پاشای ئێوەوە و بۆ رێگرتن لە خوێن رژان پێشنیازی خۆبەدەستەوەدان دەکا ". پاشان راوبۆچونی یەکە یەکەی ئەفسەرە گەورەکانی وەرگرت و هەمووان پێشنیازەکان رەتکردەوە و ئامادەگی خۆیان بۆ جەنگ و شەهید بوون راگەیاند .

شائیسماعیل بە نەخێر وەڵامی نامەکەی سوڵتان سەلیمی دایەوە و نامەکەی دایە دەستی نامە بەرێك تابەگەیەنێتە بەرەی سەلیم و پاشان خۆی بۆ نەبەرد ئامادەکرد . بۆ بەرفراوانتر کردنی مەیدانەکانی جەنگ ، عوسمانییەکان تۆپەکانیان لەسەر گردی کەبودی باشووری رۆژئاوای مەیدانی جەنگەکەدا دامەزراند ، ئەویش بۆ ئەوەی لەپاڵ تۆپەکانەوە پیادە نیزامەکانیش لەگردەکەوە شۆڕ ببنەوە . شائیسماعیل لەناوەڕاستی مەیدانەکەدا وەستابوو و لەکەین و بەینی دوژمن ئاگادار نەبوو . رۆستەم کلاو چەرمینە هەر کە بینی هێزەکان لە گردەکەوە شۆڕ دەبنەوە فەرمانیدا پەلاماری ئەو هێزەی عوسمانییەکان لە دامێنی گردەکەدا بدرێ و قڕیان بکەن . حەسەن بەگ للە ، سێسەد سوارەی خۆی بۆ ئەرکەکە دەستنیشان کرد بۆ ئەوەی پەلاماری ئەو هێزەی



عوسمانییەکان لەدامێنی گردەکەدا بدەن ، بەڵام لەبەر ئەوەی دەکەوتنە مەودای تۆپەکانەوە ، هەموویان کوژران . لەلایێکی ترەوە                شائیسماعیل سەرنجیدا سوڵتان سەلیم لەپەنای تۆپەکاندا خەریکی جێگۆڕکێ کردنی هێزەکانیەتی و بەنیازە مانۆڕی بەربەستیبزۆك ( سد متحرك ) ئەنجام دەدا و ناکرێ بەری لێ بگیردرێ . ڕۆستەم کلاو چەرمینە و حسێن بەگ للە زۆر پەشۆکان و بارودۆخی مەیدانی جەنگ و شۆڕبوونەوەی هێزەکانی عوسمانییان لەگردی کەبود بەهۆی جەنگاوەرێکەوە گەیاندە شائیسماعیل . شائیسماعیل سەرنجیدا گردی کەبود سنووری باشوور و لە شکان نەهاتووی بەرەیە ، ئەگەر درزی تێ بکەوێ ، ئەوا دەکەونە گەمارۆی دوژمنەوە ، بۆیە شا کە 2200 سواری هەبوو ، دابەشی کردنە سێ بەش:

800 سواری دایە حسێن بەگ للە تاباڵی باشووری بەرەی پێپارێزگاری بکا و 1400 سوارەکەی تری بۆ دوو دەستەی 700 نەفەری دابەشکرد و وتی:–

" خۆم دەبمە فەرماندەی دەستەی یەکەم و دەستەی دووەم غولام عەلی قەرەباخی فەرماندەیی دەکا . پاشان من و سوارەکانم دەچینە پێش و غولام عەلی قەرەباخی بەخۆی و 700 سوارەکەی بەدوامان دا دێن . ئێمەی دەستەی پێشەنگ بەرگەی لێدانی 60 هۆکاری بەرگری دوژمن دەگرین و کاری هێزەکانی قەرەباخی ئاسان دەکەین . ئێمە پەلاماری گردی کەبود نادەین ، بەڵکو هەوڵ دەدەین تۆپەکانی دوژمن لە تەقە بوەستێنین ".

حەسەن بەگ للە وتی : " تۆپەکانی دوژمن لەسەر گردەکەن " [66]



[66]: اشتن متز وجون بارك ، سەرچاوەیەکی پێشوتر ، ل343 ، 344 .

www.pertwk.com

شائیسماعیل وتی :– " ئێمە یەك لێژایی نزممان لەبەردەمدایە کە ئەسپەکان دەتوانن بەئاسانی پیایدا سەربکەون ". ئینجا شا خاڵێکی لە مەیدانی جەنگەکە نیشان ئەفسەرەکانی خۆیدا ، کە دەکەوتە کۆتایی جەرگەی بەرەی ئێرانی‌یەکان و سەرەتای باڵی باشوورەوە و وتی :–

" هێزەکانی ئیکنجی نیزەیان پیێ‌نی‌یە ، بۆیە دەبێ لەوێوە درز لە لەشکری عوسمانی‌دا دروست بکەین ، پیلانی ئێمە ئەوەیە کە ستونی یەکەم بەفەرماندەیی خۆم و بەهێڵێکی راست بەرەو رۆژئاوا پێچ دەکەینەوە و هەڵدەکوتینە سەر ئیکنجی‌یەکان ، چونکە ئامانجی ئێمە گەیشتنە بە گردی کەبود لەلای باکورەوە ، کە لەو قۆڵەوە لێژایی‌یەکەی لەبارەو ئەسپەکان بەئاسانی دەتوانن پیادا سەرکەون . هەرچی هێزەکانی غولام عەلی قەرەباخە ، ئەوا لە پشت ئێمەوە دوو ئەرکیان دەکەوێتە ئەستۆ : یەکەم پاکسازی رێگاکە لە هێزی عوسمانی و دووەم بە کراوەیی هێشتنەوەی رێگاکە بۆ گەڕانەوە " .

## پەلاماری شائیسماعیل بەرەو تۆپخانە

شا فەرمانی پەلامارەکەی دەرکرد و سوارەکان کەوتنە جووڵە و رێگای باکوریان گرتە بەر . شا و سوارەکان بەتەکان ، باشووری بەرەی ئێرانیان بڕی و لەباکوورخۆیان گەیاندە سەربازانی ئیکنجی ، ئینجا لەوێ پاشا رەشمەی ئەسپەکەی بەلای چەپ دا وەرگێڕا و پاش چرکەیەك لغاوی ئەسپەکەی راکێشا و خێرایی‌یەکەی زیاد کردو پاش چەند دەقیقەیەك و لەکاتێکدا ئەسپەکان بەخێرایی تەکانیان دەدا ، ئەوانیش وروژان و دیمەنێکی ترسناك و شکۆدار لە



هەمان کاتدا ، دروست بوو ، جگە لە تۆپەکانی سەر گردی کەبود کەبەردەوام گرمەی دەهات . هێزەکانی ئێران گەیشتنە بنکەی فەرماندەیی ئیکنجی‌یەکان و شائیسماعیل و هاوڕێکانی نەعرەتەیان دەکێشا . ئیکنجی‌یەکان جگە لە شمشێر چەکی تریان پێ نەبوو ، بۆیە شمشێرەکەشیان نەیدەتوانی رێگا لە تێپەڕبوونی سوارە نیزامەکانی ئێران بگرێ .

بەپێی کتێبی "انقلاب الاسلام بین الخاص والعام "[67] و زۆرێ لە مێژوونووسە تورکەکان ، پەلاماردانەکەی شائیسماعیل بەرادەیەك توند و دلێرانە بوو کە ئەسپەکانی ژێری لە حەشمەتی پەلامارە یەك لەدوای یەکەکانی دەتەرەکین یان لەجووڵە دەکەوتن ، بەجۆری لەجەنگی چاڵدێران دا شائیسماعیل حەوت جار ئەسپەکەی خۆی گۆڕی .

پاش ئەوەی شائیسماعیل ژمارەیەکی کوشت و ژمارەیەك لەسەربازەکانی خۆیشی کوژران ، خۆی گەیاندە دامێنی باکوری گردی کەبود ، واتە گەیشتە بنکەی فەرماندەیی ئیکنجی‌یەکان .

پەلامارو زەبری سوارە نیزامەکانی شا هێندە توندو ورەی سوارەکانی هاوڕێی هێندە بەرز بوو کەئیکنجی‌یەکان نەیانتوانی خۆیان راگرن ، بۆیە پاش کوژرانی ژمارەیەکیان ، ئەوانی تر رێگای تێپەڕبوونی شا وهێزەکانیان کردەوەو ئینجا ئالاّ هەڵگر ، بەنیشانەی هێرش ئالاّکەی شەکاند .

کاتێ شائیسماعیل گەیشتە سەر گردی کەبود ، تۆپەکان هێشتا گرمەیان دەهات و تۆپیان دەتەقاند . سەربازێکی قزلباش لەیەکەم گورزدا وەجیە



[67]: محمد عارف ارزومی ، انقلاب الاسلام بین الخاص و العام ، 1307 هـ.ق ، نسخە خطی کتابخانە ملی ، نمرە 1358.

www.pertwk.com

سەعدەدینی فەرماندەی تۆپخانەی کردە دوو لەتەوە . پەلامارەکەی سوارەکانی شا بەڕادەیەك توند بوو کە بەئاسانی خۆیان گەیاندە تۆپەکان . ئینجا شائیسماعیل بە گورزێکی خێرا ئەو زنجیرەی پساند کەتۆپەکانی پێکەوە گرێ دابوو ، پاشان بەتەورزینەکەی خۆی ، کە بەزینی ئەسپەکەیەوە هەڵواسرابوو ،[68] بەجۆرێ کەوتە کوتانی دەمی تۆپەکە ،کە بەئەندازەی چوار پەنجە لەهەردوو لاوە دەمی تۆپەکەی قڵیشاند[69] .

کاتێ دەنگی تۆپەکان نەما ، حەسەن بەگ للەی فەرماندەی قۆڵی باشووری ئێران بۆی دەرکەوت کە شائیسماعیل و سوارەنیزامـــەکان دەستبەکار بوون و فەرمانی بە 400 کەس دا پەلاماری دامێنی گردی کەبود بدەن . سوارە ئێرانییەکان لەسەرگردی کەبود و لە ساتە وەختە یەکەمەکانی جەنگەکەدا جیاوازییان خستەناو تۆپچییەکانەوە و پاشان باروتیان خستە ژێر تۆپەکان و تەقاندنیاننەوە و گردی (کەبـــود) بەجارێ بوو بە دۆزەخ . دوکەڵی باروت بواری نەدەدا کەسانی دەوروبەر گردەکە ببینــن ، لەو ئۆپەراســیۆنەدا ئێرانییەکان زۆر دلاوەرانە توانییان نزیکەی (250 ) تۆپی عوســمانی پەك بخەن .

سەربازانی قزڵباش توانیان نزیکەی 300 تفەنگ بە دەستی یەنی چەری ، لەپشت عەرادەی تۆپەکان بکوژن و مالقوش ئۆغلوی قارەمانی رۆماو عەلی بەگی برای بە شمشێر دوولەت بکەن . لەناوەڕاستی لێژایی گردی کەبوددا ، جەنگێکی ترسناك لەنێوان هێزەکانی هەردوولا دا دەستی پێکردوژمارەیەك سەربازی غولام عەلی قەرەباخی کوژران و ژمارەیەکی تریان توانییان خۆیان بگەیەننە سەر گردەکە ، جگە لە دەستەیەکی تریان کەلە دامێنی گردەکە و ناوەڕاستی لێژایی گردەکە تا مردن شەڕیان کرد ، هەوڵیان دا نەهێڵن یەنی چەرییەکان بەگردەکەدا سەربکەون . ئێرانییەکان دەستیان لە شەڕ هەڵگرت و خۆیان بۆ گەڕانەوە لە گردەکە ئامادە کرد .

* * *

[68]:خانبا بیانی ، سەرچاوەیەکی پێشووتر ل 223 ، هەروەها رحیم زادە صفوی ، سەرچاوەیەکی پێشوتر ل358 – تاریخ ترکمن ، هەروەها محمد یوسف والة اصفهانی ، خلد برین ، بةکوشش میرهاشم محدث 1372 ص 240 .

[69]: روسەکان تا سەردەمی شۆڕشییەکەمی ڕوسیاش ئەو تۆپە دەم قڵیشێنراوەیان لە مەیدانێکی شاری تەفلیس دا دانابوو و دەوریان بە زنجیر گرتبوو تا خەڵکی تەماشای بکەن .

www.pertwk.com





دیمەنێك لە جەنگی مێژوویی چاڵدێران

www.pertwk.com



شائیسماعیل داوای لە سوارەکانی خۆی کرد بۆ گەڕانەوە خێراتر خۆیان ئامادە بکەن و خۆیان بگەیەننە ئەو یەنی چەرییانەی خەریکن بە گردەکەدا سەردەکەون . سوارە ئێرانییەکان بەناوەڕاستی بەربەستی سەربازە یەنی چەرییەکاندا تێپەڕ بوون ، بەڵام زیانێکی زۆریان بەرکەوت . بەجۆرێ لە هێزە 700 سوارەکەی شائیسماعیل لەکاتی گەڕانەوە لەگردی کەبود ، تەنها 120کەسیان مانەوە .

لەکتێبی " شاە جنگ ایرانیان " دا نووسراوە :" ئێرانییەکان 580 قوربانییان دا ، ئینجا توانییان مانۆرێ ئەنجام بدەن کە باوەڕ ناکرێ وێنەی لە جیهان دا دووبارە بێتەوە و تاجیهان بمێنێ شانازیی ئەو مانۆرەی لە جەرگەی بەرەی عوسمانیدا ئەنجام دا، بۆ دەمێنێتەوە ".

شائیسماعیل بەهۆی ئەو حەماسە خوڵقاندنەی لە جەنگی چاڵدێران دا نواندی ، چووە ریزی گەورەترین سەرکردە سەربازییەکانی دنیاوە و بۆچەندین سەدە ئەو خۆڕاگرییەی بەرامبەر بەلەشکری پڕ جۆش و خرۆشی سوڵتان سەلیم ، وەك بەرجەستەترین تاکتیکی جەنگی لەگەورەترین زانکۆ سەربازییەکانی جیهاندا دەخوێندرا . کاتێك قولتای تێکشکاندنی تۆپەکانی بەسوڵتان سەلیم راگەیاند ، سوڵتان بڕیاریدا قولتای لەفەرماندەیی دەربکا و رەوانەی مەیدانی جەنگی کرد ، بەڵام لەبەر ئەوەی مەیدانی جەنگەکە هێندە بەرین نەبوو ، تابتوانێ هەموو سەربازەکانی خۆی تێدا بەکاربهێنێ ، فەرمانیدا تا چوار لەشکری بەرجەستەی سوپای عوسمانی بە ناوی :" یەنی چەری ، عوسمانلی ، ئەستەمبول و چەرکس دەست بەهێرش بکەن و جەنگەکە یەك لایی بکەنەوە ".

پاش گەڕانەوەی لەگردی کەبود شائیسماعیل گەیشتەوە لای دیو سوڵتان روملو و پێی وت :



" پێویستە ئەمڕۆ هەمووان لەرێگای عەلی و بنەماڵەکەیدا گیانمان بەخت بکەین ". ئەگەرچی شا لەشەڕەکانی پێشوودا برینداربووبوو ، کەچی دیسانەوە پەرۆشی بەشداری کردنی جەنگی دەربڕی بەڵام کەسانی دەور و بەری نیگەران بوون و برینەکەیان تیمار کرد.

سوپای ئەستەمبول بەرەو قۆڵی باشوورهێرشیبرد و لەوێ حەسەن بەگ للەی فەرماندەی قۆڵەکە خۆی بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشەکە ئامادە کرد ، کەلە 970 سوار زیاتری نەبوو ، کە 700 سواریان بۆ خۆی مابوونەوە و 270 سوارەکەی تر پاشماوەی ئەو سوارانە بوون کەلەگەڵ شائیسماعیل و غولام عەلی و گوڵ وەفا بەشداری هێرشەکەی سەر تۆپخانەیان کردبوو .

پاش ئەوەی سوڵتان سەلیم بۆی دەرکەوت کەخودی شائیسماعیل فەرماندەیی پەلاماردانەکەی تۆپخانەی کردووە ، گومانی کرد شا لەجەرگەی بەرەکانی جەنگ دا بێ و کاتێ سێ لەشکری سوپاکەی بەرەو بەرەی ئێرانییەکان کەوتنە رێ و لەشکری چوارەم وەك یەدەك چاوەڕوانی بەشداری کردنی جەنگ بوو ، سوڵتان سەلیم فەرمانی بەئاغای فەرماندەی یەنیچەرییەکان دا تابە ئەفسەر و سەربازەکانی خۆی رابگەیەنێ کە شائیسماعیل بەزیندوویی دەسگیر بکەن ، بۆ ئەوەی سوڵتان بتوانێ گوێی ئەو کەسە راکێشێ کەتۆپخانەکەی وێران کرد .

سوپای یەنی چەرییەکان بەرێ ورەسمی سەربازی تایبەتی لەگەل چەند هێزێکیتر هێرشیان کردە سەر پاشماوەی هێزەکانی حەسەن بەگ للە ، لەژێر گوشاری زۆری هێزەکانی عوسمانیدا ، بەفەرمانی حەسەن بەگ للە هێزەکان پاشەکشەیەکی کورتیان کرد و داوای کۆمەکیشیان لەرۆستەم کلاو چەرمینە کرد ، ئەویش توانی تەنها 500 کەسیان بۆ رەوانە بکا . حەسەن بەگ للـــە توانی

www.pertwk.com



سەرجەم بە 1470 سەربازەوە بەرامبەر بەلێشاوی عوسمانییەکان بوەستێتەوە سوارەکانی حەسەن بەگ للە چەندین جار بەدەم فریادی ( یاالـلـه یاعلــی ) یەوە هێرشیان برد و تاپێیان کرا قۆچەقانییان بەکارهێنا و نزیك دەبوونەوە ، ئینجا بەتیـــر و شمشێر شەڕیان کرد . لەمەیدانی جەنگەکەدا هەر سەربازێکی عوسمانی کەدەکەوت یەکێکی تر جێگاکەی پڕ دەکردەوە ، بەڵام هەرسوارێکی ئێرانی کەلە ئەسپەکەی دەکەوت ، کەس جێی نەدەگرتەوە .

سەربازەکانی حەسەن بەگ للە ئەوپەڕی ماندوو بووبوون ، ئەسپەکان هیلاك و ئارەقەیان لێ دەچۆڕا و توانای تەکاندنیان نەمابوو ، هەروەها سوڵتان سەلیم تێگەیشت کەئێرانییەکان ناتوانن تەنانەت دەستەیەك سوارە بۆ پشوودان رەوانەی پشتی بەرەکان بکەن ، چونکە سواری تریان نییە جێگایان پڕ بکاتەوە ، بۆیە بڕیاریدا بواری پشوودانی هێزەکانی ئێران نەدا و درێژەی بەجەنگەکە دا تاسەرەنجام ئێرانییەکان بەرادەیەك ماندوو بوون ، کەلەپەلوپۆکەوتن و پاش کوژرانی زۆربەی هێزەکان ، ورەی ئەوانی تردابەزی و چەندان هۆکاری جیاجیا رۆڵیان لەلاواز کردنی سوپای ئێران دا هەبوو .وردە وردە لە هەموو لایەکەوە تەنگ بەئێـــرانییەکان هەڵچنرا . لەوکاتەدا سوڵتان سەلیم فەرمانی دایە یەنی چەرییەکان پەلاماری چەقی بەرەی ئێران بدەن ، کەتەنها 2500 سوارە بەسەرکردایەتی رۆملو بەرگرییان لێ دەکرد . دەبوایە شائیسماعیل و ڕۆملو بەو هێزە کەمەوە بەر لە هێرشی یەنیچەرییەکان بگرن ، بەڵام کاتێ بۆ پێنجەمین جار سوارە ئێرانییەکان هێرشیان برد گورزێکی ساتور بەر ئانشکی شائیسماعیل کەوت و ئەگەر زرەی لەبەر نەبوایە ، بەدڵنیاییەوە دەستی دەقرتاند . کەرۆملۆ بینی خوێن لەبازوی شائیسماعیل دەچۆڕێ ، دەست بەجێ شای بۆ تیمار کردن بۆ پشت بەرە گواستەوە . پێش ئەوەی دەستی راستی شا



بریندار بێ ، پێی چەپ و دەستی چەپیشی بریندار بوو بوو و هەردوکیان تیمار کرابوون . پزیشکی شا رێگای بە شائیسماعیل نەدا بگەڕێتەوە مەیدانی جەنگەکە ، بەڵام شا پافشاری کرد و وتی:" دەستی ڕاستم لەدەستی چەپم سەلامەتترە و دەتوانم شمشێر بەکاربهێنم " و ئینجا یاڵی ئەسپەکەی خۆی گرت و سەر زینەکە کەوت و بەرەو مەیدانی جەنگەکە کەوتەرێ .

ئەگەرچی تاکتیکی سەربازیی هێزەکانی شائیسماعیل بووە هۆی کوژرانی زۆربەی سەرکردەکان ، بەتایبەتی نیزامەدین ئەمیر عەبدولباقیی وەزیر ، میر سەید شەریف سەدر ، سەید محەمەد کەمونە ، خولەفا بەگ ، ساروبیرەی قورچی باشی ، شاملو و کوڕەکانی ئەلیاس بەگ ، کە راستەو خۆ بەتیری سەربازە عوسمانییەکان کوژران ، بەڵام شا بەجورئەت و شەهامەتی تەواوەوە چووە مەیدانی شەڕەوەو دلاوەری و لێهاتووبی زۆری نواند .

ژمارەیەکی تری سەربازی ئێرانی کوژران و شائیسماعیل داوای لە رۆملۆ کرد تا هەزار سەربازی یەدەك رەوانەی مەیدانی چەقی بەرە بکات ، لەسەرێکی ترەوە و لەکاتێکدا جەنگ لەچەقی بەرەی ئێران دا گەرم بوو بوو ، دیدەوانە عوسمانییەکان شائیسماعیلیان لەسەر گردی فەرماندەیی بەدی نەکرد ، بۆیە گومانیان کرد لە چەقی بەرەکەدا شەڕ بکات ، لەو سۆنگەیەوە کەوتنە جمو جۆڵ بۆ دەستگیر کردنی شائیسماعیل و ئابلۆقەی سوپای ئێرانیان داو خودی شاش کەوتە ناو بازنەی گەمارۆوە . شا کە بۆ شکاندنی گەمارۆکە هەوڵی دەدا ، لە پڕ لاقی ئەسپەکەی بە گڵەکەدا رۆچوو و تلایەوە . دەستەیەك سەربازی عوسمانی پەلاماری دەسگیر کردنیان دا ، بەڵام میرزا سوڵتان عەلی ئەفشار کە لێکچووی

www.pertwk.com



شائیسماعیل بوو ، خۆی وەك شا ناساند[70] و بەدیل گیرا و برایە پێش سوڵتان سەلیم و خزر ئاغا ئات چکن کەیەکێ لە لێپرسراوانی تەویلەی سوپای ئێران بوو ، ئەسپەکەی خۆی دایە شاو برایە پشتی بەرە. بەڵام سوڵتان عەلی ئەفشار لەبەر ئەوەی سوارە تورکەکانی فڕیو دابوو ، سوڵتان سەلیم فەرمانی کوشتنی دەرکرد . ترس لە فەرهەنگی سەربازە ئێرانییەکان دا نەبوو ، بەڵکو بەجەسوری و ملهوڕی و بەردەوام هاواری " اللـەاللـەعەلیعەلـــی " پەلاماری دوژمنیان دەداو گیانی خۆیان دەکردە قوربانی ئامانجەکانیان [71] .

مێژوونووسێکیرۆژهەڵات نووسیوێتی : " ئێرانییەکان بەجۆرێ دەجەنگین و پایدارییان دەکرد کەلەوانە بوو مووی سەری منداڵ لەترسا سپی بێ ( قاتلوا قتالا تشیب منه الاطفال ) ".

پشوودانی سوارەکانی حەسەن بەگ لله تەنها هەر ئەوە بوو کە رەشمەی ئەسپەکانیان دەکێشاو سوارەکان نەفەسێکی تازەیان هەڵ دەمژی . حەسەن بەگ لله و سەربازەکانی دەیانزانی کەپاراستنی قۆڵی باشووری بەرەی ئێران مەسەلەیەکی ژیانییەو بەتێکشکاندنی ئەو قۆڵە ، سوپای ئێران دەشکێ ، سەعات و نیوێك لەنیوەڕۆ تێپەڕی کردبوو ، کاتێ تیرێ بەر چاوی حەسەن بەگ لله کەوت و لەبەر ئەوەی سەری تیرەکە پەڕەپەڕە بوو ، نەدەتوانرا دەربهێنرێ و لەهەمان کاتدا نیزەیەکیشی بەرکەوت و کەوتە خوارەوە و لەسەرە مەرگدا وتی : "ئەی عەلی چاوەڕوانی دیداری تۆم " و مردو تەرمەکەی لەمەیدانی جەنگدا

---

[70] : اسماعیل حقی اوزون چارشلی ، سەرچاوەیەکی پێشوتر ، ل303 . هەروەها نصراله فلسفی ، سەرچاوەیەکی پێشوتر ، ل61 و خانبابا بیانی ، سەرچاوەیەکی پێشوتر ، ل223 وحسن روملو ، سەرچاوەیەکی پێشوتر ، ل195 .

[71] :شاه جنگ ایرانیان در چالدران و یونان ، ص 381 .



بەجێماو بەو جۆرە نەتوانرا تەرمی فەرماندەی قۆڵی باشووری بەرەی ئێران لەمەیدانی جەنگەکە دەربکرێ و بەخاك بسپێردرێ . پاش کوژرانی حەسەن بەگ لله ، شا فەرمانی دا 500 سەربازی پیادە رەوانەی قۆڵی باشوور بکا و ببنە کۆمەکێك بۆ سەربازەکانی ئەو قۆڵەو سەرجەم هێزەکانی ئێران لەو قۆڵەدا خۆی دەدا لە 850 کەس .

یەکێ لە بەرجەستەترین لاپەڕەکانی مێژووی جیهان ، لەو رۆژەداو لە قۆڵی باشووری بەرەی ئێران ، لەنێوان ئەو کاتەی حەسەن بەگ لله کوژرا تا سەعات چواری پاش نیوەڕۆ تۆمارکرا . چونکە بۆ ماوەی 2 سەعات ، 850 سەربازی پیادەی ئێران لەو قۆڵەداو بەبێ کەلو پەلی جەنگی ، پێشیان بە 25 هەزار سەربازی عوسمانی گرت و پاش شەڕێکی سەخت ژمارەیەکیان کوژران و ئەوانی تر لەبەر برسێتی و ماندوبوون ، کەوتنە ئابڵوقەی دوژمنەوەو لەناو چوون . پاش ئەو ڕووداوە ، رۆستەم کلاو چەرمینەی خەڵکی تالش ، مۆڵەتی بەشداری کردنی جەنگی لەشا خواست و ئەویش رازی بوو ، رۆستەم کلاو چەرمینە کە پیاوێکی تێکسمڕاو و بەخۆوە بوو ، گوڕوتینێکی باشی بەخشییە بەرەی باکوورو تەورو گورزی بەکار دەهێنا . کاتێك پشتی لە رۆژئاوا بوو ، تیرێ بەر پشتی کەوت و پاش ئەوە نزیکەی 50 تیری تری بەرکەوت ، بەڵام هەر مەردانە شەڕی کرد تاسەرئەنجام کەوت و پاش ئەو عەلی هەمەدانی هاتە مەیدانی جەنگ و ئەویش پاش شەڕێکی سەخت کوژرا .

شێخ محەمەد حەسەن شەبستەری کە یەکێ لە موجتەهیدە بەناو بانگەکانی ئازەربێجان و هاوڕێی شائیسماعیل بوو ، پاش ئەوەی بینی سوپای ئێران تێکشکاو جگە لە ژمارەیەکی کەم ، هەمویان کوژران ، چووە لای شا و قورئانەکەی خۆی ، کەگوایە بە خەتی عەلی کوڕی ئەبیتالیب نووسراوەو لەکاتی

www.pertwk.com



سەفەردا لەگەڵ خۆی دەیبرد ، دەرهێناو سوێندی شای دا تا شەڕەکە بوەستێنیٚو بڕوا .

شائیسماعیل بەپشت بەستن بە قورئان و خوێندنەوەی جزمی سێهەم ، سورەتی هەشتەم ،ئایەتی پێنجەم ، قورئانەکەی ماچ کردو لای سەعات چواری ئێوارە فەرمانی پاشەکشە کردنی سوپای ئێرانی دەرکرد . بۆیە کاتیٚ لەشکری عوسمانی هەردوو قۆڵی باکوورو باشووری بەرەی ئێرانیان داگیر کرد ، پاشماوەی لەشکری ئێران بەخێرایی پاشەکشەیان کرد و نەیانتوانی باروبنەی خۆیان و لاشەی کوژراوانیان بگوازنەوە . شائیسماعیل خۆی و 1500 سەرباز پاشەکشەیان کرد ، بیٚ ئەوەی کەسیان لیٚ بەدیل بگیریٚ ، بەڵام توانییان 1900 دیلی عوسمانی بگرن .

پاش راکردنی سوپای ئێران لەمەیدانەکانی جەنگ ، سوڵتان سەلیم فرمانی بەسەربازەکانی خۆیدا تا باروبنەی قزلباشەکان لە گۆشەوکەناری مەیدانی جەنگەکە و لەسەر ئێستر و قاترەکان تالاّن بکەن . بەڵام لەبەر ئەوەی شا پیاوێکی زاهد بوو ، سەروەت و گەنجینەیەکی ئەوتۆی نەبوو تالاّن بکریٚ ، ئەگەرچی شاعیر و مێژوونووسە دەمارگیرە عوســـــــمانییەکان بۆ رازی کردنی ســــوڵتان سـەلیم قسەوقسەلۆکی زیادیان سەبارەت بە تالاّن کردنی سەروەت و سامان هۆنیوەتەوە و نووسیووە .

تەنانەت لەچەند نووسراوێکی مێژوویی‌دا ، بەپشت بەستن بە بەڵگەنامە عوسمانییەکان گوتراوە گوایە دووژن بەناوی:" بەهروزە خانم و تاجلی خانم "[72] لەناو ئەودیلانەدا بوون کەکەوتبوونە دەست عوسمانییەکان و لاشەی



[72]: لە شازادە خانم شیروانیی ژنی یەعقوبی ئاق قۆنیلووە کە شوی بە شائیسماعیل کرد .

ژمارەیەك ژنیش لەمەیدانی جەنگدا دۆزراونەتەوە کە بەجل و بەرگ و سازی جەنگەوە شان بەشانی پیاوەکان شەڕیان کردووە .

یەکیٚ لەو بابەتە سەرەکییانەی دەبیٚ ئاماژەی بۆ بکەین ، شیعر و غەزەلە حەماسییەکان و نووسینی مێژوونووسە تورکەکانە کەدەڵێن دووهاوسەری شائیسماعیل لەجەنگەکەدا بەدیل گیران و ژمارەیەك مێژوونووسی ئێرانی و بیانیش ئاماژە بۆئەو پێشهاتە دەکەن ، لەوانە :

1) ساگردوی مێژوونووسی ئیتاڵیا لەکتێبی ئیمپراتۆری عوسمانیدا دەڵیٚ:" لەنێوان کوژراوەکان دا لاشەی ژنانی ئێرانیش دۆزراونەتەوە کە بە جلوبەرگی پیاوانەوە بەشداریی جەنگەکەیان کردووە بۆ ئەوەی بەشداری چارەنووســـی مێردەکانیان بکەن و شانازی بەشداربوونیان پیٚببـــــــڕیٚ .[73]

2) نەسرئیلا فەلسەفی بەپشت بەستن بە مێژوونووسە تورکەکان دەڵیٚ: " ژمارەیەك ژنی ئێرانیش کە بە جل و بەرگی سەربازییەوە و لەگەڵ مێردەکانیان هاتبوونە مەیدانی جەنگ بەدیلی کەوتبوونە دەست سەربازەکانی سوڵتان سەلیم ، لەوانە دووژنی حەرەمی شائیسماعیل بەناوی بەهروزە و تاجلی خانم تێدابون "[74] .

3) نەسرئیلا فەلسەفی دیسانەوە بەپشت بەستن بەسەرچاوەی " انقلاب الاسلام بين الخاص و العام " ی نووسینی محەمەد عارف ( 1307ی هیجری ، نووسخەی دەستنووسی کتێبخانەی میللی ، ژمارە 1308 ،



[73]:نصراله فلسفی ، چند مقاله ادبی ، ص 97 .

[74]: هەر ئەو سەرچاوەیەی پێشوو . ل 96.

www.pertwk.com

ل203 ) ، کەئەمیش بەپشت بەستن بە زانیاری مێژوونووسە تورکەکان نووسیویەتی ، دەڵێ بەهروزە و تاجلی لەجەنگی چاڵدێران دا بەدیل گیران[75] .

4) همو بەپشت بەستن بە ( منجم باشی درصحائف الاخبار ) نووسیویەتی کە ئێرانییەکان هاوسەرەکانیشیان لەگەڵ خۆیان بۆ مەیدانی جەنگ دەبرد تا بوونیان لەمەیدان دا ببێتە مایەی جولاندنی غیرەت و خۆشەویستی بەخشین بە سەربازەکان "[76]

5) نەسرئیلا فەلسەفی جارێکیتر بە ئاماژە بۆ سەرچاوەی﴿تاریخ عالم ارای شا اسماعیل (ل527) ﴾ دەنووسێ : " لەجەنگی شائیسماعیل و سوڵتان سەلیم دا ژنێکی نیقاب بەسەر ،بەشمشێر لەدژی تورکەکان دەجەنگی ، ئەویش ناوی تاجلوبەگمی ژنی شێخ ئوغلو شائیسماعیل بوو ، سوڵتان سەلیم هەوڵیدا دەسگیر بکرێ بەلام ، نەیانتوانی " .

6) دکتۆر محەمەد ئەمین رەیاحی لە ( تاریخ خوی ل92 ) دا دەڵێ : "تاجلی بەدیل گیرا ، بەلام توانی لەدەست تورکەکان رابکات " .

7) (لە تاریخ عثمانی ، ج 2 ) ، لە داگیرکردنی ئەستەمبول تا مردنی سوڵتان سەلیمی قانونی ، فەسلی بیستەم ، ل303 دا هاتووە : " تاجلی خانم ، سوگلیی حەرەمی شا لەلایەن سەربازەکانی مەسیح بەگ و سنجق بەگەوە بە دیل گیرا " .

8) لەشوێنێکی تردا نەسر ئیلا فەلسەفی دەڵێ : " تاجلی خانم ، پاش ئەوەی لەلایەن مەسیح پاشازادەی سەرداری تورکەوە بەدیل گیرا ،



[75]: هەر ئەو سەرچاوەیەی پێشوو . ل 61.

[76]: هەر ئەو سەرچاوەیەی پێشوو . ل 96.

بەبەخشینی جووتێ گوارە خۆی رزگار کرد و بەجلوبەرگی پیاوانەوە لەئوردوی دوژمنەوە بەرەو تەورێز رای کرد " .

هەروەها مێژوونووسە ئێرانی و بیانییەکانیش دەربارەی بەدیل گیرانی ژنانی ئێران لە جەنگی چاڵدێران دا بەم شێوەیە نووسیویانە :

1 – بەشداری ژنانی ئێران لە جەنگەکان دا بۆ بزواندن و هاندانی پیاوان بەڵگەی ئەوە نییە لە جەنگی چاڵدێراندا کاتێ دوژمن جێ پێی خۆی لەناو خاکی ئێراندا خۆش کردبوو ، دیار بەکری داگیر کردبوو و نیازی پەلاماردانی قەرەباخ و تەورێزیشی هەبوو ، هیچ جۆرە زانیارییەکی ورد دەربارەی دوژمن نەبووە تا پیاوانی ئێران ژنان لەگەڵ خۆیاندا ببەن . چونکە لەکاتێکدا دوژمن بە 200 هەزارسەرباز و تۆپ و تفەنگەوە هاتبوونە مەیدانی جەنگ ، ئێرانییەکان تەنها 27 هەزار کەس بوون بەبێ کەلو پەلی سازی جەنگ . کەواتە چۆن ئەقڵ پێی ئەشکێ ئێرانییەکان ژنەکانیان بۆ شەڕێکی نابەرابەری لەو جۆرە لەگەڵ خۆببەن !

2– لەشوێنێکدا وتراوە ژمارەیەك لاشەی ژن بەجل و بەرگی پیاوانەوە دۆزراوەتەوە و لەسەرێکەوە دەڵێن ژنێکی نەقابدار بەناوی تاجلی بەدیل گیراوە ئایا گومان دەکرێ لە جەنگێکدا محەمەد خان ئەستاجلو نەتوانێ شتێ بەشتێ بکا ، ژنێکی نەقابدار ، کە بەرپێی خۆی نابینێ ، بتوانێ بۆ تارومار کردنی دوژمن بچێتە مەیدان ؟

3 – هەندێ لە مێژوونووسان وتویانە : ژنەکەی شائیسماعیل بەدیل گیراو پاش فدیە دان ، گەڕایەوە ئێران . بەلام خۆ ئەو ژنە چەند مەترێ لەئێرانەوە دوور نەبوو تاپاش ئازاد کردنی بتوانێ ماڵی خۆیان

www.pertwk.com

بدۆزێتەوە . ئایا ئەگەری ئەوە هەیە ژنێکی غەریبە سەدان کیلۆمەتر ببڕیٚ و بەتەنهایی لەناو ئەو هەموو دوژمنە و بەبیٚ پارێزگاریٚ ، کێوو بیابان ببڕیٚ و بگەڕێتەوە لای مێردەکەی ؟ لەوانەیە ئەو مەسەلانە وای کردبیٚ تابچووکی بکەنەوە و بڵێن : دەیانویست ئەو ژنە نەقابدارە بگرن بەڵام نەیانتوانی .

4 – هەروەها ژمارەیەکی تریان زیادە ڕۆییان کردووە و وتویانە : سوڵتان سەلیم بەهرۆزە خانمی بەژنی داوەتە چەلەبی ، کەقازی‌یەکی بەناوبانگ بوو ، بەڵام پاش دوو مانگ لەبەر ئەوەی چەلەبی دەستی لە یاخیبوونەکەی ئاماسی‌یەدا هەبوو ، شا دانی بەوەدا نا کە بەهرۆزە ئەوی لەخشتە بردووە ، بۆیە فــەرمانی کوشتنی‌دەرکرد.بەڵام ســــەلیم گالیسکەیەکی ئەسپی و نۆ خزمەتکار ودەستەیەك غولام و 5 هەزار ئاقچە[77] دراوی عوسمانی بۆ بەهروزە خانم ناردووە ودڵنیای کردووەتەوە[78] .

5– مێژوونووسەکان دەڵێن ئێران دیلی نەبووە ، بەڵام دیلیان گرتووە ، کەواتە کەی مەعقولە لەمەیدانی جەنگ و لەشەڕە ڕوبەڕووەکان دا عوسمانی‌یەکان نەتوانن دیل بگرن ، بەڵام لەپشتی بەرە بتوانن دیل بگرن و ئەوانیش حەرامسەرای شا ، نەك کەسانی تربن .

6– لەکتێبی ( شرح جنگها وتاریخ زندگانی شاه اسماعیل صفوی ( ل363) هاتووە کەشائیسماعیل سیٚ ژنی هەبووە: یەکیٚ لەهەمەدان و دووانی تر

[77]: ئاقچە – پارەی زێڕ یان زیو .

[78]: نصرالله فلسفی ، سەرچاوەیەکی پێشوتر ، ل118 .



لەئەسفەهان و هەرسێکیان لەوکاتەدا دووگیان بوون . مێژووی پاشتر ئەو راستی‌یە دەسەلمێنن ، چونکە شائیسماعیل هەر کە گەیشتە دەرگەزین یەکسەر پرسەی گشتی راگەیاند و ئاڵای پەرچەمەکان رەشکران و لەسەر هەموویان وشەی ( قصاص ) نووسرا . هەرئەوکاتە یەکیٚ لەژنەکانی شاکوڕێکی بوو کەناوی ( القصاص )یان لێنا و پاشان ناوبانگی بە (( قصاص میرزا )) دەرکرد ( نصراله فلسفی ، ل 119 ) . پاشـــان هەرخودی نەسر ئیلا فەلسەفی بەپشت بەستن بەچەند وتەیەك ( ل 13) ئاماژە بۆئەم مەسەلەیە دەکا کە هەواڵی بەدیل گیرانی ئێرانی‌یەکان نەبووە و دووپاتی دەکاتەوە کە ئەوانە وتەی مێژوونووسە عوسمانی‌یەکانن . بۆیە ئەگەر بوونی تاجلی‌خانم لە چاڵدێران راست بیٚ و پاش شەڕەکان ونبووبیٚ ، بەڵگەی ئەوە نی‌یە بەدیل گیراوە چونکە لە ( تاریخ خوی ، ل 91 ) دا هاتووە کە تاجلی خانم ون بووەو لەخوی چووەتە لای مەلەك بەگی خویی ، کەجوتیارێکی سادە بووە ، ئەویش شا ژنی بردووەتە لای شا .

لە هەندیٚ سەرچاوەی مێژوویی دا نووسراوە کە تاجلی خانم لەلایەن میرزا حەسەن میعمار ئەسفەهانی‌یەوە لە دەرگەزین پێشکەش بەشا کراوەو لەپاش ئەو خزمەتە پۆستی باڵای وەزارەت و چاودێری دیوانی شای وەرگرتووە . هەروەها مەلەك بەگی خویی لە زەمانی تەهماسپ شادا پلەی ئەمارەتی بەدەستهێنا . کەواتە ئەگەر ئەو سەرچاوانە راست بن ، دەردەکەویٚ کەهیچ ژن و پیاوێکی ئێران لە جەنگی چاڵدێران بەدیل نەگیراون و هەرچی روویداوە تێکڕا شەهامەت و حەماسە خوڵقاندن بووە ، چونکە هێزی پشتیوانی و چادرەکەی شائیسماعیل لەسەر گردۆڵکەکانی رۆژهەڵاتی چاڵدێران بوون و پیٚ‌ی عوسمانی‌یەکان هیچ

www.pertwk.com

کات نەگەیشتە پشت بەرەی شائیسماعیل ، تەنانەت هێندە لە هێزە شکاوەکەی شائیسماعیل دەترسان ، بەجۆرێ سوڵتان سەلیم مۆڵەتی نەدا لەشکری عوسمانی دوای هێزە پاشەکشە کردووەکەی ئێران بکەوێ .

شائیسماعیل کەڕازی نەبوو شەوانە پەلاماری تۆبخانەو لەشکری دوژمن بدرێ ، چونکە ئەو کارەی بەپێچەوانەی پیاوەتی و دلاوەری لەقەڵەم دەدا ، ئەبێ چۆن رازی بێ ژنان لە چاڵدێران ئامادە بن و بەشداری جەنگ بکەن . ئەبێ ئەوەش بزانین شائیسماعیل شیعەیەکی توندڕۆ بوو و ئاگاداری حەرامبوونی بەشداری ژنان لەجەنگدا بووە، جگە لەوانە بوونی موجتەهد شەبستەری و سەید سەدرەدین شیرازی ، قازی عەسکەر قەڵەمێکی سوورە لەسەر ئەو ئیدیعایانەی بیانیەکان .

ئەگەر واش بووایە شائیسماعیل لەو نامەیەدا کەلە دەرگەزینەوە بۆ سوڵتان سەلیمی نووسی بە دڵنیایی ئاماژەیەکی بۆ ئازاد کردنی ژنەکەی دەکرد ، بەڵام وانەبوو .

سەرەنجام قۆڵی چەپی سوارە نیزامی لەشکری عوسمانی بەدەستی هێزەکانیئێران و قۆڵی راستی قزلباشەکان بەدەستی عوسمانییەکان تێکشکان . لەسوارە قزلباشەکان محەمەد خان ئەستاجلو ، سارووبیرە قۆرچیباشی ، حسێن بەگ للەی حاکمی خوراسان[79]، میر عبدولباقی وەکیلی سەلتەنەت ، میر سەید شەریف ، سەدر قازی عەسکەر، خولەفابەگ حاکمی بەغدا ، سەید محەمەد کەمونە ، نەقیبولئەشرافی نەجەف ، سوڵتان عەلی بەگ ، حەمزە بەگ کوسە ، سەردار بەگی حاکمی بەردەعە و گەنجەو برای ئەغەر نوار خانی حاکمی موغان



[79]: رحیم زادە صفوی ، سەرچاوەیەکی پێشوتر ، ل 227 و 363 .

کوژران . هەروەها لە سەردارە عوسمانییەکان حەسەن پاشایئەمیرولئومەرای رۆم ئیلی ، حەسەن ئاغا سنجق بەگی مورە ، عەلی بەگ مالقوچ ئۆغلو ، سنجق بەگ سوفیە ، نور عەلی بەگی سنجق بەگ سلستری ، سلێمان بەگی سنجق بەگی کوڕی بەرزندە ، محەمەد بەگ سنجقبەگ قەرەسی ، ئۆیس بەگ سنجق بەگی قەیسرییە ، ئەسکەندەر بەگی یوسف ئۆغلوی سنجق بەگ نیکویی ، قارلی ئۆغلو سنجق بەگ شەهری ، مستەفابەگ میخال ئۆغلو و سنجق بەگ کوژران .

پاش رۆژئاوابوون ، شائیسماعیل بە 23 هەزارو 500 کوژراوو بێدانی دیل و گرتنی 1900 دیل لە دوژمن لەمەیدانی جەنگ دەرکەوت . دەوترێ گوایە ژمارەیەك سەرکردەی لەشکری عوسمانی ویستیان دوای هێزەکانی ئێـران بکەون ، بەڵام سوڵتـان سەلیم نەیهێشت ، چونکە بەهۆی ئەو بەدگومانییەی تێی کەوتبوو ، لەو کاتەدا وایدەزانی لەوانەیە قزلباشەکان تەکبیرێکیان کردبێ ، بۆیە بۆ دواکەوتنی قزلباشەکان رازی نەبوو ..

شکستی چاڵدێران ئاسەوارێکی قووڵی لە رۆحیەتی شائیسماعیل ، کەتائەو رۆژە تامی چەندان سەرکەوتنی یەك لەدوای یەکی چەشتبوو ، بەجێهێشت ، تەنانەت هەندێ کەس دەڵێن شا روی لەمەی خواردنەوەش کرد و پاش مردنی سوڵتان سەلیم تەنها 4 ساڵ ژیـاو[80] زۆر هەوڵی قەرەبوو کردنەوەی ئەو شکستەی چاڵدێرانی دا ، بەڵام رۆژگار بواری پێنەدا و ساڵی 930 ی ه .ق کاتێ شای سەفەوی بۆ راووشکار چوبووە ویلایەتی شەککی نەخۆش کەوت و لەرەجەبی هەمان ساڵدا و لەتەمەنی 38ساڵیدا لەسـەراب مرد و لەئەردەبیـــل نێژرا .



[80]: نصراله فلسفی ، زندگی شاعباس اول ، ج 2 ، دانشگاه تهران .

www.pertwk.com

**شائیسماعیل 9 نەوەی لەپاش خۆی بەجێهێشت ، پێنج کچ : 1- خانش خانم 2- پەریخان خانم 3 – مەهێن بانو سوڵتانم 4- فەرەنگێس 5- زەینەب خانم و چوار کوڕ:**

**1- تەهماسپ میرزا 2- سا میرزا 3- ئەلقاس میرزا 4- ئەبولفەتح بەهرام میرزا .**

**پاش جەنگی چاڵدێـران ، سوڵتان سەلیم هاتە تەورێـز ، بەڵام لەبەر ئەوەی لەهێزەکانی ئێـــران تۆقیبوو، نەیتوانی زۆر لەوێ بمێنێتەوەو پاش ماوەیەکی کەم ئێرانیبەجێهێشت. مێژووی ئێران لەسەدەی نۆیەمی کۆچی دا ، کەسەردەمی پێش هاتنە سەرکاری بنەماڵەی سەفەوی دەگرتەوە ، زۆر ناڕێك و لێڵە، بارودۆخی وڵات پڕ لە ئاشوب و گێرمەو کێشە بوو و هەمیشە هەڕەشەی بیانی لەلایەن تورك و تورکمانەکانەوەی لەسەر بوو. بۆیە لەگەڵ هاتنە سەر کاری سەفەوییەکاندا شائیسماعیل خزمەتێکی گەورەی کردو توانی لەماوەیەکیکورت دا نەك تەنها ئێران لە ئاژاوەو جەنگی ناوخۆ و مەترسی بیانی رزگار بکا ، بەڵکو بناغەی یەکێتیی سیاسی ئەمڕۆی ئێران داڕێژێ و ئێرانی کردە یەکێ لەوڵاتە مەزنەکانی دنیای ئەو رۆژگارە .**

**ئەو گۆڕانە گەورەو بەرفراوان و جێگیرە که شەهریاری سەفەوی لە ئێراندا هێنایە دی ، بایەخ و کەسایەتی ئەو پیاوە گەورەیە لەمێژوودا نیشان دەدا . شائیسماعیل زۆر جەنگی کردو لەهەموویاندا سەرکەوتنی بەدەستهێنا ، جگە لەتاقە شکستی چاڵدێران نەبێ ، کەهۆیەکەی کەمیی هێزو کەلوپەلی نابەرابەری جەنگیی بوو .**



**شائیسماعیل پاش شکستەکەی چاڵدێران هەمیشە لە هەوڵی تۆڵە کردنەوەدا بوو هەروەها ئەگەر چی 4 ساڵ پاش مردنی سوڵتان سەلیم ژیا ، بەڵام بەهۆی سەرقاڵبوونی بەکێشەی قۆڵی رۆژهەڵات و کوردستان و شتیترەوە ، ئەو هەلەی بۆ نەرەخسا و هەمیشە جلی رەشی لەبەرکردو عەمامەی لەسەر دەناو هەر لەسەر فەرمانی ئەو سەیدەکان رەشپۆشبوون و لەسەر ئاڵا رەشەکانیان وشەی ( القصاص) یان نووسی . شائیسماعیل دەمارگیرییەکی تایبەتی بۆ بڵاوکردنەوەو پەرەپێدانی شـــیعە هەبوو . شائیسماعیل رۆژگارێك دەرکەوت کەگێرمەو کێشە سەرتاسەری ئێرانی گرتبووەوە ، خان و خانبازی باوبوو ، لەهەر گۆشەو کەنارێکی وڵاتدا هۆزو عەشیرەتێك حوکمی دەکردو سەرۆکی هـۆز بەئارەزووی خۆی خەڵکی دەکوشت و دەبـــڕی ! ....**

**پاشای سەفەوی خاوەن خویەکی بەخشندەو هیممەتێکی باڵا بوو ، لەکاتی جەنگ دا پاڵەوانێکی شمشێر بەدەست و تیغ وەشێن بوو ، لەکاتی پشوو و بێ کاریدا دەبووە سۆفییەکی خۆش مەشرەب . وردبینییەکی زۆری بەخەرج دەدا ، بەتایبەتی پاش سەرکەوتنەکان تاسەربازەکانی زوڵم و ستەم لەخەڵك نەکەن و هەمیشە هانی سەربازەکانی خۆی دەدا تاپەیڕەوی لەدادپەروەری بکەن . شائیسماعیل نوێژو خواپەرستیو ئەرکە مەزهەبییەکانی تەرك نەدەکرد و ئەحکامە دینییەکان ، بە تایبەتی کردنی چاکەو خۆ پاراستن لەخراپەی بەتوندی رەچاو دەکرد . هەربۆیە لەکاتی پاشایەتی ئەو دا ، سەرباری ئەوەی ئێران هەمیشە مەیدانی جەنگی جیاجیا بوو ، بەڵام هاووڵاتیان لەخۆشیو ئاسایش دا ژیانیان بەسەر دەبرد و زۆرداری و دەستدرێژی کردنە سەر مافی**

www.pertwk.com

خەڵك قەدەغە بوو ، جگە لە قەدەغە کردنیدیاردەی وەرگرتنی سەرانەی جۆراو جۆر .

## ســــــەرچاوەکان


1. روملو ، حسن . أحسن التواريخ ، به سعی وتصحيح چارلس نارمن سيدن ، تصحيح عبدالحسن نوايی ، انتشارات بابک ، 1357 .
2. خواندمير ، غياپ الدين ، حبيب السير ، ج4 ، تهران ، کتابخانه قيام ، 1333 .
3. واله أصفهانی ، محمد يوسف . خلدبرين ، بەکوشش ميرهاشم محدپ ، تهران ، بنياد موقوفات دکتر محمود افشار ، 1372 .
4. قزوينی ، ابوالحسن . فوائد الصفويه ، تصحيح دکتر مير أحمدی ، تهران ، مؤسسة مطالعات و تحقيقات فرهنگی ، 1367.
5. مير أحمدی ، مريم . دين ودولت در عصرصفوی ، تهران ، انتشارات امير کبير ، 1369 .


[81]: حبيب شاملو ، تاريخ ايران ازماد تاثهلوی ، انتشارات بنگاه ، مطبوعاتی صفی عليشاه ، بهمــن 1347 ، چابخانه کاويـــان ،پهلوی. ل 617 – 620 .

www.pertwk.com

6. میرخواند ، میر محمد بن سید برهان الدین . روضة الصفا ، نصراله صبوحی ، انتشارات خیام ، ده‌جلد ، شهریور 1339

7. رحیم زاده صفوی ، شرح جنگه و تاریخ زندگانی شاه اسماعیل صفوی ، تهران ، چاپ افست گلشن ، 1341 .

8. بیانی ، خانبابا . تاریخ نظامی ایران ، جنگهای دوره صفویه ، تهران ستاد بزرگ ارتشتاران ، تهران ،1353 .

9. اشتن متز ، جون بارک . شاه جنگ ایرانیان در چالدران و یونان ، ترجمه ذبیح الله منصوری ، انتشارات مجله خواندنی ها ، 1343 .

10. طاهری ، ابوالقاسم . تاریخ سیاسی و اجتماعی ایران ، تهران ، شرکت سهامی کتابهای حبیبی { باهمکاری موسسه انتشارات فرانکلین } ، 1349 .

11. سومر ، فاروق . نقش ترکان اناطولی در تشکیل و توسعه دولت صفوی ، ترجمه دکتر احسان اشراقی و دکتر محمد تقی امامی ، تهران ، نشر گستره ، 1371 .

12. هینتس ، والتر . تشکیل دولت ملی درایران ، ترجمه کیکاوس جهانداری ، تهران خوارزمی ، چاپ دوّم با تجدید نظر ، دیماه 1341.,

13. باستانی پاریزی ، محمد ابراهیم ، سیاست و اقتصاد در عصر صفوی ، تهران صفی علیشاه ، چ چهارم ، 1347 .

14. زرگری نژاد ، غلامحسین ، تاریخ سیاسی اجتماعی بعد از اسلام ، دفتر تحقیقات و برنامه‌ریزی درسی وزارت اموزش و پرورش ، شرکت چاپ و نشر ایران .

15. فهرست راهنمای اسناد صفویه ، مدیریت پژو هش تحقیقات سازمان اسناد ملی ایران . تهران ، 1349 .

16. سفرنامه کرونسنیسکی ، یاداشت های کشیش لهستانی عصر صفوی ، ترجمه عبدالرزاق دنبلی مفتون ، تصحیح ومقدمه مریم میر احمدی ، تهران ، توس ، چاپ اول ، 1363 .

17. فلسفی ، نصراله . چند مقاله تاریخی و ادبی ، انتشارات وحید ، تهران ، 1348 .

18. خوانمیر ، امیر محمود . ایران در روزگار شاه اسماعیل وشاه تهماسب صفوی ، بکوشش غلامرضا طباطبايي ، تهران ، بنیاد موقوفات دکتر محمود افشار ، 1370 .

www.pertwk.com


.19 اوزون چارشلی ،
اسماعیل حقی . تاریخ عثمانی ازفتح استانبول تا مرگ سلطان سلیمان قانونی ، ترجمه دکتر وهاب ولی ، تهران ، ج2 ، مؤسسة مطالعات وتحقیقات فرهنگی .

.20 فلسفی ، نصراله .
زندگانی شاه عباس اول ، ج2 تهران ، دانشگاه تهران ، خرداد ماه 1347 .

.21 شیبانی ، نقام الدین
مجیر. تشکیل شاهنشاهی صفویه و احیاء وحدت ملی ، تهران ، دانشگاه تهران ، 1346 .

.22 گرانتوسکی و دیگر
نویسندگان روس . تاریخ ایران از دوران باستان تا پایان سده هیجدهم میلادی . ترجمه کریم کشاورز ، تهران ، پیام ، 1353 .

.23 باستانی پاریزی ،
محمد ابراهیم ، شاه منصور ، ( پهلوان گرز هفده من ) تهران ، ابن سینا ، 1334 .

.24 مینورسکی ، سازمان
اداری حکومت صفوی ، ترجمه مسعود رجب نیا ، تهران ، ابن سینا ، 1334 .

.25 ریاحی ، محمد امین .
تاریخ خوی ، تهران ، توس ، 1372 .

.26 مدرس طباطبایي ،
حسین ، فرمان های ترکمانان قراقویونلو و اق قویونلو . قم ، حکمت ، 1352 .

.27 تاج بخش.أحمد،تاریخ
صفویه انتشارات نوید شیراز، 1373

.28 نوایی ، عبدالحسین ،
اسناد ومکاتبات تاریخی ایران ، تهران ، بهمن 1354 .

.29 ترابی طباطبایي ،
سید جمال . سکه‌های اق قویونلو ، وحدت حکومت صفوية در ایران .

.30 اراسلی ، حمید . شاه
اسماعیل خطائی س س علمليرا کادمیاسی رة داقتوری ، ضاث علم ، نشریاتی بایي ، 1972 .

.31 بررسی های تاریخی
، شمارة 4 ، شمارة مسلسل 65 ، مهر – ابان ، 1355 .

.32 دبیر سیاقی ، سید
محمد . تذکرة الملوك ، سازمان اداری حکومت صفوی با تعلیقات مینورسکی بر تذکرة الملوك ، ترجمة مسعود رجب نیا ، تهران ، امیر کبیر ، 1347 ، 1334 .

www.pertwk.com

33. مرتضوی ، منوچهر .
مسائل عصر ایلخانان ، تهران ، اگاه ، بهمن ماة 1358 .
34. ابن بزاز اردبیلی .
صفوة الصفا ، بامقدمة وتصحيح غلامرضا طباطبايي مجد ،
تبريز ، ناشر مصحح ، 1373 .
35. براون ، ادوارد .
تاریخ ادبیات ایرانی از صفوية تاعصر حاضر ، ترجمة
بهرام مقدادی . تهران ، مروارید ، 1369 .
36. شاملو ،حبیب ،
تاریخ ایران از ماد تا بهلوی ، تهران ، صفی علیشاه ،
1367 .
37. عالم ارای شاه اسماعیل . با مقدمة و تصحيح وتعليق اصغر
منتظر صاحب ، { مجموعة متون فارسی زیر نظر احسان یار
شاطر } تهران ، بنگاه تهران ونشر کتاب ، 1349 .
38.اسكندر بيك تركمان . تاريخ عالم ارای عباسی ، ج 1 ،
تهران ، امیر کبیر ، 1363 .
39.مزاوی ، میشل . ثیدایش دولت صفوی ، ترجمة يعقوب آ ژند
، شرکت افست ضاث اول ، 1363 .
40. جعفريان . رسول .
دین ودولت دورة صفوی ، قم ، انصاریان ، چاپ اول ،
1370 .
41. ملکم ، سرجان .
تاریخ ایران ، ترجمة میرزا حیرت ، تهران ، دنیای کتاب ،
1362 .
42. راوندی ، مرتضی .
تاریخ اجتماعی ایران ، تهران ، امیر کبیر ، 356 .
43. مشکور ، محمد جواد
. تاريخ ایران زمین از روزگـار باستان تا انقراض قاجاريه
، تهران ، اشراقی ، 1372 .

www.pertwk.com